دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان

نێوەندی توێژینەوەی شانۆی کولتوریی

ناوی کتێب: لابۆری شانۆی لالش
نووسینی: : عەواد علی.. عەواتف نەعیم.. د. ئیبراهیم ئەلفەو.. د. عەقیل مەهدی.. د. مەیمون ئەلخالدی و کۆمەلیک نوسەریتر
بابەت: وتاری شانۆیی
دیزاین: ئارام عەلی
تیراژ:
نرخ:
چاپی یەکەم: دەزگای جەمال عیرفان، ساڵی ٢٠١٤
کوردستان – سلێمانی

# گەڕانێکی تری ئەزموونکارانە

**شۆڕش محمد حسێن**

لە کۆتایی هەشتاکانەوە بۆ سەرەتای نەوەدەکان هەردوو هونەرمەندی ئەزموونکار (شەماڵ عومەر و نیگار حەسیب قەرەداغی) سەرقاڵی گەڕانێکی دیکەی ئەزموونکارانە بوون، کە جەختی دەکردە سەر کۆنسێپتی (کلتورفیزیکی) وەکو ئەڵتەرناتیفێک بۆ کۆنسێپتی (سایکۆفیزیکی) . لەساڵی 1992 هەتا ساڵی 1998هەردوو هونەرمەند لە گەڕانێکی تردا بەرەو پرۆسێسێکی ناتەباو جودا لەبارەی تەکنیکەکانی بەرجەستەکردن هەنگاویان نا کە بە (کلتوری پرفۆرماتیفی) ئاماژەیان پێدا و تیایدا دەرئەنجامی ئەزموونەکانی پێشویان قوڵتر کردەوە بۆ خوڵقاندنی کۆمەڵێک پرسیای پراکتیکی لەمەڕ کێشەکانی گوتاری جەستە لە شوێنکاتدا. لەوساڵانەشدا کۆمەڵێ ئەزموونی پێرفۆرمانسیان لە نەمسا و وولاتانی تری ئەوروپا بە سەرکەوتنێکی لەبەرچاو بە ئەنجام گەیاند، لە وانەش: داستانی چاوەڕوانی، وڕێنەی دوا جەنگ، خەونێک لە ئۆقیانوسی چوارەمدا، چاوەڕوانی، بەشێک لە مەملەکەتی لم، شیر+ هەنگوین، دووبارە بەهەشت ئێستا.

بەئامانجی پتر گەڕان و توێژینەوەی پراکتیکی هەردوو هونەرمەند لە ساڵی 1998 لابۆری شانۆی لالشیان لە ڤییەنای پایتەختی نەمسا دامەزراند. لەساڵی 2000 وە لابۆری لالش توانی بنکەی

جێگیری خۆی وەکو هۆڵێکی شانۆیی و لابۆرێکی هەمیشەیی لە ڤییەنا دابمەزرێنێت ئەمەش لەپێناوی گەڕان و دۆزینەوەی (مەعریفەی دەنگ )دا لەڕێگەی ئاهەنگساز ، چاودێری هاوبەش، پێکگەیشتنی پێرفۆرماتیفی ، لەبری چەمکە باو وناسراوەکانی شانۆ وەک " ئەکتەر ، دەرهێنەر ، نمایشی شانۆیی ". ئەم چەمکە تازانەش گەمەیەکی لینگویستیکی ڕووت نین، بەڵکو لە پەیوەندییەکی زیندووی میتۆدی و پراکتیکیەوە بەکار دەخرێن و تایبەتمەندیەکانی ئەزموونی شەماڵ و نیگار لە خۆ دەگرن.

شانۆ وەک چالاکییەکی داهێنەرانەی مرۆڤ ، لەتێگەیشتنی لابۆری شانۆی لالشدا شوێنێکی هەمیشەییە بۆ پرۆسەی گۆڕان (التحول). بەواتای ئەوەی هەمیشە پرۆسەی گۆڕان لەسەر چەند ئاستێکی جیاواز تیادا رودەدات.

-1 لەڕێگەی پرۆسەی نواندنەوە ، واتە ئەکتەر بەنواندنی کەسان و فیگور و بونەوەر و شتی تر هەڵدەستێ ، لابۆری شانۆی لالش هەر لەسەرەتاوە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەم پرۆسێسی گۆڕانە کاری کردوە.

-2 گۆڕانی دووەم لەڕێگەی گریمانەکردنی تەکنیک و پرۆسەی هونەری ترەوە کە لەدەرەوەی کردەی جەستەیی ئەکتەرەوە بەئاکام دەگات . بەواتای ئەوەی کە بونەوەرە بکەرەکە دەبێتە بەشێک لە پرۆسەی ئەفراندن وەک ئەوەی لەڕابردو ڕوویداوە و و لەئێستاشدا ڕودەدات.

-3 گۆڕانێکی تریش لە ئارادایە ، کە ئەویش بریتیە لەو گۆڕانەی کە لابۆری شانۆی لالش پێیگەیشت و بریتیە لەو گۆڕانەی کە

توانستی زیندووی بکەرەکە لە پانتاییەکاندا بەرجەستەی دەکات، ئەمەش وەک کردارێکی ئیرادییانەی خۆیی و هەڵبژاردە لەپێناوی دۆزینەوەی گەورەترین ئاستی ووزە و تێپەراندنی (چۆنایەتی) و گەیشتن بە (جۆرایەتی) .

بەواتای ئەوەی بونەوەرە زیندووەکە دەبێتە خودێکی سەربەخۆ و تەواوەتی، لێرەوە ئەو بونەوەرە بکەرە وەک دژ و ئەلتەرناتیفی تەواوی کرداری ئەکتەر خۆی دەناسێت و دەردەکەوێت، چونکە ئەو نوێنەرایەتی هیچ بونەوەرێک ناکات وهیچ شتێکیش لەدەرەوەی خودی خۆی نمایش ناکات، لێرەشدا ئەو بکەرە کردارە مرۆییەکان وەک مرۆڤێکی ئامادە لە شوێنکاتدا بەدیدەهێنێت . لێرەشەوە پرۆسەی (دەقئامێزی) و (نوێنەرایەتی) لەناودەچێت.

شەماڵ و نیگار ئاماژەی ئەوە دەکەن کە شانۆ و دەستکەوتەکانی لە مێژووە درێژەکەیدا دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە دەکرێت شانۆ دەست بەرداری هەموو ئەو شتانە بێت کە بۆ بەدیهێنانی پرۆسەی شانۆیی پێویستی پێی نییە و دەتوانێت بیکاتە دەرەوە بەتەنها جەستە نەبێت .... بۆچی ؟ چونکە جەستە خودی مرۆڤە. بۆیە لە لابۆرەکەماندا ئەم پسپۆرییە بەدەست هاتووە بە (پەرستنی جەستە) ناوزەددەکەین و ئەم پەرستنی جەستەیەش لە داڕشتەو شێوە جیاوازەکانی دا بەتایبەت لە ئەزموونەکانی ئەم دواییەدا یەکێک لە گرنگترین سەرچاوە ئەندامیەکانی مرۆڤی لەبیرکردووە کە ئەویش دەنگە .

لابۆری شانۆی لالش وادەبینێت کە تەنها جوڵە تاکە هەڵگری مێژووی کەسێتی نییە ، یاخود وەک شانۆی ئەمڕۆ بە تاکە

پاڵنەرێک بۆ کردارەکانی جەستە دەبیبنێت. بەڵکو دەنگیش هەڵگری مێژووی کەس و یادەوەری و ئامادەگییەکانیەتی ،
مەبەست لە دەنگ ئەو بەکارهێنانە تەکنیکیە جیاوازانە نیە کە لە شانۆی دیالۆگئامێزی و ئۆپێرا و شانۆی لیریکی مۆزیکی و تەنانەت ئەو ئەزمونە شانۆییە نوێنانەش کە دەنگ تیایدا لە بوار و بەهاریکاری ئامرازی تەکنەلۆژی بە ئاکام دێت .
دەنگ و گۆرانی لە چەمک و بەکارخستنی لابۆری شانۆی لالش دا بەئامانجی قوڵکردنەوەی کردەی دراماتیکی و تەنانەت بە ئاراستەی مۆنتاژکردنی دیمەنەکان و بەمەبەستی ڕووەو نامۆکردنی پرۆسەی شانۆیی کاری پێناکرێت ، بەڵکو شەماڵ و نیگار لە لابۆرەکەیاندا هەولّی ئەوەیان داوە کە سەرجەمی ئەم تەکنیکانە و شێوازە کۆن و تەنانەت هەنوکەییەکانیش تێپەڕێنن
لێرەوە لابۆری شانۆی لالش دەچێتە نێو سەرکێشییەکی دەنگییەوە کە بە پرۆسەی (دەنگ وەکو سەرچاوە) ناساندویەتی.
دەنگ وەکو سەرچاوە و پاڵنەرێک بۆ خستنەکاری جەستە ، سەرچاوەیەک بۆ ڕوداوی فیزیکی و بونیادنانی ریتم و ڕوداو ...
گۆرانیش لێرەدا بەتەنها بەمانای ئەوە نایەت کە گۆرانی بوترێت ، بەڵکو بەواتایەکی تر، کردنی گۆرانیە بە حاڵەتێکی بینراو ، واتە (بەبینراو کردنی دەنگ) . دەنگ لێرەدا تەفسیری ڕوودواو ناکات ، بەڵکو خۆی خودی ڕوداوەکەیە ، ئەتمۆسفێرە شانۆییەکە پێک ناهێنێت بەڵکو خۆی خودی ئەتمۆسفێرەکانە . ئەم پرۆسەیە بەمانی ئەوە نی یە کە ووشە و ڕستە و ناوەڕۆکی گۆرانی بە جووڵە و لە پانتاییدا بەرجەستە بکرێن، هەروەها لەتەک ئەمەشدا لە دەرەوە

وێنەی جۆراوجۆر بەسەر پێکهاتە دەنگییەکاندا ناسەپێنرێت. کەواتە هەروەک چۆن دەنگ خۆی خودی ڕوداوەکەیە ، هەر بەو شێوەیەش کۆریۆگرافی جەستە بەئاکام دەهێنێت و هەر خۆشی واتە دەنگ دەبێتە سەرچاوەی داڕشتنەوەی پانتاییەکان و خۆڵقاندنی کەرەستە و ماتریالەکانی. هەر ئەم پرۆسە دەنگییەشە (لە سەرەتای نەشونما و پێگەیشتنیەوە تا دەگاتە ئەکتسیۆنێکی بە ستروکتورکراو کە قابیل بە دووبارەبوونەوەیەکی تەواو و پڕاوپڕ بێت) ، شوێن و شێوەی دانیشتنی بینەران و ژمارەیان و ئامادەییان لە پانتاییەکەدا دەستنیشان دەکات .  پرۆسەی (دەنگ وەکو سەرچاوە) لە ئاڕاستەیەکی تریدا هەوڵێکی ترە بۆ توێژینەوەی جەستە لە ڕێگەی دەنگەوە.

لەم ڕێگایەوە لابۆری شانۆی لالش هەوڵی ئەوە داوە کە بگاتە نهێنی ئەو مارە پێچاوپێچەی کەوەک خەوتوویەک لەناخماندا خۆی حەشارداوە ، ناخی جەستەمان ، ئەگەر ئەو جولا ئەوا ئێمەش دەجولێین ، ئەگەر هەناسەیدا ئەوا ئێمەش هەناسە دەدەین ، ئەگەرچاوی کردەوە  ئەوا ڕووەو هەموو ئاراستەکان دەبزوێین ، ئەگەر دەمیش بکاتەوە ، ئەوا گوزارشت لە ئازارو تامەزرۆییەکانمان دەکات . ئەو هاوشێوەی وێنەیەکی زیندووی هێزی ژیانە.

شەماڵ عومەر دەڵێت " ئەو کاتەی باس لە دەنگ دەکەم وەک ئەوە وایە باس لە بونەوەرێکی زیندوو بکەم ... بەڵێ ... ئەو بونەوەرێکی زیندووە ... ئەو منە ... ئەو ئێمەیە "

پرسیاری سەرەکیش لەوە دایە ئایا دەتوانین لەم ڕێگەیەوە زمانێکی پەیوەندیکردن پێکبهێنین ؟

لەم پرسیارەوە لابۆری شانۆی لالش ئاماژە ئەوە دەکەن کە ئەو ئەزموونانەی پێشکەشی دەکەن نمایشێکی شانۆیی نییە بەواتا باوەکەی ، بەڵکو ناوی دەنێت (پێکگەیشتنی پێرفۆرماتیفی) .. ئەمەش ئاستی کۆتایی و تەواوەتی ئەم پشکنینە نییە ، بەڵکو ئامرازەکانی گەڕانی ئەزمونکارانەی بەردەوامە .

لەم ڕوانگەیەوە شەماڵ عومەر لە کۆنسێپتی ژمارە (1)ی لابۆری لالش ئاماژە بەوە دەدات کە :" توێژینەوە و پشکنین ، توێژکاری و کردەی لابۆراتۆریۆم پرەنسیپە گرنگەکانی پرۆژەو ئەزمونەکانی لابۆری شانۆی لالش پێکدێنێت . هەر ئەم بنینەشە وادەکات ئامانجی توێژینەوە پراکتیکیەکانمان بەرهەمهێنانی هونەری ڕووت نەبێت بۆ مەبەستی کەڵەکەکردنی نمایش و بەجێگەیاندنی وەرزی شانۆیی ، بەڵکو گەڕانە لەدوای سەرچاوە ڕەسەنەکانی وزەی جەستەیی ، گەڕانە لەدوای ئەو ووزە زیندووانەی لە ڕێگایانەوە دەرک بەوە بکەین  کە (جەستە ) زاکیرەی نییە بەڵکو خۆی زاکیرەیە و زاکیرەیەکی زیندووش ، (جەستە) بەشێک نییە لەئێمە ، بەڵکو خۆمان جەستەین . هەڵبەتە ئەم دەرک پێکردنەش لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە (مێزی نوسین) تێپەڕێنین و توێژکارییەکانمان بەرەنجامێکی تەواوی پراکتیکی و ئامادەیی جەستەیی بن"

لابۆری شانۆی لالش وەکو پێداویستییەکی شانۆیی بۆ توێژینەوەی ئەزمونکاری و گەڕانێکی بەردەوام لەدوی زمانێکی

نوێی کۆمۆنیکاسیۆنی شانۆیدا لەساڵی 1998لەشاری ڤییەنای پایتەختی نەمسا هاتەئارا . ئەمەش دەرئەنجامی گەڕان و پشکنینێکی پراکتیکی و تیۆرییە لەساڵی 1991وە بە نێو میتۆدە گرنگ و لابۆرئاساکانی جیهانی شانۆو هەروەها لەپاش بەرهەمهێنانی کۆمەڵێک ئەزموونی پراکتیکی گرنگ کە لەوڵاتی نەمساوزۆربەی وڵاتانی تری ئەوروپا لەلایەن هەردوو هونەرمەند ( شەماڵ و نیگار ) بەئەنجام گەیەنراوە و هەڵگری کۆمەڵێک پرسیاری ئەلتەرناتیڤی بوون ، وەکو پێداویستییەکی پراکتیکی ئەوا نیگارو شەماڵ توانییان سەنتەرێکی جێگیرو هۆڵی شانۆیی تایبەت بە خۆیان وەکو لابۆرێکی نێونەتەوەیی لەساڵی 2000وە لە ڤییەنا بەدەست بهێنن . هەڵبەتە ئەمەش بە پشتگیری تەواوی ماددی و مەعنەوی دەزگا کلتورییەکانی دەوڵەتی نەمسا کەمیتۆدەکانی لابۆری شانۆی لالش بۆتە جێگەی سەرنج و گرنگیپێدانیان . جگە لەمەش تائێستا هەموو بەشدارییەکانی لابۆری شانۆی لالش لە فێستیڤاڵە نێونەتەوەییەکانی جیهانداو گەشت و پێکگەیشتنە شانۆییەکانی وەکو نوێنەرایەتی وڵاتی نەمسا بەئەنجام دەگات و لەلایەن وەزارەتی دەرەکی و باڵیۆزخانەی نەمساوە پشتگیری و هاریکاری دەکرێت ، بەڵام لابۆری شانۆی لالش سەرەڕای ئەمەو لە ئامێزگرتنی گروپە نێونەتەوەییەکەشی ئەوا هەمیشە وەکو لابۆرێک دەناسرێت کە داهێنەرەکانی دوو هونەرمەندی کوردن .

بەرنامەی کاری لابۆری شانۆی لالش پشت نابەستێ بە سیستەمی کارکردنی ( وەرزیانەی شانۆ )وە ، واتا ئامادەکردنی پرۆژەیەکی

شانۆیی و پێشکەشکردنی لەماوەیەکی کورتی دەستنیشاوکراودا ،بەڵکو وەکو پرۆگرامێکی لابۆرییانە ئەزمونەکانی لەسەر سیستەمێکی توێژینەوەیی درێژخایەن کەلەماوەی زیاتر لەساڵێک تێدەپەڕێت و پاشان دەرکەوتە پراکتیکیەکانی لەوڵاتی نەمسا و لە زانکۆو فێستیڤاڵە شانۆییە نێونەتەوەییەکانی جیهانیدا پێشکەش دەکات . لەماوەی ئەم کارکردنەشدا بەپێی بەرنامەیەکی هونەریی نەخشە بۆ کێشراو و تێر و پڕ هەموو مانگێ چەند جارێک گروپی شانۆیی جیاواز و پسپۆران و بیریارو رەخنەگرانی شانۆ و قوتابیانی زانکۆو کەسانی تر لە بوارە جیاجیاکانی تردا میوانداری دەکرێن لەلابۆری شانۆی لالشدا بۆ بینین و توێژینەوەی ئەم شێوە ئەزمونکارییە ، ئەم پێکگەیشتنانەش بەپێی میتۆدی لابۆری شانۆی لالش بە ( پێکگەیشتنی پێرفۆڕماتیڤی ) ناسراوە .

میتۆدەکانی لابۆری شانۆی لالش لەساڵی 2001وە بووەتە بابەتێکی خوێندن لە زانکۆی ڤییەنا – بەشی شانۆ ، لەژێر میتۆدی ( ئەزمونکاری لەشانۆ دا ) لەلایەن پرۆفیسۆر کلێمنس شتێپینا وە بەڕێوە دەچێت ، بۆ ئەم مەبەستەش ساڵانە لابۆری شانۆی لالش وەرشەیەکی تایبەتی شانبەشانی توێژینەوە تیۆرییەکان لەسەر ئاستی دەنگ و جەستە بۆ قوتابیانی زانکۆی ڤییەنا ئەنجام دەدات .

شەماڵ عومەر دوو کتێبی گرنگی لەژێر ناونیشانی ( شانۆیەک لە خۆڵەمێش و دەنگ ) و (دەنگ وەکو سەرچاوە ) دەربارەی میتۆدە ئەزمونکارییەکانی لابۆری شانۆی لالش نوسیوە ، هەروەها نیگار حەسیب قەرەداغیش بەشێکی گرنگی بابەتی بڕوانامەی

ماجستێرەکەی لەزانکۆی ڤییەنا ( جەستەی ئامادە لە پانتایی و زەمەندا – دیدەیەکی نا ئەوروپیانە بۆ کاری پێرفۆرمانس ) و هەروەها بەشێکی تری دکتۆراکەی لەهەمان زانکۆدا ( کاری پێرفۆرمانسی ریتواڵی ) کە لەسەر ئەزمونەکانی لابۆری لالشە ، لەناوەڕاستی ساڵی 2006تا کۆتایی 2007بەزمانی ئەڵمانی بەچاپدەگەن .

لەساڵی 1999وە لابۆری شانۆی لالش توانیویەتی چەندەها ئاڵوگۆری میتۆدی لەگەڵ لابۆر و سەنتەرە جیهانییەکان ئەنجام بدات، ئەم لابۆر و سەنتەرانەش خاوەنی میتۆدی کارکردنی خۆیانن و لەسەر ئاستی شانۆی جیهانی ناسراوون . لەوانەش : ( پاراتا لابۆر 1 ) ی ڤاڵتەپفاف لە فەرەنساو سویسرا ساڵی 1999-2001. ئاڵوگۆری میتۆدی لەگەڵ رابەرو داهێنەری ( بۆتۆ دانس ) ( کازوۆ ئونۆ )لە ستۆدیۆکەیدا لە یۆکۆهاما ساڵی 2002 لەیابان . هەروەها سەنتەری کارکردنی جێرسی گرۆتۆڤسکی و تۆماس ریچارد ) ی ئیتاڵیا ساڵی 2003 لە ڤییەنا و ساڵی 2004لە نۆڤیسادی نزیک شاری بەلگراد . بەختیارخان زادە و قوتابیەکانی ( شانۆی نەتەوەیی ئازربایجان )2003. ( شانۆی نۆ 2 ) ی یابانی – لەبواری تەکنیکی دەنگدا – تۆکیۆ 2004. هەروەها لابۆری گرۆتۆڤسکی3 لە پۆلۆنیا – ڤراسلاڤ 2005. دوا ئاڵوگۆڕی میتۆدیش لەتەک ئۆدین تیاتەری ( یۆجینۆ باربا 4 )دا لە لابۆری گرۆتۆڤسکی لە پۆلۆنیا ساڵی 2005لەچوارچێوەی چواردەهەمین پێکگەیشتنی نێونەتەوەیی قوتابخانەی شانۆی ئەنترۆپۆلۆژی بەئەنجام گەیشت .

میتۆدە داهێنەرانەکەی نیگارو شەماڵ ( دەنگ وەکو سەرچاوە ) لەلایەن بیریارانی شانۆ و ئەنترۆپۆلۆژی و پسپۆران و پراکتیککارانی نێونەتەوەییەوە بەیەکێک لە دەرکەوتە داهێنەرو ئەلتەرناتیفەکانی ئەم ساتەی شانۆی جیهانی ئاماژەپێدراوە ،کەهەوڵی داوە رەگەزە گرنگەکانی شانۆ وەکو ( دەرهێنەر ، ئەکتەر ، نمایشی شانۆیی ) هەڵوەشێنێتەوەو وەکو دیدەو ئاستی پراکتیکیش نەک گەمەیەکی لینگویستیکی ،چەمکەکانی وەکو ( چاودێری هاوبەش ، ئاهەنگساز، پێکگەیشتنی پێرفۆرماتیڤی ) لەجێگایان پراکتیزە بکات . هەر ئاماژەیەشە وای کردووە کە لابۆری شانۆی لالش لە ئێستاوە تا کۆتایی 2007لەلایەن چەندەها زانکۆ و فێستیڤاڵی شانۆیی نێو نەتەوەیی لە ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەنجامگەیاندنی سیمینار و وەرشەی پراکتیکی و هەروەها پێشکەشکردنی ئەزمونەکانیان میوانداری بکرێن ،وەک چۆن لەسالانی پێشوشدا ئەم لابۆرە بەهەمان شێوە گەشت و ئەزمونەکانی بە ئەنجام گەیاندووە .

هەروەها لابۆری شانۆی لالش سالانە شانبەشانی توێژینەوە پراکتیکییە ئەزمونکارییەکانی ئەوا لە ساڵی 1999وە بەبەردەوام ( دیالۆگی ئینتەرکلتورالیزمی لالش ) سازدەکات . کەتیایدا سالانە بیرۆکەیەک دەخاتە روو و بیریارانی بواری زانستی شانۆو کلتور و ئەنترۆپۆلۆژی و پراکتیککارانی شانۆ ، بەئامادەبوونی بینەرێکی زۆری نێونەتەوەیی بەشداری دەکەن . ئەم دیالۆکانەش بەسەر هەموو ساڵەکەدا دابەشدەکرێت و لەشێوەی دیالۆگ و سیمینارو

کۆنفرانسدا بەئەنجام دەگەن . لەساتی ئەم دیالۆکانەشدا میتۆدی پراکتیکی و دۆکۆمێنت نمایش دەکرێت .
تازەترین هەواڵەکانی لابۆر :
لەتەک چوارەمین وێستگەی ئەزمونکاری پرۆژەی 2005-2006ی ( سەرەتای گفت 5) کەلە کۆتایی مانگی سێی ئەمساڵدا لە ڤێستیفاڵی شانۆیی نێو نەتەوەیی عەمان لە ئوردن نمایشدەکرێت ، ئەوا لابۆری شانۆی لالش لە ئێستادا سەرقاڵی ئەزمونێکی نوێیە کە پرۆژەی توێژینەوەی 2007-2006 ە بەناوی (بێ سێبەر ) ، کە یەکەم وێستگەی ئەزمونکاری لە ناوەڕاست مانگی هەشتی 2006وەلە فێستیڤاڵە نێونەتەوەییەکانی (جەرش) لە ئوردن و ( شانۆی ئەلتەرناتیڤی ) لە دورگەی کریت و هەروەها پێکگەیشتنە شانۆییە نێونەتەوەییەکانی نەمساو ئەڵمانیاو پۆلۆنیاو وڵاتانی عەرەبیدا بەئەنجام دەگەیەنێت .
شەماڵ عومەر ئێستا سەرقاڵی میتۆدێکی داهێنەرانەی خۆیەتی لەژێرناوی ( ئەنترۆپۆلۆژیای دەنگ ) لەسەر ئاستی تیۆری و پراکتیکی کە بە پشتگیری زانکۆی ڤییەنا گەشتێکی توێژینەوەیی بەزۆر وڵاتی جیهانیدا دەکات ، شایەنی باسە هێڵە سەرەکیەکانی ئەم توێژینەوەیە لەلایەن شەماڵ عومەرەوە بۆ یەکەمجار لەمانگی چواری 2005دا لە ( چواردەهەمین پێکگەیشتنی نێونەتەوەیی قوتابخانەی شانۆی ئەنترۆپۆلۆژی )لە لابۆرە ناسراوەکەی گرۆتۆڤسکی دا لە پۆڵۆنیا ، بەسەرپەرشتی داهێنەری گەورەی شانۆی هاوچەرخی جیهانی ( یۆجینۆ باربا ) خستەروو ، کەبووە جێگەی سەرنجی ئامادەبووان . نیگار حەسیبیش سەرقاڵی

میتۆدێکی نوێیە لەسەرئاستی ( خستنەکاری دەنگ ) بۆ گەڕان لەدووی ڕێگەیەکی تر لە بواری ( کۆمۆنیکاسیۆنی شانۆیی ) و تیایدا نیگار لەو هەوڵەدایە کە لەبواری دەنگەوە پردێکی تر بۆ پێکگەیشتن بە کەلتورەکان بخوڵقێنێت ،جێی ئاماژەپێدانە کە نیگار لەم گەڕانە ئەزمونکارییەدا هەوڵی ئەوە دەدات زمانێک بخوڵقێنێت کە لەدەرەوەی لۆژیکی زمانی ناسراودایە ، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵ دەدات یەکەی دەنگی لە کلتورە جیاوازەکانەوە وەربگرێت و زمانێکی نوێی هونەری لێبخوڵقێنێ.

واتا چ لەسەر ئاستی دەقە دەنگی و گۆرانی ئامێزەکان و چ لەسەر ئاستی دەقە گوتراوەکاندا بەپێی سیستەمێکی ریتمی هونەریی ، ئەوا بینەر یا وەرگر گوێی لە وشەو رستەی تەواوە، بەڵام لە سیستمی نیشانەیی لینگویستیکیدا مانایەکی ناسراوت وەکو مەدلول پێ نابەخشێ . لەم بارەیەوە نیگار حەسیب قەرەداغی دەڵێت " ئایا چۆن دەتوانین زمانێک بخوڵقێنین کە پرۆسەیەکی کۆمۆنیکاسیۆنی تەواو لەنێوان کلتورەکاندا بەئەنجام بگەیەنێت ؟ کەلەساتێکدا من بەهیچ شێوەیەک رۆڵێک یان فیگۆرێک لەمانا شانۆییەکەیدا نمایش ناکەم و حیکایەت ناگێڕمەوەو لە ساتێکیشدا کە ئەم پرۆسەیە لەدەرەوەی (کردەی دراماتۆرگی ) دا بەئەنجام دەگات ."

هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئەم ئەزمونە نوێیەی نیگار و لابۆری شانۆی لالش لە 2002وەوە تا 2005 لە نەمسا و ژاپۆن و پۆلۆنیا و میسر و تونس پراکتیزە کراوەو بۆتە جێگەی مشتومڕو سەرسوڕمانی تەواوی ئامادەبووان .

بەشداریکردنی لابۆری شانۆی لالش لەفێستیڤاڵی شانۆی نێو نەتەوەیی ( قاهیرە و قرتاج و عەمان و کریت )

لەرۆژانی 20/30ی مانگی نۆی 2005لابۆری شانۆی لالش بە ئەزمونێکی نوێی ( سەرەتای گفت ) تایبەت بە پرۆژەی 2004-2005ی پرۆسەی (دەنگ وەکو سەرچاوە) بووە میوانی ( فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی بۆ شانۆی ئەزمونگەری لە قاهیرە ) ،لە خولی حەڤدەهەمینی ئەم فێستیڤاڵەشدا 48وڵات لەسەرتاپای جیهانەوە بەشداری ئەم فێستیڤاڵە بوون . بۆ جارێکی تریش ئەزموونی لابۆری شانۆی لالش بووە جێگەی سەرسوڕمان و پرسیارو گفتوگۆی نێوان ئامادەبووانی فێستیڤاڵەکە و بەئەزمونێکی ئەلتەرناتیفی خاوەن رێوشوێنی داهێنەرانەی تایبەت بەخۆی ئاماژەی پێدرا . ئەو هونەرمەند و رەخنەگرو بینەرانەشی کەپێشتر بە ئەزموونی لابۆری شانۆی لالش ئاشنا ببوون ئاماژەیان بەوەدا کە ئەم ئەزمونە گرنگەی شەماڵ و نیگار دەرکەوتەیەکی تری گرنگی کاری ئەزمونکارییەو هەمیشە بە پشکنین و گەڕان و پێشکەوتنی نوێوە هەنگاو دەنێت

سەرەڕای ژمارەیەکی زۆری گفتوگۆی رۆژنامەیی و تەلەفزیۆنی لەتەک هەردوو هونەرمەندو کارگێڕانی ئەم لابۆرە ، ئەوا لە چوارچێوەی فێستیڤاڵەکەدا کۆنفرانسێکی تایبەتیش بە ئامادەبوونی کۆمەڵێ بیریارو هونەرمەند و رەخنەگری شانۆی عەرەبی لەسەر لابۆری شانۆی لالش بەڕێوە چوو ، یەکێک لەوانەش ئەکتەری ناسراوی سینەماو تەلەفزیۆن و شانۆی میسری و عەرەبی ( د.خلیل مرسی )بوو ،جگە لەمەش هونەرمەندی ناسراوی عێراقی

،عەمیدی کۆلێژی هونەرەجوانەکان لە بەغدا (د.عقیل مەهدی )
دەقێکی سەرنج راکێشی لەژێر ناونیشانی ( یادەوەری دەنگ )
لەسەر ئەم ئەزمونەی لابۆری شانۆی لالش نوسی و هەروەها
لەریپۆرتاژێکی تایبەتیشدا دەربارەی فیستیڤاڵەکە بە گشتی
ئاماژەی بە ئەزموونی لابۆری شانۆی لالش دا کە ( ئەزمونێکی
داهێنەرانەو تایبەتە لە شانۆی جیهانیدا و جورئەتێکی تەواوی
ئەزمونکارانەی شانۆیە ) . هەروەها هونەرمەندی ناسراوی
میسری و عەرەبی ( د.ابراهیم الفو ) دەقێکی گرنگی لەژێر
ناوی (دارشتنەوەی سەرلەنوێی جیهان لە بواری دەنگەوە )
نوسی کە تیایدا ئاماژەیەکی سەرسورهێنەرانەی بەم ئەزمونەی
شانۆی لالش داوە ، کە چۆن دەنگ دەبێتە هۆی خوڵقاندنی
تۆنە جیاوازەکانی رەنگ لە لای وەرگر . جگە لەمەش لابۆری
شانۆی لالش لەلایەن ئەکادیمیای هونەری قاهیرە و مۆزەخانەی
مۆدێرنی میسرەوە میوانداری کرا بۆ بەئەنجام گەیاندنی دوو
وەرشەی جەستەیی و دەنگی بۆ قوتابیانی (پەیمانگەی باڵای
هونەری شانۆ ) و هەروەها کۆمەڵێ لاوی شانۆیی چەند وڵاتێکی
عەرەبی تر . دەرەنجامی ئەم سەرکەوتنانەش ئەوە بوو لابۆر
لەلایەن کۆمەڵێ فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی ترەوە بانگهێشت کرا .
لەرۆژانی 24ی نۆڤەمبەر بۆ 30ی دیسەمبەری 2005 لابۆری
شانۆی لالش بەهەمان پرۆژەو لە رەوتێکی نوێی ئەزمونکاریدا
بووە میوانی (دوانزەهەمین فیستیڤاڵی شانۆیی نێونەتەوەیی قرتاج
) لەتونس . کەتیایدا لەسەرجەمی دووسەد بەرهەمی شانۆیی
تەنها چل و هەشت بەرهەم لە پانزە ووڵاتی جیهانیەوە میوانداری

کرابوون . ئەم وێستگەیەش سەرکەوتنێکی گەورەی بۆ لابۆری شانۆی لالش تۆمارکرد و کۆمەڵێ رەخنەگرو رۆژنامەنوسی ناسراوی عەرەبی بەزمانی فەرەنسی و عەرەبی چاوپێکەوتن و ووتاری جۆراوجۆریان لە بڵاوکراوە رۆژانە تایبەتەکەی فێستیڤاڵەکە و لە گۆڤارو رۆژنامە عەرەبیەکاندا بڵاوکردەوە .ئەم ئەزمونەی لابۆری شانۆی لالش وەکو کاتیگۆریی فێستیڤاڵەکە بە ئەزموونی ( پردی پاشەڕۆژ ) ئاماژەی پێدرا ، هەروەها شانۆکار ( د.سەلاح قەسەب ) لە ئاماژەیەکی تایبەتیدا ئەم ئەزمونەی بەوە ناساند کەتابلێی ئەزمونێکی نوێیە لە بواری خستنەکاری دەنگەوە . لابۆری شانۆی لالش لەدوای گەشتی پێکگەیشتن بە سەنتەری (گرۆتۆڤسکی ) و ( یۆجینۆ باربا ) و بەشداری لە فێستیڤاڵی قاهیرە و قرتاج دا ، لە خۆ ئامادەکردندایە بۆ کۆمەڵێ گەشتی تری شانۆیی بە جیهاندا لەتەک ئەزمونێکی نوێی تری ( بەبێ سێبەر – پرۆژەی توێژینەوەی 2007-2006. لەو گەشتە شانۆییانەش بەرەو (فێستیڤاڵی شانۆی نێونەتەوەیی عەمان و جرش لە ئوردن ) هەروەها (فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی بۆ شانۆی ئەلتەرناتیفی لە یۆنان )و پاشانیش بەرەو پۆلۆنیاو ئەڵمانیاو سوریا و لوبنان .

پەراوێزەکان :

-1لابۆری شانۆی لالش لەگەڵ لابۆری (پاراتالابۆر ) ی فەرەنسیدا و بەسەرپەرشتی هونەرمەندی ناسراوی جیهان (ڤاڵتەپفاف ) لەساڵی 1999لەسەرشاخی گۆتهاردۆ کەیەکێکە لە بڵندترین زنجیرە شاخەکانی ئاڵپ لە سویسرا ئەزمونێکی هاوبەشیان

بەرجەستەکرد ،لەم پرۆژەیەدا کەماوەی زیاتر لە ساڵێکی خایاند هونەرمەندی کورد و فەرەنسی و سویسری و ئەڵمانی و ئیتالی و نەمساوی و یۆنانی پێکەوە ئەم پرۆژە ئەزمونکارییەیان لەژێرناوی ( ئەنتیگۆنا 2000)دا بەئەنجام گەیاند .

-2 ووشەی (نو) مانای بەهای توانای هونەری ئەفراندن دەگەیەنێت، زۆر جاریش نموونەی بنیادی درامیشانۆییەکانی ( نو ) بە تراژیدییە گریکییەکان بەراورد دەکرێت ، شانۆی هاوچەرخی ژاپۆن لە ئاکامی کاریگەریی شانۆی ڕۆژئاواوە لە ساڵی 1868 دا سەری هەڵدا، شانۆی هاوچەرخی ژاپۆن بەجیا لە شانۆی کلاسیکیی باو لەوێ دروست بوو .

-3لەم ساڵانەی دوایدا لابۆری شانۆی لالش پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ سەنتەری کارکردنی جێرسی گرۆتۆڤسکی و تۆماس ریچارد دا ( پۆنتادێرا – ئیتاڵیا گرێداو چەندەها ئالوگۆڕی میتۆدییان پێکەوە بەئەنجام گەیاندووە . بۆ یەکەمینجارو لە کۆتاییەکانی مانگی یەکی 2005لابۆری شانۆی لالش بووە میوانی لابۆرەکەی گرۆتۆڤسکی لەشاری (ڤرۆسلاڤ) ی پۆلۆنیا ، کەشەماڵ عومەر سیمینارێکی دەربارەی ریتواڵ و پێرفۆرماتیف پێشکەشکرد وهەروەها لەگەڵ نیگارو گابرێللادا بەسێ قۆڵی دەرئەنجامە پراکتیکیەکانی نێوان ساڵانی -2002 2005 بەئامادەبوونی هونەرمەندان و بینەران و رەخنەگرانێکی زۆری پۆلۆنیا نمایشکرد .

-4 یۆجینۆ باربا یەکێکە لە قوتابیـیە گرنگەکانی گرۆتۆڤسکی و لەناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی پێشوشەوە هەوڵی داهێنانی

ڕێچکەیەکی تایبەتی لە شانۆدا داوە وەکو هونەرمەندێکی ئیتالیش لە دانیمارک داهێنەری شانۆ بەناوبانگەکەی ( شانۆی ئۆدین ) ە و لە هەشتاکانیشەوە داهێنەری تێزە ئەلتەرناتیڤەکەی شانۆی هاوچەرخە ، لەژێرناوی میتۆدی ( شانۆی ئەنترۆپۆلۆژی )کە تائێستاش جێگەی سەرنج و گفتوگۆی پراکتیککاران و بیریارانی شانۆی هاوچەرخە لەسەر ئاستی جیهان .

5- سەرەتای گفت ئەو پرۆسێسە هونەرییەیە کەوەکو کارێکی ئەزمونکاری و گەڕانی بەردەوام تائێستا سێ ئەزموون و نمایشی جیاوازی لێخوڵقاوە . وێستگەی یەکەمی ئەزمونکاری ( سەرەتای گفت ) لە پۆلۆنیا و دووەمیان لە میسر و سێهەمیان لە تونس و جگە لەمەش لە نەمسا بە ئەنجام گەیشت ، کەتیایاندا بینەرێکی زۆری نێونەتەوەیی ئەم ئەزمونەیان بینیوە

# لابۆری شانۆی لالش: دەنگ وەکو سەرچاوە

## نیهاد جامی

گفتوگۆکردن لەبارەی ئەزموونی لابۆری شانۆی لالش ڕووبەڕێکە بۆ گفتوگۆکردن لەپرۆژەی ئەلتەرناتیڤ، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەزموونەکانی ئەو لابۆرە شانۆییە لە کوردستان نەبینراون، بۆیە ئەوەی ئێمە ئاشنایەتیمان پێیەوە هەیە پەیوەندیی بە ڕووبەری نووسراوی نووسینەوەیە، ئەوەش وابەستەیە بەو ووتارە ڕەخنەییانەی بەزمانە جیاوازەکان لەسەر ئەو لابۆرە نووسراون، یا تێڕوانینی ئەزموونکاری شەماڵ عومەر ونیگار حەسیب قەرەداغی لەڕێگەی گفتوگۆو نووسینەوە خستوویانەتە ڕوو، ئەوەش دەروازەیەکی تیۆریی گرنگە بۆ تێگەیشتن لەو ئەزموونە.

بەدوای گەڕانەوەی نیگار حەسیب بۆ کوردستان، بەتایبەت لەو وۆرک شۆپەی کە بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بۆ کۆمەڵە گەنجێکی شاری هەولێر لە ڕۆژانی 27-30/4/2010 لەیەکێک لەهۆڵەکانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر ئامادەی کرد کە بەشێک لە میتۆدی مەشقی لابۆری شانۆی لالشی تیا خستە ڕوو، ئەوە جگە لە نمایشکردنی فلمێک کە مەشق بوو لەگەڵ شانۆکارانی ئۆکرانی، هەروەها لەڕۆژی سێیەمی مەشقەکان نیگار بە نمایشکردنی چەند ئەکسیۆنێکی پرۆژەی (بێ سێبەر) ی نمایشکرد، بۆیە ئەو

ووتارەش بەرەنجامی ئەو دۆخەیە کە نیگار هێنایە بوون، کە چیتر پڕۆژەی لابۆری شانۆی لالش پڕۆژەی نەبینراو نیە، بەڵکو ئەوە سەرەتایەکە بۆ گفتوگۆی جدیتر وخولڤاندنی دەیالۆگی کراوە لەپێناو تێگەیشتن لە ئاسۆ وڕوانینەکانی ئەو پڕۆژە ئەلتەرناتیڤە، کە ترسی لەنێوەندی عەقڵە متبووەکە هێناوەتە کایەوە، ئەوەش ترس نیە لە پڕۆژەیەک بەقەد ئەوەی ترسە لەو دۆخەی کە چیتر نەتوانن شانۆکار بوون بۆ کەسانێک ببێت بە پیشە، بەڵکو ئەوە پەیوەستە بەعەقڵی ئەفرێنەر، ئەگەر تا ئێستا هەندێک ویستیان کارەکانی ئەم لابۆرە بەبیانووی نەگەڕانەوە بۆ ناو کوردستان بەوە بدەنە قەڵەم کە ئەوە ئاست لاوازی ئەو لابۆرەیە، بەڵام ئەمڕۆ کە سەرەتای ئەو پەیوەندیە درووست ئەبێت ئیدی هەموو ئەو قسانە ئەچنە ناو حیکایەتێکی بەسەرچوو، بەوەی ئەگەر ئەو حیکایەتە هەر حیکایەتخوانەکان خۆیانی پێ دادگایی بکەین ئەگەینە دەرەنجامێکی کۆمیدی، چونکە هەندێک جار قسەی ئەوە ئەکەن گوایە نۆزدە ساڵە شەماڵ عومەر نەهاتۆتەوە، لەکاتێکدا ئەوانەی لەو ماوەیە لێرە بوونە چیان کردووە، ئەگەر زنجیرە تەلەفزیۆنیەکانی مانگی ڕەمەزانیشیان بۆ حیساب بکەین لەگەڵ کورتە فلمەکانیش هێشتا بە دەرەنجامی کۆمیدی لێی دێنە دەرەوە.

## مەشق و ئامادەکردنی مرۆڤ

ڕاهێنان ومەشقەکان بەشێک نین لە نمایشی شانۆیی، ئەوەش خاڵی دەسپێکە بۆ وەستان وجیابوونەوە، مەشق پڕۆسەی ئامادەکردنی مرۆڤە.. نەک ئامادەکردنی ئەکتەر، ئامادەبوونی مرۆڤ پڕۆسەی ئازادبوونی مرۆڤە لەتەواوی ئەو کۆتانەی کە

کۆمەڵگا گریمانی دەکات.

هەرچی ئامادەکردنی ئەکتەرە پرۆسەیەکە بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەکتەر تا بەپێی پێداویستی تێکست ودەرهێنەر سنوورەکان دەست نیشان بکرێت، بەڵام کاتێ ئامادەبوون وەک مرۆڤ شوێنی ئامادەبوونی ئەکتەر ئەگرێتەوە، ئەو ساتە مرۆڤ نەک هەر لەدەسەڵاتی تێکست ودەرهێنان ڕزگاری دەبێت، بەڵکو لە دەسەڵاتی نەریت وپێوەدانگە کۆمەڵایەتیەکانیش ئازاد دەبێت، ئەوەش لە مەشقەکانی لابۆری شانۆی لالش لە تەواوی بوونی مرۆیی دەردەکەوێت، بۆیە دەنگی سەرکوتکراو لەناو مەشقەکان ئازاد دەکرێت، ئازادبوونی دەنگ.. ئازادبوونی نەستی مرۆڤە، ئەوە کرانەوەی مرۆڤە لەناو خۆی، گەڕانەوەیە بەناو دەهالیزەکانی رۆحی، دابڕانیەتی لە دنیای واقیع وئینتیماکردنە بۆ دنیایەکی کەشف نەکراو.. دنیایەک کە بەر لە مەشقەکان نەیناسیووە. بۆیە لەو کاتەدا ئەو جولە بۆ دەنگی نادۆزێتەوە، بەڵکو دەنگ هێزێکی خوڵقێنەری بینراوە کە توانای جولاندنی جەستەی هەیە، ئەوە هێزی دەنگە ئەبێتە هۆی جولە، چیتر جولە بریتی نیە لە جولاندنی زیادەڕەوی دەست وپەنجەکان، بەڵکو دەستەکان تەنیا لەکاتی پێویستدا دەجولێن، چونکە تەواوی جەستە گوزارشت لە بوونی خۆی دەکات، واتە هەموو جەستە دەجولێتەوە، جولە شێوەی جیاواز لەگەڵ یەکتری وەردەگرێت، ئەوەش بەشداریکردنێکی هاوبەشی مرۆڤە لەگەڵ یەکتری کاتێ بەیەکەوە دەنگ ڕیتوالێکی تایبەت بنیات دەنێت، ئەوە تەوزیف کردنی ڕیتوال نیە لەناو مەشقدا، بەڵکو نەستی چەپێنراو لەڕێگەی دەنگەوە ڕیتوالی خەونی

لەدەستدراو وساتی شکستە خودگەراکانی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە، بۆیە ئەگەر مرۆڤی مۆدێرنیتی بەپێی کۆژیتۆکەی دیکارت مرۆڤێکی عەقڵانی بێت بەوەی بوونی وابەستەی بیرکردنەوە بێت، ئەوا مرۆڤ لە لابۆری شانۆی لالش بوونی وابەستەیە بە ئامادەبوونی دەنگەوە.. ئەوەش پڕۆسەی بە بینراوکردنی دەنگە، دەنگ ئەبێ بە چڕکردنەوەی ووزە لەناخی مرۆڤ، ووزە دەنگی نەبینراو ئەگۆڕێت بۆ دەنگی بینراو، ئەوەش چەمکێکی نوێ دێنێتە ئەو ڕووبەرە کە جەستەی ئاهەنگسازە، جەستەیەک دەنگ ئەیجولێنێت ئەیخاتە ساتی شادی و ئازار.

**نیگار حەسیب.. فەیروزی شانۆ**

لەناو مەشقەکاندا ئەوەی زیاتر سەرنجت ڕادەکێشێ بەتەنیا جۆری مەشقەکان نیە کە دەنگ توانای بزواندنی تەواوی جەستەی هەیە لەشێوە وەرگرتنی تەکنیکی، بەڵکو مەشقەکان لەناو دەنگی نیگار حەسیب بۆخۆی ئەتمۆسفێرێکی تایبەت بە مەشقەکان دەبەخشێت، ئەو کە خۆی سەرپەرشتیاری مەشقەکان دەکات، لەهەمان کاتدا تۆنی دەنگەکانی پاک کردۆتەوە، ئەوەی ئەو لەسەرەتادا وەریگرتووە وەک تەکنیکی دەنگی بەکاری دێنێت، تا تەواو لەناو بونیادێکی دەلالی دەنگی سەربەخۆ دەبێتە هێزێکی چالاک بۆ بوونی مرۆیی.

بۆیە دەنگ دەبێتە تۆڕێک لە ئاماژە کە هەڵگری توانای خود وجەستەیە، ئەوەش خودی مرۆییە، ئەگەر دەنگی فەیروز لە گۆرانی ووتندا دەنگێک بێت توانای بەجولە کەوتنی ناخی هەبێت لەڕێگەی ئەو جولەیەی کە دەنگ بنیاتنی دەنێت، ئەوا جێی

خۆیەتی لەبەرامبەر دەنگی نیگار ئەو دەستەواژەیە وا لێبکەین کە نیگار حەسیب.. فەیروزی شانۆیە، چونکە ئەو توانا موعجیزەیەی لە دەنگی فەیروز بەدی دەکرێت، هەمان توانای خوڵقێنەرە کە لە دەنگی نیگار حەسیب دەردەکەوێت، توانایەک زمانی شانۆ.. زمانی گۆرانی تایبەت بە شانۆیە، ئەوە گۆرانی نووسراوی سەر کاغەز نیە، بەڵکو گۆرانی شانۆ ئەو هەستانەن کە ڕۆح لەناو قورگدا لەساتی شادی وئازار لەڕێگەی دەنگەوە دەینووسێتەوە، ئەوەش ئامادەبوونی دەنگە کە ووشە ڕەهەندە فاشیزمیەکەی کوژراوەو دەنگ لەناو فرە ڕەهەندی ئازادی کردووە، بەوەی ئیدی ئێمە خاوەنی یەک وێنەی نەگۆڕ نین، ئەگەر ووشە یەک وێنەی نەگۆڕی هەبێت، ئەوا دەنگ خاوەنی چەندین وێنەی جیاوازە، ئەوەش شانۆ لەتاکە ڕاڤەکردن دەگوازێتەوە بۆ خوێندنەوەی فرە تەئویلی، لێرەدا دەنگی نیگار ئەمانخاتە سەر چەندین هەوڵی تەئویلکاری بۆ ئاماژەی دەنگ، بەوەی ئەوە گەڕانەوەیە بۆ ناو زانستێکی مرۆیی تایبەت کە ئەنترۆپۆلۆژیایە، ئەوەش ئەنترۆپۆلۆژیای دەنگە، بۆیە دەبێت لەڕێگەی ئەو زانستەوە لە دەنگ بدوێین، ئەوە دوان نیە لە تێگەیشتن بۆ سەنتەری مانا بەقەد ئەوەی خوێندنەوەی دەنگە وەک ئاماژەیەک لەناو فرە دەلالەتیدا، ئەویش خوڵقاندنی پرسیارە جیاوازەکانە.

### ئەنترۆپۆلۆژیای دەنگ

ئەوە تێگەیشتنێکی نائەورووپیانەی دەنگە لە ئەزموونی لابۆری شانۆی لالش، میتۆدێکی داهێنەرانەی شەماڵ عومەرە، ئامادەبوونی دەنگ لە ئەزمونی لابۆری شانۆی لالش دامەزراندنی

گوتاری ئەلتەرناتیڤە لە شانۆی ئەزمونگەری، ئەو گوتارە بەتەنیا پەیوەست نیە بەساتەوەختێکی پرۆژەی پشکنینی ئەزمونێکی دەست نیشان کراو، بەڵکو بەرەنجامی بەریەکەوتنی دەنگە لەتەک کولتورە جیاوازەکان، لەو ساتەوەختەدا دەنگ ئەو دەربڕاوەی ووشەی دەنگی نیە کە گوزارشت لەساتی ئاگایی و هەستە ناخیەکانمان دەکات، دەنگ ئاماژەیەکی کراوەی تەئویلە، بۆ ئەوەی بتوانین تەئویلی دەنگ بکەین دەبێ جەستەیەکی ئامادەی ناو سرووت بین، کاتێ دەبین بە جەستەی ئامادە ئیدی گرفتمان لەوەدا کۆ نابێتەوە کە دەنگ کورت بکەینەوە لەسەر ئەوەی کە ئەو دەنگە خاوەنی چ مانایەکی ڕووداوە، هێندەی پێویست بەوە دەکات لەناو سرووت ئێمە ساتە هاوبەشەکانی چێژی شادی و چێژی ئازار ئەوەی بارت بۆ خوێندنەوە دەیخاتە ڕوو هەستی پێبکەین. (1)

ئەو کاتانەی گەیشتین بەو هەستە ئیدی گوتاری ناوەکی ڕۆحمان ئازاد دەبێت، ئازاد بوونی گوتاری ناوەکی فڕێدانەوەی کردەی نەستیە، بەڵام کردەیەک خۆی ڕزگار کردووە لەمانا باوەکانی نەست لەشانۆی ڕیتوالی، ئەوەش بەرەنجامی گەڕان و پشکنینی لابۆری لالشە، کە بەدوای شانۆیەکی ئەلتەرناتیڤ دەگەڕێت، تەنانەت بەسەر تێڕوانینە ئەزمونگەریە دەرکەوتووەکانیش، (2) چونکە دەنگ دەبێ بە سەرچاوەیەک بۆ گوتاری بەرهەم هێنان، ئەو گوتارە زەمەنی ئەدەبی تێکست دەکوژێت (3) بەهۆی ئەوەی زەمەنی ئەفرێنەر شوێنی دەگرێتەوە، ئەوەش زەمەنێکە تێکست دەچێتە ناو پرۆژەی ڕووخان و ووشە دەبێت بە دەنگ

وجەستەش دەبێتە دەنگ، هەموو بونیادەکانی شانۆ دەنگە. (4) دەنگ بنیاتنانی سرووتە، ئەوەش دەنگ دەبێ بە میکانیزمێک بۆ بەشداریی کولتوریی، کە پەیوەست نیە بە دەنگی چەندین ئاهەنگسازەوە، تاکە ئاهەنگسازێک توانای ئەوەی هەیە کە لەڕێگەی توانا دەنگیەکانەوە هەڵگری چەندین کولتور بێت بۆ خولّقاندنی سرووت، ئەوەش وەزیفەی شیعری پانتایی لەناو گوتاری نمایش دەگۆڕێت بەوەی شیعری پانتایی بەتەنیا جوله بنیاتی بنێت، بەڵکو دەنگ دەبێتە میکانیزمی لەدایکبوونی شیعری پانتایی.

دەنگ زمانێکی نوێ دێنێتە بوون کە زمانی دەنگە، ئەو زمانە دۆزینەوەی وێنەیەکی ڕەها نیە بۆ مانا، بۆ ناونانی ماتریالەکان، بەقەد ئەوەی ئەو زمانە پەیوەندیەکی نوێ دەخولّقێنی، ئەویش ئامادەبوونی ئێمەیە لەناو چەمکی ئاهەنگدا، چونکە ئێمە لەناو دەنگ نابێت ئەو هەستە تەرخان بکەین بۆ بیستن، بەڵکو دەنگ بینین داگیر دەکات، (5) ئەو داگیر کردنەش کوشتنی زەمەنی کرنۆلۆژییە بۆ دەنگ، چونکە دەنگ ڕووبەرێکی زەمانەوانی دەلالیەو ناکرێ ڕاڤە بکرێت، بەڵکو پێویستی بە فرە تەئویلیە، ئەوە پرۆسەیەکی هیرمنیۆتیکیە بۆ دەنگ، تەئویلکار لەناو دەنگدا وابەستە نیە بە زەمەنێکەوە، ئەو لە یادەوەریەوە دێتە ئێستای زەمەنی تەئویل کردن و بەهەردوو زەمەنەکەشەوە لە زەمەنی داهاتوو دەدوێن، دوان لەو هەڕەشەو مەترسیانەی دەنگ لە ئامادەبوون دەیخاتە ڕوو، بۆیە دەنگ لەو لابۆرەدا بوونێکی زیندووە.. بوونێک لە جەستەی ئاهەنگسازەوە دەپەڕێتەوە بۆ

ئێمەی ئاهەنگساز، ئەوەش پەیوەستە بەو فۆڕمەی کولتوری کوردی لە کردە کۆمەڵیەکانەوە بەرهەمی دێنێت "مارسێل موس لەتوێژینەوە ئەنترۆپۆلۆگیەکەیدا لەبارەی جەستەو تەکنیکی ژیانی ڕۆژانە گەیشتۆتە ئەو دەرەنجامەی کە تەکنیکی جەستە بەرهەمی تاکە کەسی نیە، بەڵکو پەیوەستە بە سیفاتی سۆسیالی کۆمەڵگاکەیەوە، ئەمەش دەرەنجامێکی لەبارە، چونکە جەستە یەکەمین وسرووشتیترین ئامرازی مرۆڤە بۆ دەربڕین" (6)

ئەوەش پەیوەستە بە یادەوەری ئاهەنگسازەوەو لەناو ڕووبەری ئاهەنگ دەیگەیەنێتەوە بە ئێمە، ئەوەش دەنگە کە زەمەنەکانمان زەمەنی بوونی مرۆییمان بەیەکەوە دەگەیەنێت، بەڵام بەیەک گەیشتنێک لەناو خۆرئاوادا کەچی لە تێگەیشتنێکی خۆرهەڵاتیەوە سەر لەنوێ دەنگ دەخاتە پرۆسەی ئامادە کردنەوە، ئەوەش ئامادە بوونی سەرلەنوێمانە، دەنگ دەبێ بەو گیانە زیندووەی هەمیشە بەرەو کەشفکردنی نهێنی و نەزانراو ناخمان ئازاد دەکات، ئەوەش بۆ خۆرهەڵاتی ئازادبوونیەتی لە ڕابردوو، بۆ خۆرئاواییش ئامادەبوونی جیاوازە لەناو کولتورەکەیدا. ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین هەڵوەستە بکەین لەسەر ئەکسیۆنی پرۆژەی (بێ سێبەر) کە نیگار لەچوارچێوەی وۆرک شۆپەکەدا نیشانمانیدا.

**ئەکسیۆنی پرۆژەی: (بێ سێبەر)**

لەدرێژەی ئەو وۆرکشۆپەدا نیگار چەند ئەکسیۆنێکی لەپرۆژەی (بێ سێبەر) نمایشکرد، ئەوە پرۆژەیەکی ئەلتەرناتیڤ بوو بەوەی دەنگ لە ئاماژەیەکەوە بەرەو فرە دەلالەتی دەردەکەوت

شێوەی نمایشەکەی بازنەیی بوو، بەڵام ئەوە مانای وا نەبوو کە جولەی بازنەیی بسەپێنێتە سەر کارەکە، بەڵکو هەریەکێک لە ئێمە لەهەر لایەک باین سەرەنجام ئێمە دەبووینە بەشێک لە نمایشەکە ئەوە بەشداری کردنێکی هاوبەشی ئێمە بوو لەگەڵ نیگار لەناو چەمکی ئاهەنگ، دەنگ تەواوی جولەی دەجولاند بەهیچ جۆرێک نەیدەویست جولە بۆ دەنگ بدۆزێتەوە، بەڵکو دەنگ هێزێکی چالاک بوو کە توانای بە جولاندنەوەی جەستەی هەبوو، دەنگ وا دەکات جولە بکەوێتە دۆخی جیاوازەوە.. ئەوە وێنەی دەنگی بوو کە دەلالەتی جیاوازی ئەبەخشی لەئاهەنگی خەمناکەوە بۆ ساتی پەیوەندیی غەریزییەوە بۆ گریان بەرامبەر بە رۆحی بێدەنگکراو، ئەوەش شینێکی دەنگ بوو بۆ بێدەنگی و بۆ دەنگی سەرکوتکراو، سەرەنجام ئێمە لەناو کۆمەڵە دەلالەتێکی دەنگەوە یادەوەریمان ئەرۆیشتەوە سەر جۆرە ڕیتمێک لە دەنگ، بەڵام ئەو گەڕانەوەیە بۆ یادەوەری دەنگ لەڕاستیدا تەنیا لەتۆنی دەنگەکانەوە وا هەست ئەکەین دەنا تۆنی دەنگەکان بەتەواوی پاککراوەتەوە، ریتمی ئەو گۆرانیانەی ناو یادەوەریمان وەکو تەکنیکی دەنگی بەکار هاتونەتەوە، چونکە ئێمە گۆرانی ئەبیستین، بەڵام بەهیچ شێوەیەک گۆرانی گۆرانی نەبوو، ئەو ڕووبەرەی نمایشی تیا دەکرێ، ئامادەبوونی دەنگ نیە لە پانتاییدا، بەڵکو دەنگ بۆخۆی ئامادەبوونی پانتاییە، وەک چۆن ئامادەبوونی دەنگ هێزی خوڵقاندنی جەستەیە.. بەهەمان شێوەش دەنگ دەبێتەوە پانتایی، ئەو فاکتەرەی لەپشت ئەو لۆژیکەوە وەستاوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نایەوێ دەنگ تەوزیف بکاتە سەر

بۆشایی کریستالی، بۆ ئەوەی بینەر بەرەو سەرسامی بێنێت.
لابۆری شانۆی لالش لەبەرامبەر دوالیزمی (کاریگەری/ سەرسامی) ئەوەی بۆخۆی یەکلا کردۆتەوە کە کاری ئەوان سەرسامی درووست کردن نیە، چونکە "شانۆ کاریگەری پێویستە نەک سەرسوورهێنان، سەرسوورهێنان کاری ئەفسوونبازەکانە، ژیانی سەردەم ئیدی ئەفسوونبازی گەرەک نیە" (7)
سەرسامی دۆخێکە کە بینەر ساتەوەختی بینین سەرسام دەبێت بە جولە، بەڵام ئەوە زیاتر لە گەمەی لیبووکی سێرک دەچێت، هەرچی کاریگەریە توانای ورووژاندنی پرسیاری هەیە لە ناخی بینەر بەوەی دەنگ لەناو چ سیستمێک دەیەوێ چرکە ساتی مرۆییمان بجولێنێت، کاریگەری وا دەکات تێگەیشتنی جیاوازی بینەران بمانخاتە بەر کۆمەڵە مانایەکی جیاواز، ئەوەش پەیوەستە بەو زمانە فرەییەی دەنگ دەیخاتە ڕوو، کە نیگار وەک خۆی دوای ئەکسیۆنەکە لەگفتوگۆی ئێمە لەگەڵیدا ئەوەی خستە ڕوو کە "کاتێ شەماڵ عومەر دەنگێکم پێدەگەیەنێت، من دەنگەکە لەژێر زەویەوە لەقاچەکانمەوە پێم دەگات" ئەوەش وا دەکات هەموو ماتریالێک ببێت بە دەنگ، ئەو پارچە قوماشە سپیەی بەکاری دێنێت، دەبێتە دەنگێکی بینراو، هێزی دەنگ دەیجولێنێت، وەک چۆن ئەو پارچە قوماشە ڕەشەی پۆشاکەکەی لێ دەکاتەوە وێنەیەکی دەنگی بە جەستە دەبەخشێت کە جەستە دەبێ بەبینراوی دەنگ، دەبێتە بەشێکی تر بۆ بنیاتی دەنگ کە ئاماژەی بینراو پێک دێنێت، ماتریالەکان دەبنە دەنگ .. جەستە دەبێتە دەنگ.. پانتایی دەنگە.. ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ ئەو چەمکەی کە

لابۆری لالش ناوی دەنێت "دەنگ وەکو سەرچاوە"

**دەنگ وەکو سەرچاوە**

کاتێ دەنگ وەکو سەرچاوە وەردەگرینەوە، مانای وایە بنیاتی شانۆ لە دەنگەوە ئینتیما دەکات، ئەوەش بەتەنیا بنیاتنانی زەمینەیەک نیە لەسەر دەنگ، بەڵکو چارەسەری ئیشکالیەتی دەنگە لە شانۆدا، شانۆی ئێمە بەدرێژایی مێژوو هاوارو قیژە وهەڵچوونی دەستکرد بەناوی دەنگ کوشتوویەتی، بۆیە کاتێ دەنگ وەکو سەرچاوە سەیر دەکەینەوە، دەبینین بەر گوتارێکی هاودژ دەکەینەوە، ئەوەی بەناوی دەنگ خۆی دەنواند لەڕاستیدا ئەوە هاواری بێدەنگی بوو.. ئەوە بێدەنگی مەرگ بوو، کە دەیالۆگێکی نووسراو دەگوازرایەوە بۆ قیژە وهاواری دەستکرد، لەو ڕێگەیەوەش جولەی بۆ درووست دەکرا، ئەوە وێنەیەکی لاسایی کاری هەڵخەڵەتێنەری ژیان بوو.

لێرەدا ئەو سەرکێشیە دەگمەن و ناوازەیەی لابۆری شانۆی لالش دەیهێنێتە بوون لەڕاستیدا بەتەنیا گەڕانەوە نیە بۆ دەنگ، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ مەعریفەی دەنگ، ئەوەش داڕشتنەوەی مەعریفەی شانۆیە، بەدرێژایی مێژووی ئێمە هیچ هەوڵێکی هێندە بوێر وچاونەترسانەمان نیە بەو شێوەیە پڕۆژەی ئەلتەرناتیڤ بۆ شانۆ بخاتە ڕوو (8) کە ئەوە شانۆیەکی ئەلتەرناتیڤە، شانۆیەک کە گرۆتۆفسکی بە دژە شانۆ سەیری دەکات، مەبەستیشمان گۆڕانە لە تەواوی گوتارو بونیادە پێکهاتووەکانی شانۆ، بەوەی شانۆ لەدەرەوەی تێکستی نووسراوی کاغەز وپەیوەندی بیناسازی تەقلیدی شانۆ ودەیالۆگ وهەموو ئەو بنەمایانەی کە

له ڕابردوودا به بنەمای سەرەکی شانۆ سەیر کراون، ئەوا لەو هەوڵە چاو نەترس وبوێرانەی لابۆری لالش هەموو ئەو بنەمایانە دەبنە بنەمای لەکار کەوتوو، چونکە چیتر ئەوانە بنەمای شانۆ نین، شانۆ مەشقە.. ئامادەبوونی دەنگە، ئەو ئامادەبوونەش ئامادەبوونی شانۆیە.

دەنگ نایەوێ ڕاڤەی جوله بکات، چونکه جوله بریتی نیە له ڕووداو، هێندەی دەنگ بۆخۆی ڕووداوەکەیە، چونکە دەنگ سەرەنجام دەبێتە توێژینەوەیەکی جەستەیی، بەهۆی ئەوەی ئامادەبوونی دەبێتە هێزی بزواندنی جەستە، ئەوەش ناو دەبەن بە مارێکی خەوتوو لەناویاندا، هەر کاتێک ئەو مارە جولا ئەوانیش دەجولێن، هەناسەدان وچاوکردنەوەی مارەکە ودەمکردنەوەی هاوتەریبە بەکارکردنی ئەوان "لەو بارەیە شەماڵ عومەر دەڵێت: ئەو کاتەی باس لەدەنگ دەکەم، وەک ئەوە وایە باس لە بوونەوەرێکی زیندوو بکەم.. بەڵێ ئەو بوونەوەرێکی زیندووە.. ئەو منە.. ئەو ئێمەیە" (9)

ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ دەنگ وەک سەرچاوە، ئەو دەمەی دەنگ دەبێ بە بوونەوەرێکی زیندوو مانای وایە شانۆ دەنگ بە بینراو دەکات، ئەوە بە بینراوکردنی دە نگە، بۆیە شەماڵ بوونی خۆی لەگەڵ بوونی دەنگ لە پەیوەندیەکی ئاڵوگۆڕ کراوی بەردەوام دەبینێتەوە، ئەوەی واش دەکات دەنگ بوونەوەرێکی زیندوو بێت ومردوو نەبێت ئەوەیە کە دەنگ گریمانەی نووسینی سەر کاغەز ناسەپێنێ، بەڵکو لەناخی مرۆڤدا دێتە دی کە لە مارێکی خەوتوو دەچێت، هەر کاتێک مارەکە جولا.. ئەوە دەنگ دێتە بوون، هاتنێک

که توانای جولاندنی تەواوی جەستەی هەیە، ئەوەش کارێکی ئارەزوومەندانە نیە، بەڵکو لەئاستێکی پیشەگەرانەی دانپیانراو بەرهەم دەهێنرێت، هەروەک نیگار حەسیب لە ئەکسیۆنی (بێ سێبەر) بۆی خستینە ڕوو.

دیارە لەدەرەوەی ئەو دانپیانانەی ئێمە بە ئاستی بەرزی دەنگ، کەسانی تریش کە ئەزموونێکی دیاریان لەو بوارە هەیە (10) دان بەو حەقیقەتە دەنێن، ئەوەتە تۆماس ریچارد لەبارەی ئەزموونی لابۆری لالش دەڵێت "شێوازی بەکارهێنانی دەنگ وجەستە، میتۆدی کارکردنتان وڕادەی بەرزی پرۆفیسیۆناڵیتان تووشی سەرسووڕمانی کردم" (11)

**جەستەی ئاهەنگساز**

جەستەی ئاهەنگساز چەمکێکی لابۆری شانۆی لالشە کە لەشوێنی ئەکتەر بەکار دێت، بۆچی بە ئەکتەر ئەووترێت جەستەی ئاهەنگساز؟ ئایا ئەوە چەمکێکی ئەلتەرناتیڤی ڕووتە؟ یاخود ئامادەبوونی چەمکێکی ئەلتەرناتیڤی پەیوەست بە پرۆژەکەیە؟ ئەو دەمەی نیگار لەئەکسیۆنی (بێ سێبەر) دەبینین ئێمە چاوەڕوانین ئەو وەک ئەکتەرێک سەرنجمان بەلای خۆیدا ڕاکێشێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ئەکتەر نیە وەک چۆن گۆرانیبێژیش نیە بەمانای گۆرانی بێژ، بەڵکو بەمانای ئەکتەرێکی گۆرانی بێژی ئۆپێرایش نە گۆرانی بێژێکی ئەکتەرە نە ئەکتەرێکی گۆرانی بێژە، بەڵکو ئەو بوونێکی ترە، ئەوەیە وا دەکات چەمکێکی تر ببێتە پێویستی لەشوێنی ئەکتەر، بۆیە ئەو چەمکە جەستەی ئاهەنگساز چەمکێکی ئەلتەرناتیڤی ڕووت نیە، چونکە پەیوەستە بە بوونی پرۆژەکەوە.

ئاهەنگساز دەنگ وەک بونیادێکی کەرنەڤاڵی ئەکات بە نووسین.. نووسینێک بە بینراوکردنی دەنگە، ئەوە نووسینێک نیە بکرێتە سەر کاغەزەوە، بەڵکو نووسینێکە ئاهەنگساز لەڕێگەی دەنگەوە دەیخولّقێنێت، کە بریتیە لە خوڵقاندنی چەمکە سەرەکیەکانی ناو ژیانمان، بۆیە ئاهەنگساز لە لابۆری شانۆی لالش شانۆیەک بەرهەم دێنێت کە گۆرانیە بۆ مرۆڤایەتی، ئەو دەتوانێ ئەو جیاوازیە ڕەگەزی و ئەتنی و ئاینیانە لەڕێگەی دەنگەوە لابەرێت، لێرەدا دەنگ لەناو کولتورو مێژوو بەرەو یەکخستنی ئەو دووانە دەڕوات، ئەوەش بەشداری کردنی هەریەکێکیانە لەناو ئەویتر، بەوەی کولتوری دەنگ ومێژووی دەنگ گوتارێکی هیومانیستیانە بنیات دەنێت، ئەویش بەدەنگ کردنی ماتریالەکانە.. بەدەنگ کردنی پانتاییە.. ئەوە بەدەنگ بوونی جەستەیە.. دەنگ هێزێکە تیایدا جەستە تواناکانی دەنگ دەگۆڕێت بۆ جولە.. ئەوە لەدەرکەوتنی تیشکی خۆر دەچێت، ئەو پڕۆسەیە کە سەرەنجام جەستەی ئاهەنگساز بەرهەم دێنێت ئامانج تیایدا "بریتییە لە بیرۆکەی (ئامادەگی جەستەیی) پرسیاری جەستەییانەی (لابۆری لالش) لەویادا چڕ دەبێتەوە کە ئەو سەرچاوانە کامانەن کە هێزو ووزەی خۆمانی لێوە وەردەگرین، هەروەها لە کوێوە ئەو سەرچاوەیە ڕێچکەی خۆی دەگرێ کە تیایدا لەیەکساتدا نوومایشکار وبینەرانیش هەست بە ئامادەیی و ووزەی ڕیتواڵی و دڵنیایی جەستەی خۆیان دەکەن" (12)

بۆ ئەوە پێویستمان بەوەیە زیاتر لەسەر جەستەی ئاهەنگساز بووەستین، کە جەستەیەکە دەتوانین لەڕووی میتۆدیەوە پۆلینی

بکەین و لەسەر پۆلینکاریەکەش هەڵوەستە لە ئەزموونی لالش بکەین، بۆ ئەو کردە پۆلینکاریە پەنا دەبەینە بەر تێکستێکی تیۆریی ئاندری کلافل (13) بۆ ئەوەی بتوانێ کۆمەکمان بکات، جەستەی ئاهەنگساز بەپێی بۆچوونەکەی کلافل جەستەیەکە پۆلینی دەکەینە سەر حەوت بەش، ئەگەرچی ئێمە تەنیا وەک پۆلینکار ودابەش کردنەکە پەنای دەبەینە بەر دەنا لەبنەڕەتدا دەمانەوێ ئەو دابەش کردنە بەپێی ئەزموونی لالش بخوێنینەوە:

-1 جەستە وئاهەنگساز: ، سەرەتای ئەو پۆلین کاریەش قسەکردنە لە پەیوەندیی نێوان جەستە وئاهەنگساز کە دواتر بەیەکەوە چەمکەکە درووست دەکەن، بەوەی جەستە وئاهەنگ لەپەیوەندیەکی هارمۆنی بەیەکتری دەگەن، ئەوەش لە لابۆری لالش بەیەکگەیشتنی جەستە ودەنگە لەناو مەشقدا، چونکە جەستە تاکە میکانیزمێکە کە توانای گفتوگۆی هەبێت لەبارەی ئاهەنگەوە، هەرچەندە ئەوە دەنگە توانا بە جولە ئەبەخشێت، ئەو توانایەش گفتوگۆکردنە لەسەر ئاهەنگ.. گفتوگۆیەک لەبنەڕەتدا دوانە لەبارەی ووزەوە، دیارە چۆن کلافل ئاهەنگسازو ووزە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەهەمان شێوە لابۆری شانۆی لالش ووزە فەرامۆش ناکات، وەک چەمکێکی تری ئەزموونکاری لابۆرەکەیان کاری لەتەکدا دەکەن.

-2 جەستەی بەزمەسات: گەڕانەوەیە بۆ ناوبردنەکەی میخائیل باختین، ئەوەش پەیوەستە بە تەواوی ئەو هێرشانەی کە دەکرێتە سەر جەستەی خود، ناوبردنی بە بەزمەسات پەیوەستە بە بێ بەهابوونی جەستە، جەستەی ئێمە بەرهەمی دۆخێکی

سەرکوتکاریە چ لەناو کولتورەکەمان، یا لەناو نمایشی شانۆییدا، بۆیە جەستە وەک بەزمەساتێک بۆ فریودان سەیرکراوە، ئێمە لێرەدا کاتێ نیگار حەسیب لەناو ئەکسیۆنی (بێ سێبەر) دەبینین جەستەی نیگار بەدژی هەموو ئەو هێرشانە دەوەستێتەوە، جەستەی ئەو جەستەیەک نیە کە هەڕەشەو کۆتی کولتوری لەسەر بێت، بەڵکو جەستەیەکە خۆی ئازاد کردووە لەتەواوی هەڕەشەی دۆخە کۆمەڵایەتیەکان.

3– سڕینەوەی جەستە: سڕینەوەی جەستەیی سڕینەوەی ڕەگەزە، ئەوەش پەیوەستە بە خۆشاردنەوە، چونکە خۆشاردنەوە یەکێکە لەتەکنیکە بەراییەکانی جەستەی ئاهەنگساز، کە لەناو ڕووخساری نێرینەیی.. مێینەیی تیا دەردەکەوێت و لەناو ڕووخساری مێینەش توانای دەرکەوتنی نێرینەیی هەیە، واتا سڕینەوەی ڕەگەزی جەستە، ئەو سڕینەوەیەش لەمەشقەکانی لابۆری لالش دەیبینین بەداخەوە لە وۆرک شۆپەکەی هەولێر ئێمە تەنیا کوڕەکانمان بینی، چونکە دوای ئەوەی لەرۆژی یەکەم کچان بوونیان هەبوون لەدووەم رۆژدا کەسیان نەهاتنەوە ناو مەشقەکان کە دیارە ئەوە ئیشکالیەتێکی تر بوو لە نائامادە بوونی مامۆستایانی پەیمانگاو دوورکەوتنەوەی کچان کە باس کردنی لێرەدا بەپێویست نازانین، بۆیە ئەوەی لەناو مەشقەکان دەردەکەوت وەک جەستەی ژن تەنیا نیگار خۆی بوو، بۆیە ئامادەبوونی نیگار لەتەک ئەو گەنجانە هەموو ئامادەبوونێکی ڕەگەزی سڕیبۆوە وئامادەبوونێکی جەستەی مرۆیی هێنابووە بوون.

4- پڕبوون وبەتاڵبوونەوە: جەستەیەکی ئامادەکراو بۆناو نمایش بوونی نیە، بەڵکو جەستەیەکی بزۆز کە هەمیشە توانای ئەوەی هەبێت جەستەیەکی تر لەناو خۆی درووست بکات، کلافل بۆ ئەوەش نموونە بە کونکردن و کەلێن درووست کردن دێنێتەوە لەناو جەستە تاوەکو جەستەی ئامادە بەتاڵ بکرێتەوەو جەستەیەکیتر لەناو بەتاڵکردن پڕ بکرێتەوە، واتە بوونێکی تر بێنێتە کایەوە، ئەوەش لەنێوان گۆرانیەکان زۆر بەڕوونی هەستمان پێی دەکرد کە جەستەیەک نیە گۆرانیەکان بیجولێنێت، بەڵکو دەنگ توانای خولقاندنەوەی جەستەی هەیە.

5- پاککردنەوە وتوانەوە: ئەو دوو ئاراستەیە پەیوەندیان بە جەستەی ئاهەنگسازەوە هەیە لەساتی ئامادەبوون، کاتێ باس لەپاککردنەوە دەکەین نە مەبەستمان لەو پاکژبوونەوەییە کە شانۆی یۆنانی باسی دەکات، نەمەبەستمان ئەو تاعونەی ئارتۆیە کە دەبێ شانۆ بیتەقێنێتەوە، بۆ ئەوەی ئەکتەر وبینەر بەیەکەوە پاکژ ببنەوە، بەڵکو پاککردنەوە ئاراستەیەکی ناو جەستەی ئاهەنگسازە، بەوەی ڕاهێنان ومەشقەکان شێوەی پەرستنێکی پەرستگایی وەردەگرێت، بەوەی ئەو لەناو پەرستنی جەستەدا بژیێت، ئەو بە پیرۆزکردنەوەیە بۆ جەستە پاککردنەوەی جەستەیە لەناو ئەو دەروونە جەستەییەی خود، بەوەی مەشقەکان دەیکات بە خاوەنی جەستەیەکی نوێ، ئەو جەستە نوێیە کە مەشقەکان پاکی دەکەنەوە، ئەوسا لەناو جەستەی ئاهەنگساز ئەیتوێننەوە، لێرەوە گرنگی مەشقەکانمان بۆ دەردەکەوێت، کە بەر لەهەر شتێک پێویستە جەستە پاکبکرێتەوە، تاوەکو لەناو ڕووبەری

مەشقەکان بتوێتەوە وجەستەیەکی نوێ بێنێتە بوون کە جەستەی ئاهەنگسازە

-6 پێچەوانە: ئاهەنگ بۆخۆی پێچەوانەوە کردنەوەی دیدی باوە بۆ دیدێکیتر، ئەوە پێچەوانە کردنەوەی ساتی زەمەنی و کولتورییە، ئاهەنگساز لە پێچەوانەوە کردنەوەدا تواناکانی خۆی دەخاتە کار بۆ ئەوەی نەستی خەفەکراو بکاتە ئاگایی کۆمەڵایەتی، لەوێشەوە ئامادەبوونی کولتوریی یادەوەری جەستە بێت، بۆیە پێچەوانە کردنەوە پەیوەستە بەو توانەوەیەی کە جەستە دێتە ناویەوە، ئەوەش ئاوێنەیەکە توانای بینینی نهێنیە شاردراوەکانی ناخی ئێمەی هەیە، یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی لەتەک ئاهەنگساز ئێمەش پێچەوانەکانی خۆمان ببینین کە لەڕاستیدا پێچەوانەوەکە وێنە ڕاستەقینەکانی بوونمانە، بەڵام ئەو هێرشانەی لەسەرەتا ئاماژەمان بۆ کرد کە لەسەر جەستەی تاکە بۆتە هۆی ئەوەی ڕاستەقینە بشاردرێتەوە، لێرەوە لابۆری شانۆی لالش توانای هاوکاری خودی مرۆیی هەیە بۆ ساتی ئازادبوونی رۆحمان.. کە نمایش لە مۆسیقایەک ئەچێت بۆ ئازادبوونی کۆت وسەرکوتکردنەوەکانی رۆح.

-7 نووسین.. بەزمەسات.. ڕەخنە: نووسین دەنگێکی نەنووسراوی سەر کاغەزە، بەڵکو جولەیەکی بینراوە، ئەوە ئاماژەیەکی نەنووسراوە دەنگ دەینووسێتەوە، بە مەبەستی نووسینەوەی ئاهەنگ.. ستراتیژیی نووسین لێرەدا قسەکردنە لەجەستەی بەزمەسات، هەڵبەت ئەوە لەدەرەوەی مانا گاڵتەجاریەکەی، بەڵکو لەناو مانا باختینیەکەی کە بریتیە لە بەگژداچوونەوەی

هێرشەکانی سەر جەستە، کە دەنگ دەبێتە هۆی بزواندنی تەواوی ماسوولکەکانی جەستە وبەجولە کەوتنیان، لێرەدا وەزیفەی ڕەخنە وشانۆی فرەکولتوری بەڕووی ئەزموونەکەدا دەردەکەوێت، ئەویش لەڕێگەی خوێندنەوەی بۆ کولتورە جیاوازەکان، کە لە بنەڕەتدا خوێندنەوەی ڕەخنەییە بۆ کولتور وڕزگارکردنیەتی لەناو چەمکی موقەددەسگەرا وخوێندنەوەیەتی لەناو ڕووبەری پانتایی شانۆ.

**ووزە لەنێوان جەستە وئاهەنگسازدا**

توانای ووزە توانای ئاهەنگسازە، بۆیە ووزە وئاهەنگساز دوو بونیادی پێکهاتەی جەستە لەم ئەزموونەدا پێکدێنن، هەڵبەت ووزە چەمکێکە بەر لە لابۆری لالش لەلای یۆژینیۆ باربا بوونی هەبووە، کێشەکە لە بوونی چەمکەکە نییە، بەقەد ئەوەی لە چارەسەری ئیشکالیەتی چەمکە بەهۆی ئەوەی لەلای لالش بەرهەم هێنانەوەی چەمک بەرهەم هێنانەوەی گریمانەکانی باربا نییە، هەرچەندە دووفاقیەتی ڕەگەزی لای (باربا) ش بوونی هەیە، بەڵام هەر لەسەرەتاوە بەر جیاوازیەکانی دەکەوین بەوەی تایبەتمەندی بۆ لەدایکبوونی ووزە ناگەڕێتەوە، بۆیە ئەو هۆکارەی کە هەر ڕەگەزێک بەشێک لەڕەگەزەکەی تری تێدایە، بەڵکو ئەوە وەک بەربەست لەبەردەم ووزە سەیر دەکات، چونکە تێگەیشتن بۆ ووزە تێگەیشتنێکی ژیاریە، ئەوە پەیوەستە بەو دیدە خۆرئاواییە بۆ مرۆڤ کە جیاوازیەک نییە لەنێوان جەستەی نێر وجەستەی مێ، بەهەمان شێوە جیاکاری نابینێت لەنێوان ووزەی ئەو دوو جەستەیە "دەیەوێ ئەو دەمامکە ساختەیە لابەرێت لەسەر

ڕەگەزەکان، بەوەی ئەکتەری مێینە خاوەنی ووزەی مێینە بێت وئەکتەری نێرینە خاوەنی ووزەی نێرینە بێت، سەرەتا چەمکەکە بۆناو پێناسە سەرەتاییەکان دەگەڕێنێتەوە، دواتر ڕەخنەی ئاراستە دەکات، بەوەی ووزە مانای هێز وکارکەر دەگرێتەوە، کە بوونی وابەستەی هاوار ودەمارگرژیەتی ماسوولکە کراوە، لەکاتێکدا ووزە بریتیە لە ئامادەبوون" (14)

دیارە ئامادەبوون کە مانای جەوهەری ووزە دەگەیەنێت، هەر لەو ڕێگایەوە باربا چارەسەری ڕەگەزی بۆ ووزە دەخاتە ڕوو، بەوەی "بەرجەستەکردنی ئامادەبوونی ئەکتەر لەکۆتاییدا بەخولْقاندنی ڕووخساری شانۆ یا کەسێتیەکەیە، ئەوەش لەسەر ئاستێکیتر واتە ئاستی دەرەنجام ونمایشی شانۆیی (یاخود ئاستی گوزارشت کردن) لێرەوە جیاکاری دەردەکەوێت لەنێوان نێر ومێ بەوەی شتێکی چارەنووس وپێویستیە، لەهەمانکاتدا پێویستیش نییە، بەڵکو دەبێ بە زیانبەخش ئەگەر خۆی سەپاند بەسەر زەمینەیەکی تردا کە ئینتیمای بۆ ناکات یاخود زەمینەی ئاستی پێش گوزارشت کردن" (15)

ئەوە ئەگەر لای باربا ووزە بەم شێوەیە سەیر کرابێت، دیارە لابۆری شانۆی لالش کە ووزە وەک یەکێک لەچەمکە سەرەکیەکانی ئەزموونەکەیان سەیر دەکەن، توانیویانە دیدێکی تر بە ووزە ببەخشن بەهۆی ئەوەی ووزە بۆ ئەوان چارەسەری ئیشکالیەتی ئامادەبوونە.. بۆ ئەوەی تێڕوانینێکی تری کەشف نەکراو بەو دیدە شانۆییە ببەخشن بۆیە ووزە بۆ ئەوان بووەتە هۆی ئەوەی کە "کار لە (لابۆری لالش) دا کارە لەسەر هەر ئەم وزەیە، ئێمە

لەسەر فیکر وهزر کار ناکەین، بەڵکو لەسەر هەستەکانی مرۆڤ کار دەکەین، مرۆڤ بە تێفکرین و ئەقڵاندن ڕێگا لەبەر هەستەکان دەبەستێ، ئاسایی عەقڵ واجبە بەڵام قسەی من پەیوەندی بە جوانیناسیەوە هەیە، ئێمە میتۆدی لابۆری لالش لەسەر دەقە دراماتیکیە نمایشییەکان کار ناکەین، بەڵکو ئێمە لە شوێنێکدا حزوور پەیدا دەکەین وکەشێک لەو شوێنەدا چێ دەکەین، ئامادەبونی مرۆڤ لە کات و شوێندا کاری ئێمە پێک دەهێنێت" (16) بەواتای ووزە توانای مرۆڤە توانایەک ئامادەبوون پەیوەستە بە تەواوی ئاستە زەمەنیەکانی پڕۆژەکە، ئەوەش پەیوەندیەکی تری تیا کەشف دەکات لەڕێگەی جوانناسی و ئەنترۆپۆلۆژیادا، چونکە ووزە لەکاری ئەواندا لەبابەتی خۆبەرهەم هێنانەوە دەبێتە بابەتێکی شانۆیی وەک زانست، ئەوەش دەتوانین بەهەوڵێکی تری شانۆناسی ناو شانۆی ئەزموونگەریمان سەیری بکەین، کە پەیوەندیی نێوان شانۆ وزانست، پەیوەندیەکە لەسەر بنەمای بەزانست کردنی ووزەی مرۆیی وەستاوە "لەم ناوەندەشدا هەنگاوی "لابۆری لالش" پێداگرتنە لە چەمکی "مەبەستگەرایی" کە لە مۆتیڤی ئاگاییەوە دەجولێ ودەبێتە جۆرێک لە بابەتی "خۆ – بە ئاکامهێنان" و "خۆخستنە کار" وتیایاندا "ووزەی سیمۆنتیکی" و "ووزەی ڕیتوالی" جێگەی "ووزەی مۆتۆری" دەگرێتەوە" (17) ئەوەش بۆ خۆی دەبێ بە شانۆیەکی سیمیۆلۆژی کە لەسەر بنەمای خوێندنەوەی دەلالی بۆ ئاماژەی دەنگی بنیات دەنرێت، بەهۆی ئەوەی دەنگ دەبێ بە ئاماژە بۆ چەمکە فەلسەفیەکان، ئەوەش ووزەی ئاماژە وسرووت ئەکات بە ووزەی سەرەکی

ناو کاری شانۆیی، کە لەوە دەردەچێت ووزەی ڕواڵەتخوازانەی مرۆڤەکان بێت، بۆیە ئەوە خاڵێکی ناو ئامادەبوونە نەک ووزەی ماسوولکەیی، چونکە ئامادەبوون لە دەنگەوە شوناس بە جەستە دەبەخشێت، ئەوە ووزەی ئازادکردنی دەنگە شوناس بە بوونی جەستە دەبەخشێت، ئەو ساتەش دەتوانین بگەینە ئەو تێگەیشتنەیان کە دەڵێن "دەکرێ (ووزەی ریتوالی) بە مەبەستگەراییەوە ببەستینەوە کە لە ئاگاییەکی تەواو ولە کۆنتاکی بەردەوامدا لەتەک دەورووبەردا دەخوڵقێ" (18) لێرەدا ووزەی ڕیتوالی بەدوای سەرچاوەی جەستەی ئاهەنگساز دەگەڕێت ئەوەش بەتەواوی تێگەیشتنێکی تازەو کەشف نەکراوە لەبارەی ووزە کە لابۆری لالش لە ئەنجامی گەڕان و پشکنینەکانی پێی گەیشتووە.

## ئامادەبوونی وەرگر وەك پرۆسەیەكی مرۆیی

ئامادەبوونی وەرگر لەو پرۆژەیە ئامادەبوونی وەرگرێک نیە بۆ بەسێنتەرکردنی ڕووداو، بەڵکو وەرگر وەک کەسێک نایەت کە ببینێت ولەدەرەوەی ڕووداوەکاندا بێت، وەرگر لەو هاوکێشەیە ڕووبەرێکی بازنەیی هەیە جەستەی ئاهەنگساز لەناو بازنەکەدایە، وەرگر لەتاریکیدا نیە وئەکتەر لەناو ڕوناکیدا بێت، بەڵکو ئەو پانتاییە ئامادەبوونیەتی وەک پرۆسەیەکی مرۆیی، بەواتای جەستەی ئاهەنگساز وجەستەی وەرگر بەیەکەوە بەشدارن لە بنیاتنانەوەی پانتایی، ئەوەش داڕشتنەوەی پانتایی نیە، چونکە ئاهەنگساز بۆخۆی پانتاییەکەیە، وەک چۆن وەرگر ئەبێتەوە پانتایی، ئەوە ساتی ئاگایی هەریەکە لە ئاهەنگساز

ووەرگرە، هەموو ساتێک وەرگر هەست بە بوونی خۆی ئەکات ئەشێ ئەو هەستێتو داوای لێ بکرێت کە کارەکە لەگەڵ نیگار تەواو بکات، بۆیە ئەو بەدوای ئەوەوە نیە کە ئاخۆ ئەوەی ئەو ئەیبینێت باسی چی دەکات، بەواتای تێگەیشتن شتێک نیە، ئەوەش گۆڕینی ستراتیژیەتی گوتارە، کە بە قوتابخانە گەل بوونی شانۆ گەمەیەکی کۆن و حیکایەتێکی بەسەرچووە، ئاگایی بینەر لەبەردەم ئەو پڕۆژە ئەلتەرناتیڤەی دەنگ ئەیگەیەنێتە گوتاری باڵا بەوەی ئەوە پڕۆسەی میتا شانۆیە، تەواو بوونی هەموو ئەو مانایانەیە کە بەدرێژایی زەمەن رۆحی زیندەگی ناو شانۆی ئێمەی کوشتووە، ئەو پڕۆژە ئەلتەرناتیڤە توانای ڕزگارکردنی شانۆی هەیە لەتەواوی ئەو ئاستەنگە زەمەنیانەی کە لە ڕابردوودا بۆتە هۆی ئیشکالیەتی شانۆ، بەڵام ئەو قسەیە مانای وانیە کە ئەوە ببێت بە فۆڕمێک بۆ سەپاندنی گوتاری شانۆ، بەقەد ئەوەی وەک ئەزموون وهەوڵێکی ئەلتەرناتیڤ لەشانۆی ئەزموونگەری کوردیدا سەیری دەکەین، کە هەوڵێکی بوێرو چاونەترسانەیە توانای دەستکاری کردنی تەواوی بونیاد وبنەماکانی ناو شانۆی هەیە، بۆیە بینەر لەو کاتەدا ئەوەی بەلاوە گرنگ نیە کە تێگەیشتن لەبەرامبەر ئەوەی دەیبینێت ودەیبیستێت بیگەیەنێتە مەبەستێک، چونکە مەبەست تەنیا پەڕینەوەیە بۆ ئەوەی ببێتە کەناڵی پێکگەیشتنی نێوان ئاهەنگساز ووەرگر، ئەو پێکگەیشتنەش لەسەر بنەمای هەستکردنە بە پێرفۆڕمانس، هەمو ئەمانەش پێویستیان بە ئەزموونی زیاتر وگفتوگۆی قووڵتر هەیە لەسەر ئەو پڕۆژەیە بە هیوای ئەوەی لەداهاتوودا پڕۆژەکان

بەتەواوی ببینین وبتوانین لەدەرفەتی سەربەخۆی ڕەخنەیی زۆر ووردبینانەتر قسە لەسەر چۆنیەتی چەمک وئامادەبوونی لەناو ڕووبەرە جیاوازەکانی نمایش بێینەوە گفتوگۆکردن، ئەو نووسینەی ئێستاش تەنیا دەسپێکێکە بۆ پڕۆژەی ڕەخنەیی بۆ داهاتوو.

## پەراوێزو سەرچاوەکان:

(1) چێژ لە گۆڕینی مانا وگەمەکردن بە دال توانای ڕاشلەقاندنی ماناکانی هەیە بۆ وەدەست کەوتنی دەلالەتی کەشف نەکراو.

(2) کچە شانۆکاری سەنگافوری (سن سن) کە وەک ئەکتەر لە لابۆری شانۆی لالش کاری کردووە، پێشتریش لە لابۆرەکەی گرۆتۆفسکی دەرکەوتووە، بڕوای وایە کارکردنی لەو لابۆرە توانیویەتی لە تارمایی گرۆتۆفسکی وئەزموونەکەی ڕزگاری بکات وبەرەو پڕۆژەی ئەلتەرناتیڤ بۆ نواندن بیهێنێت.

(3) ئەگەرچی تێکست بەمانای تێکستی نووسراو بوونی نیە، ئەوەتە شەماڵ عومەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات "چیتر بۆ بیرۆکەی چاوەڕوانی پێویستم بە چاوەڕوانی گۆدۆی بیکت نییە" ئەو دەستەواژەیە پێمان دەڵێت: شانۆکار شانۆ بنیات دەنێت نەوەک تێکستی نووسەر.

(4) لەو بارەیەوە تێکستێکی تیۆریمان نووسیووە بەناوی (شانۆی پۆلیڤۆنی) کە چۆن دەنگ دەبێ بە جولە و جولە ئەبێتە دەنگ، ئەو گریمانەیە لە لابۆری شانۆی لالش جیاوازە، جیاوازیەکەشی لەوەدایە لەوێ بونیادەکان دەبنە دەنگ، بەڵام ئەوەی ئێمە لە پڕۆژەی پۆلیڤۆنی پێشنیارمان کردووە پەیوەندیەکی دۆنا دۆنی نێوان جولە ودەنگە.

(5) لەو بارەیەوە نیگار حەسیب دەڵێت "دەنگ تەنیا بۆ گوێچکەکان نیە، بەڵکو بۆ چاوەکانیشە"

(6) لابۆری شانۆی لالش/ نیگار حەسیب و شەماڵ عومەر، رامان/ ژمارە (64) لا 36

(7) هەمان سەرچاوە/ لا 38

(8) هەڵبەت ئەگەر بۆ قۆناغی هەشتاکان بگەڕێینەوە، کە دەبینین گوتاری شانۆی ئەزموونگەری کوردی ویستوویەتی گوتارێکی جیاواز لەنمایشی شانۆیی بنیات بنێت، دیسان ئەوە شەماڵ عومەر بووە لەڕێگەی هەوڵە جدیەکانی لەو شانۆیەدا ویستوویەتی شانۆیەکی ئەزموونگەری و جیاواز بێنێتە بوون کە هەوڵەکان بوونە سەرەتایەک بۆ لابۆری شانۆی لالش.

(9) شانۆکار، ژمارە (1) بەهاری 2007، لا 6

(10) ماریۆ بیاجینی، کە ئەکتەر وکارگێڕێکی گرنگی سەنتەری کارکردنی گرۆتۆفسکی یە ویاریدەدەری تۆماس ریچاردە ووتی: کاری شانۆیی ئۆدینی (یۆجینۆ باربا) م دیووە، بەڵام هێندەی ئەم ئەزموونەی ئێوە کاری تێنەکردووم، شانۆکار ژمارە (1) لا 26

(11) ئاڵوگۆڕی میتۆدی لەنێوان لابۆری شانۆی لالش وسەنتەری کارکردنی گرۆتۆفسکی دا/ شانۆکار ژمارە (1) بەهاری 2007، لا 26

(12) لابۆری شانۆی لالش/ نیگار حەسیب و شەماڵ عومەر، رامان/ ژمارە (64/ لا 39

(13) الجسد الكرنفالی/ أندری كلافل، ترجمه (حسن المنيعى) مجله علامات، العدد (4)

(14) یۆژینیۆ باربا: ووزەی ئەکتەر وئەنترۆپۆلۆژیای جەستە/ نیهاد جامی، شانۆکار، ژمارە (6/7) ی 2009، لا 137

(15) طاقه الممثل/ أوجينيو باربا واخرون، ترجمه (د. سهير الجمل) أكاديميه الفنون وحده الاصدارات المسرح (33) ص 286

(16) شەماڵ عومەر: شانۆی من لە جیهاندا بەخورە/ شانۆکار، ژمارە (6/7) ی 2009، لا 102

(17) لابۆری شانۆی لالش/ نیگار حەسیب و شەماڵ عومەر، رامان/ ژمارە (64) لا 37

(18) هەمان سەرچاوە، لا 39

# بونیادی وێنەیی وپێکهاتەی شیعریی لە پانتاییەکانی نومایشتی شانۆییدا

شەماڵ عومەر

ئەگەر دەق ڕووبەرو پانتاییەکی سەربەخۆ بێ و دەسەڵاتی ووشە حوکمڕانی خۆی تێدا بکات، دیسانەوە ووشە جەمسەرێکی تر بێت بۆ بونیادنان و گەیاندنی گوتاری داهێنان، ئەوا لە بونیادی وێنەییدا زمانی گوتار پێکهاتەیەکی چڕو خەستی بینراوەو بارستە ئیمبراتۆری مەملەکەتی بۆشاییە. هەر ئەم بۆشاییەشە نرخی گەورە و سەخت بە بوونەوەرە ماددیەکانی پانتایی دەبەخشێت. بۆشایی چڕ نرخی پێکهاتەی بینراو باڵاتر دەکات، تاریکی دەزوولە ڕەنگاڵەییەکان ڕەنگاڵەتر دەکات، سێبەر بەهای ئیستاتیکی بە هێل و بارستە دەبەخشێت، واتای نوێ بە جەستە دەبەخشێت. نهێنی ئەفسووناویی پانتایەکانی شانۆ لەساتە هەرە ترسناکەکانی داهێناندا، بریتیە لە چۆنێتی ئاراستە کردن و دارِشتنەوەی بۆشایی، ئەمەش دیسانەوە لەبواری ئاراستەکردنی ڕەگەزە شانۆییەکانەوە دێتە دی. سەرەڕای ئەوەش کە هەندێ جار بۆشایی مەزنترین بارستەیە، هەروەک چۆن هەندێک جار بێدەنگی مەزنترین دەنگە. کێشەی داهێنان لەهەناوی ئەو پەیوەندیەدا خۆی حەشار داوە، کە دەرهێنەر دەبەستێتەوە بەو پانتاییە دەلالیەی کەهەردەم لەبارە بۆ سەرپێچی کردنە دژ بە ئاسایی و هەموو جۆرێتیەوە. پانتاییە دەلالیەکانیش پێکهاتنی

ڕەگەزە جیاوازەکان و یەکگرتنیانە لەکردەیەکی بەیەکداچووی ئۆرگانی و ئیستاتیکیدا.
نومایشتی شانۆیی هەیکەلێکی بونیاتگەرییە وهەر بارستەیەک تیایدا هێمایەکی دەلالیە، سەرجەمی ئەو هێمایانەش جەستەی نمایش پێک دێنن، کردەی دەرهێنان لەم تێڕوانینەوە بەهای پێکهاتن و داڕشتنەوەی ئەو شکل و جەستانەیە لەیەکەیەکی وێنەیی ئاڵۆز وبینراودا کە بەپێی پێویست دەبێتە هۆی پێکهێنانی نومایشتی شانۆیی. لەم ناوەندەدا، پرسیار، پرسیاری خوڵقێنەری شارستانیەت خۆی مەلاس داوە، ئایا هێماکان دوور لە مەدلولاتەکانیان بەرجەستە دەبن و لەبۆشاییدا گەردوونێکیتر نادۆزنەوە؟ ئایا جەستە لەم گەردوونەدا بێلایەن و بێگوناهە؟ کە جەستە زیندوو بوو فەرمانەکانی ڕۆح بەڕێوە دەبات، کە جەستە بزوا ڕۆح پریشکی ئەبەدیەت دەپرژێنێ، هەر جەستەیە دەلالەتی ڕۆح ، ڕۆحی وێنە، ڕەنگ، هێل، جولە، بۆشایی، دەکاتە جەمسەری یەکەمی هاوکێشە باڵاکەی گوتار، گوتاری نومایشت، کەواتە جەستەی نومایشت بونیادی وێنەیی و ڕۆحیش پێکهاتە شاعیریی و بینراوەکەی نومایشتە.
هەر لێرەوە ئەرکی گوتار لەژێر کەینونەی ووشەدا ئاڕاستە نابێت، بەڵکو هەڵوەشاندنی ووشەیە.. تەقاندنەوەیەتی.. کەڕنەڤاڵی وێنەییە. هەر ئەمەشە بینەران لە هەڵچوونی ڕووکەش قووتار دەکات و بەرەو گەردوونێکی نوێ لەبۆشاییەکی نوێدا باڵیان پێ دەگرێت. بۆیە گوتاری بۆشایی ڕژێمێکە لە هێماکان و هەموو جەستەیەک کردارێکی دەلالی لەخۆوە دەگرێت، ئەم چالاکیە

سیمیۆلۆژیەش لەو ڕژێمانەیە کە ئەرکی جەفەنگ و ئاماژەی جەستەی تیا بەدی دێت. ئەو ساتانەی گوتاری جەستەی تیا دەخوێنرێتەوە ئاماژە بۆ بونیادەکەی دەکرێت، مەسەلەکەش مادامەکی بونیادە، ئەوا سیستمێک لەخۆوە دەگرێت. دەست نیشان کردنی هەر سیستمێکیش ئاشکراکردنی ئەو بۆشاییە کە جەستە کاری تیا دەکات. لێرەوە خوێندنەوەی مەعریفی ئەرک پێکردنی ئەو پانتاییانەیە کە (بۆشایی و جەستە) جولە و سیستمی ناوەکی خۆیانی تیالا وەردەگرن. کەواتە یەکێک لەساتە هەرە گرنگەکانی (خوێندنەوە/ چارەسەرکردن) دیاریکردنی ئەو ڕەوت و جولەییە کە لەنێو بونیاددا کار دەکات، کەواتە

-1 بونیادی وێنە بەتەنیا ئەو هەیکەل و نەخشە گشتیە نیە کەسەرجەمی ڕەگەزەکان دەبەستێتەوە، بەڵکو ئەو سیستەمەشە کە پێکهاتنی ناوەکی بونیادەکە دیاری دەکات

-2 ئەو پەیوەندیە ئاشکرایانەی بەستنەوەی ڕەگەزەکان (جولە/ ڕەنگ/ هێل/ سێبەر/ هتد) بەدی دەهێنن، کەمدەستن لەوەی بەتەنیا بمانگەیەنێتە سەرەنجام، بەڵکو شان بە شانی ئەمەش دۆزینەوەی ئەو ڕەوتەیە کە جولەی نێو بونیادەکەی تیا کار دەکات. -3 لەگوتاری نمایشدا بەتەنها گرنگی نادرێت بە ڕەگەز یان بە گشت، بەڵکو گرنگی دەدرێتە سەرجەمی ئەو پەیوەندیە بەهێزانەی کە لەبۆشایدا درووست دەبێت، هەر بەو پێیەش کە گشتی هەر بونیادێکی نومایشت تەنیا ئەو سەرئەنجامەیە کەبەهۆی پەیوەندیەوە دەخولقێت.

گوتاری بۆشایی شیعریەتی خۆی لەوەدا بەدیار دەخات کە

بەرەنجامی پرۆسیسێکی ئاڵۆز و پێکهاتەییە تیایدا، هۆکار و ڕەگەزەکان موڵکیەتی خۆیان دەسەپێنن، کەواتە دامەزراندنی پێکهاتەی وێنەیی لەبۆشاییە سەختەکانەوە بونیادی شیعریی بەدەست دەهێنێ و لەم نێوەندەدا جەستە یەکەمین هەنگاوی ئیستاتیکیانەی دەخەملێت. کە جەستەش هەنگاو بنێ، ئەوا گوتاری بۆشایی زەمەنە میتۆلۆژیەکەی دەکاتە مێژووی ئێستا و داهاتوو، ئەو مێژووەی کە "دەرهێنەرانی شانۆی کوردی" ڕووبەرێکیان لە پانتایی خەیاڵیاندا بۆ تەرخان نەکردووە، هەر ئەمەشە وای کردووە کە تێڕوانینی کاڵ و کرچ و ئاسایی ببێتە ئەبستیمی قۆناغەکە و پرسیارە گوریدەکان ببنە بەر قەرار ودژ بەهەناوی نەسرەوتی زەمەن بووەستنەوە.

بۆیە ووتاری باو بووەتە ووتاری دەسەڵات و لە پانتاییە تەسکەکانی پڕۆژەی شانۆی کوردیدا کەڕنەڤاڵی بەرگریکردنی بۆ ساز بووە وهەوڵی بەگشتی کردنی دراوە. لەلایەکی دیکەشەوە دژ بەهەر جۆرە ووتارێکی نوێ وەستاونەتەوە کە لەساتێکدا هەوڵی خرۆشاندنی پرسیاری داهێنەرانەی دابێ یان ویستبێتی زەمینەیەک بۆ داهاتووی پڕۆژەکە بڕەخسێنێ کە خوڵقێنەری پرسیاری نوێ بێت.

گوتاری بۆشایی کودەتایە بەسەر زانراوو ویستراودا، هەڵتەکاندنی گوتاری باوە، ئەو گوتارە باوانەی کە مێژوویەکە بوونەتە مایەی جاڕس کردنی (کردەی بزاوتە) و دیسانەوە ئەبستیمی قۆناغەکەیان بە بازنەیی هێشتۆتەوە، ئەو ئەبستیمە بازنەییەی کە نابەخشێ و وەرناگرێت دەروازەی لەبەردەم

جەستەدا کڵۆم داوە.
باڵا دەستی بۆشایی لەو ساتانەدایە کە دەبێتە بەرهەم و زادەی خەیاڵی دەرهێنەر، دەبێتە ئەو پانتاییانەی کە جەستە لەبواریەوە خۆی ئاراستە دەکات و مانا و واتای نوێ وەردەگرێ و لەسەر ئاستە قووڵەکان خوێندنەوە بە ئەنجام دەدات. خوێندنەوە بۆ بوون "پانتاییە سۆسیۆلۆژیەکان"خوێندنەوە بۆ ناوەوەی خۆی و بە ئاراستەی دەرەوەش. هەر لێرەدا ولەم پانتاییەدا زەمەنی میتۆلۆژی خانە ڕاستەقینەکانی خۆی دەپێکێ و لە مەملەکەتێکی باڵا دەستا خەیاڵ و خەونی ڕەنگاو ڕەنگ دەکاتە حوکمڕانی بۆشایی. هەر زەمەنی میتۆلۆژیە کە ڕەنگی نومایشت لە ئەویتر جودا دەکات،
خەونێک تیایدا لەخەونێکیتر ناچێت و مەملەکەتێکە چەندەها مەملەکەتیتر لەخۆیدا جێ دەکاتەوە و بەردەوامیش لەبونیاتنانی دەیەهای تردایە.
ئەبستیمی زەمەنی میتۆلۆژی ئەبستیمی گۆڕیدەیە، ئەو ساتانەن کە کردەی ڕووخاندن و لەقاندن و ڕماڵین دەکەنە بەرپرسیاری خۆیان، کەواتە هەر زەمەنی میتۆلۆژیەکە لەبۆشاییدا جەستە تێک دەشکێنێ و لەهەمان ساتدا لەبۆتەو ڕەوتێکی نوێدا بنیاتی دەنێتەوە، واتە جەستەیەکی تر و لە بۆشاییەکی تردا. ئا ئەمە ئەو هاوکێشە گۆڕیدە و سەختەیە وادەکات بەهەموو سەرقاڵ بوویەکی شانۆیی نەووترێت دەرهێنەر و بەهەموو پیشان دانێکیش نەووترێت نومایشت. کەواتە بونیادی دەرهێنان پێکهێنانی بۆشاییە، دامەزراندنی جەستەیە.. خوێندنەوە و

نووسینەوەی دەق و شوێن و کاتە. لەگوتاری بۆشاییدا جەستە چنراوێکە لەیەکەکانی سیمیۆلۆژی، ئەمەش دیسانەوە وا دەکات کە پەیوەندیەکان بە جۆرێکی تر دەرکەون. پەیوەندی دەرهێنەر بە "بۆشاییەوە بە بارستەوە بە دەقەوە" پەیوەندی ئەکتەر بە "دەرهێنەرەوە بە بینەرەوە بە دەقەوە" پەیوەندی نووسەر بە دەقەوە بە بۆشاییەوە بە دەرهێنەرەوە" باسکردن لەهەریەک لەم ڕیزکردنانە توێژینەوەی فراوانی دەوێت، کەواتە: "بونیادی بۆشایی ڕوویەکی تری شیعرە، بەڵام شیعرێکە ڕۆح بەرجەستەیە و زەمەنیش دەبینرێت"

## نیگار حەسیب: من تەمسیلی فیگورێك ناکەم کە نووسەرێك لەوەوپێش نووسیویەتییەوە

د.نیگار حەسیب قەرەداغی لە ساڵی ١٩٨٨ ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواو کردووە و سێ ساڵ مامۆستا بووە لە بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی، لە سەرتای نەوەدەوکانەوە لەگەڵ شەماڵ عومەری هاوسەری لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا دەژین و خەریکی کاری شانۆیین، لەساڵی ٢٠٠٠ لەکۆلێژی زانستی شانۆ لە ڤیەننا بەتێزی (ئامادەیی جەستە لەپانتایی و زەمەندا، تێڕوانینینێکی نا ئەوروپیانە بۆ کاری پێرفۆڕمێر) بڕوانامەی ماستەری وەرگرتووە، لەهەمان کۆلێژ و لە ساڵی ٢٠٠٦ بەتێزی (کاری شانۆیی و پێرفۆڕمانسی ریتوالی) بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووە، لەکاتی ئەنجامدانی وۆرک شۆپەکەی لابۆری شانۆی لالش لەشاری هەولێر بۆ کۆمەڵە لاوێکی شانۆکار ئەو دیدارەمان لەگەڵ د. نیگاحەسیب ئەنجامدا لەپێرفۆرمانسەکانی ئێوە دەنگ وەک توخمێکی گرنگ تەماشا دەکرێت، ئایا جەستەش هەمان گرنگی هەیە؟ یان فەرامۆشکراوە؟

**د.نیگار حەسیب قەرەداغی:** ئێمە لەو خاڵەوە ئیشەکانمان دەست پێدەکەین کە دەنگ و جەستە یەکن، راستە دەنگ تەرکیزێکی گەورەی لەسەرە و لەسەنتەری کارەکانماندایە، بەڵام جەستەش بەهەمان شێوە، دەنگ خۆی دەبێتە سەرچاوە بۆ کاری جەستەیی لەنمایشەکانماندا، بەبێ جەستە ناتوانین دەنگ بەو شێوەیە بەکار

بێنین کە ئێستا بەکاری دێنین لە لابۆری شانۆی لالش_ دا، رەنگە لای گروپێکی تر یان کەسێکی تر دەنگ بەکار بێنیت بەبێ ئەوەی کاری جەستە بکات و جەستە فەرامۆش بکات، بەهەمان شێوە کاریگەری هەبێت لەسەر بینەران و جێی خۆی بکاتەوە لەسەر ئاستی شانۆی نێو نەتە وەییدا، بەڵام لای ئێمە چەند دەنگ گرنگە بەهەمان شێوە جەستەش گرنگە.

ئایا لە لابۆری شانۆی لالش گرنگی بە (کیرۆگرافیا) دەدرێت؟ واتە دەمەوێت بڵێم جوڵە دەنگ بەرهەم دێنێت یان دەنگ توانای خوڵقانەوەی (کیرۆگرافیا)ی هەیە؟

**د.نیگار حەسیب قەرەداغی:** لای ئێمە دەنگ سەرچاوەی جوڵەیە. کەواتە دەنگ کویرۆگرافی جوڵە دەکات، چونکە ئەو شێوازی دەنگەی کە ئێمە بەکاری دێنین یاخود ئەو گۆرانیانەی ئێمە بەکاری دێنین لە پێرفۆڕمانسەکاندا گۆرانی نین وەک وتنی گۆرانی، واتە وەک گۆرانی بێژێک گۆرانی ناڵێین، نەخێر ئێمە وەکو (پێرفۆڕمێر) نمایشکار گۆرانی دەڵێین، هەموو جوڵەیەک لەدەنگەوە لەدایک دەبێت، دەنگ خۆی داوای شێوازی جوڵە تیمپۆی جوڵەکان دەکات، ئێمە لەدەرەوەی کارەکە کیرۆگرافی بۆ جوڵە و جەستەمان دانانێین، بەڵکو گۆرانیەکە لەگەڵ وتنەوەی زۆریدا و کاری بەردەوای رۆژانە و لابۆری، فۆڕمێکی تایبەتی جوڵە دروست دەبێت، ئەو ئەو فۆڕم و جوڵەیەیە کە رووداوێک دروست دەکات، چونکە ئێمە لە پێشدا رووداوێکمان نیە تا بێین بۆ رووداوەکە گۆرانیەک دانێین و بەپێی ئەو گۆرانیەش کۆرۆگرافی جەستەمان بکەین، نەخێر.. بۆ ئێمە دەنگ سەرچاوەی

هەموو شتەکانە، دەنگ سەرچاوەی کاری فیزیکاڵیە (جەستەیی) و بەهۆی ئەوەشە ڕووداوەکان دروست دەبێت، بەهۆی ئەو ڕووداوانەشەوە پێرفۆڕمانسێک دروست دەبێت.

لابۆری شانۆی لالش زۆر قسە لەسەر (ئەنەرژی) دەکات، من دەمەوێت لێرەوە لە تۆ بپرسم، تۆ وەک نیگار تەنها لەڕێگەی دەنگەوە ئەنەرژی لەگەڵ بینەر پەخش و ئاڵوگۆڕدەکەی، یان پشت بە لایەنی فیزیکاڵیش دەبەستیت؟ هەروەها چۆن ئەنەرژی دەنێریت و چۆن وەریدەگریتەوە؟

**د.نیگار حەسیب قەرەداغی:** (ئەنەرژی) وزە شتێکە ئێمە ناتوانین پێناسەی بکەین، بەڵام وزە شتێکە دروست ئەبێت، یاخود شتێکە تۆ ئەیخولقێنیت بەهۆی کۆمەڵێ ڕەگەزی تایبەتییەوە، بەهۆی دەنگ و جەستەوە و بەهۆی خولقاندنی ئەتمۆسفێرێکی تایبەتی لەپانتاییدا، بەهۆی هاتنە ژوور و دانیشتنی بینەرانەوە، بەهۆی ڕووناکیەوە، ئەمانە هەمووی کۆمەڵێ ڕەگەزن کە دەتوانی بەهۆیانەوە وزەیەکی تایبەتی لەپانتایی و زەمەنندا بخولقێنی، چۆن دروست دەبێت ئەوە کاری تۆیە، بەڵام ناتوانی دەستی لێبدەیت، ناتوانی ببینی، بەڵام هەستی پێدەکەیت، دەنگ ئەو وزەیە دروست دەکات، بەڵام بەهەمان شێوە جەستەش بەشدارە، چونکە دەنگ و جەستە یەکەیەکن و بەهەردووکیانەوە ئێمە ئەنەرژی لەگەڵ بینەراندا دەخولقێنین.

باشە با پرسیارەکەم بەم جۆرە بێت ئەمجارە، تەنها ئێوە وەک پێرفۆرمێر ئەنەرژی پەخش دەکەن؟ یان لەبینەریش ئەنەرژی وەردەگرنەوە، چونکە ئەوەی من تێبینیم کرد لەم وۆرک شۆپەدا

تۆ بۆ ماوەی چەندین سەعات لە جوڵەدابووی؟
**د.نیگار حەسیب قەرەداغی:** رەنگە وزە راستەوخۆ پەیوەندی بەکاری جوڵەییەوە نەبێت، رەنگە لە بێدەنگیەک و راوەستاوییەکی ساتەوەختیدا بەهەمان شێوە تۆ بتوانی وزە دروست بکەیت، کەواتە وزە راستەوخۆ پەیوەست نیە بە جوڵەوە، هەتا ئەمە کێشەیە لە ئەوروپا، پێرفۆرمێرەکان کە باسی ئەنەرژی لەگەڵ ئەکەیت لەپانتاییدا، وادەزانێ بەهۆی جوڵەیەکی زۆر و راکەراک و بازدانەوە تۆ ئەو وزەیە ئەخولقێنی، نەخێر .. رەنگە زۆر جار تۆ بەهۆی ئەوەوە وزەکە بکوژی، من تەها لەپێرفۆرمەکانی ترەوە وزە وەرناگرم، هەروەها من تەنها ئەنەرژی پەخش ناکەم، بەڵکو وەریشی دەگرمەوە، چونکە ئەگەر ئەو ئاڵوگۆڕە وزەییە نەبێت لەنێوان و من و بینەراندا، ئەو ئەتمۆسفێرەش دروست نابێت، پێرفۆڕمانسەکەشم ئەکاریگەرییە دروست ناکات کە من دەمەوێت بیکات، بەهۆی خولقاندنی ئەتمۆسفێرێکی تایبەتەوە من وا لەبینەر دەکەم ئەو ئەنەرژیەم بداتەوە، نەک بلۆکی بکات، نەک بیوەستێنێت، نەبێتە دیوارێکی جێگیر و ئەنەرژیەکەی من لێی بدات و نەیگەڕێنێتەوە، چونکە لەو حاڵەتەدا من دەکەوم و وزەم بەکۆتا دەگات، هەر بۆیە ئێمە لەبازنەدا کار دەکەین، کە بینەران بەچوار دەوەرماندا دادەنیشن بتەوێی نەتەوێ بەهۆی ئەو شێوە دانیشتنەوە ئەتمۆسفێرێکی تایبەت دەخۆڵێت.. وزە بەردەوام لەئاڵۆگۆڕدا دەبێت، نەک تەنها لەنێوان من وەک پێرفۆرمێر و بینەر بەڵکو لەنێوان بینەر و بینەریشدا ئەو ئاڵوگۆڕە دەبێت، کە ئەمەش کارێکی زۆر گرنگ ئێمە لە لابۆری شانۆی لالش_دا

تەئکیدی لەسەر دەکەین، چونکە لەشانۆی (عولبە) سنوقی تۆ بتەوێ و نەتەوێ ئەنەرژییەکە تەنها بەیەک ئاڕاشتەدا دەڕوات، لەتەختەی شانۆوە بۆ شوێنی دانیشتنی بینەران و ناگەڕێتەوە، هەر بۆیەش زۆر جار لەو جۆرە نمایشانەدا ریتم دادەبەزێت، هەروەها وزە وەک وزەی مرۆیی ئەکتەر دادەبەزێت و ئەکتەر دەڵێ ئەمڕۆ ساردبووم، بۆچی ئەمڕۆ ساردبووم، لەبەرئەوەی هیچ وزەیەک ناگەڕێتەوە بۆی، تۆ بینەرت خستۆتە ناو تاریکیەکی قوڵەوە، نازانی ئایا خەوی لێکەوتووە، بەردەوامە لەگەڵتدا؟ یان پێدەکەنێ لەگەڵتدا یان دەگری لەگەڵتدا؟ مۆچوڕک بەلەشیدا دێت یان نایەت؟ ئاگات لێی نیە، تۆ دیوارێک هەیە لەنێوانتاندا، تائێستاش باسی دیواری چوارەم دەکەین نازانین دیواری چوارەم چیە، وادەزانین پەردە داخستن و پەردە لابردنە، دیوار ئەو سنوورەیە کە من لە نێوان خۆم و بینەردا دروستی دەکەم، بینەر هەست بەبوونی من ناکات وەک نیگار، وەکو مرۆڤێک، وادەزانێ من شتێکی دەرەکیم، یان غەریبم بەو، هەتا ترسەی ئەوەی هەیە کە دەستم لێبدات یان قسەم لەگەڵ بکات، لەبەرئەوە ئەو هەموو بلۆکاتە یان ئەو هەموو بەربەستە کە دروست دەبێت وزەکە دەوەستێنێت، بەڵام من زۆر جار سەرنجمداوە لە بینەرانی لای خۆمان(بینەرانی نمایشەکانی لابۆری لالش) کە دوای چەند دەقەیەک شێوەی دانیشتنی ئەگۆڕێت، ئەگەر پێی لەسەر پێی بێت لەوانە پێی دابنێت، بەمە هەستەکەم شتێکی تایبەت دروست بووە، وزەیەک هەیەو ئاڵوگۆڕ دەبێت لەنێوان من و ئەوان، زۆرێک لە بینەران دەستەکانی ئەکاتەوە وەک ئەوەی بڵێ وزە

درەکە و من ئەیگەڕێنمەوە بۆت، من وزەکە ناشارمەوە، ئەو وزەیە بەناو جەستەی ئەودا تێدەپەڕێت و یەدات لە دوارەکە و جارێکی تر دەگەڕێتەوە ناو ئەو بازنەیەی کە دروستکراوە، لەبەرئەوە بابەتی ئەنەرژی زۆر زۆر گرنگە لە کارەکانی ئێمەدا.
ئەو وزەیەی کە ئێوە وەک لابۆری شانۆی لالش باسی دەکەن، ئایا هەمان ئەو وزەیەیە کە یۆژینیۆ باڕبا باسی دەکات یان جیاوازە؟ ئەگەر جیاوازە لەکوێدا جیاوازە؟

**د.نیگار حەسیب قەرەداغی**: ناتوانم بڵێم جیاوازە یان جیاواز نیە، چونکە باڕبا و هەرکەسێکی تر کە باسی ئەو وزەیە دەکات کە لە ئەتمۆسفیرێکی تایبەتیەوە دەخولقێت، زۆر کەس باسی دەکات و زۆر کەس تەئکیدی لەسەر دەکاتەوە لە نمایشەکانی، بەڵام ئەو لە چ سیاقێکدا ئەو وزەیە بەکار دێنێ و لەکوێدا گرنگە بۆی؟ ئایا ئەو وزەیە لای ئەو گرنگە بۆئەوەی ئەکتەر هەمیشە وزە ببەخشێت و وەرگرێتەوە، یاخود گرنگە بۆئەوەی بینەر بە بەردەوام ئامادەبێت و خەونەیباتەوە، واتە هەر دەرهێنەرێک یان گروپێک ئەو وزەیە لەسیاقێکی تایبەتی خۆیدا بەکاردێنێتەوە، بۆیە من نامەوێت بەراوردێک بکەم لەگەڵ ئەو وزەیەی کەباڕبا باسی دەکات تا بڵێم وەک ئەوە یان نا، ئەو ل کۆنتێکستێکداا بەکاری دێنێ و من لەسیقێکی تردا بەکاری دێنم.

ئێوە مەشقەکانتان دەکەنەوە بە نمایش، یان مەشقەکانتان تەنها مەشقی شانۆیین و تەواو؟

د.نیگار حەسیب قەرەداغی: ئێمە سێ قۆناغمان هەیە بۆ کارکردن، چونکە ئێمە لابۆرمان هەیە و جیاوازین لەگەڵ گروپێکی شانۆییدا

که بەشێوازی لابۆری کار ناکات، جیاوازی لابۆر و گەڕان و توێژینەوە لەوەدایە کە تۆ بەبەردەوام کۆمەڵێ رەگەز و تەکنیکی دەنگی و جەستەیی هەیە کە ئیشی لەسەر دەکەیت، ئەگەڕێی بەشوێنیدا و پێشیدەخەیت، ئەمەش نەک بەمەبەستی ئەوەی کە پێرفۆڕمانسێک بکەیت، نا.. بەڵکۆ بۆ پەروەردەکردنی تۆیە وەک پێرفۆرمێر، ئەمە بەشێوەیەکی گشتی وەک بابەتی لابۆریە لای ئێمەبێگۆمان تۆ بۆئەم گەڕانە پێویستت بە مەشق هەیە، مەشقەکانیش دەنگیە.. فیزیکاڵیە.. ئیشکردنە لەگەڵ ماتریالەکاندا، جا ئەو ماتریالانە دارە.. بەردە.. ئاوە ..هتد، پاشان ئیشکرنیشە لەگەڵ یەکتریدا، ئیشکدرنە لەگەڵ گروپدا واتا پێکەوەیی، ئەمانە هەمووی ئیشی لابۆرین، پاشان ئەم مەشقە نابێتە نمایشێک، نەخێرە ئەم مەشقە ئامادەت دەکات بۆ نمایشێک، جەستە و دەنگت ئامادە دەکات و خەیاڵت فراوان دەکات بۆئەوەی بتوانی پێرفۆڕمانسێک ئامادەبکەیت، لای ئێمە راستە لەبەرئەوەی لەوەو پێش کۆنسێپتێکی تایبەتمان نیە، یان دراماتۆرگێکمان نیە بەو شێوە تەقلیدییەی کەلە شانۆدا باس دەکرێت، یاخود دەقێکمان نیە تابڵێین ئەم دەقە دەردەهێنین و ئێستا من مەشق دەکەم بۆئەوەی ئامادەبم بۆ تەمسیلکردنی فیگورەکەم، نا.. ئەمانە هەمووی بەیەکەوە بەستراونەتەوە لەلابۆرەکەی ئێمەدا، مەشقەکان خۆئامادەکردنێکە بۆئەوەی من بتوانم (ئەکسیۆن) دیمەنێ ئامادەبکەم، کە ئەو کسیۆنە لەگەڵ ئەکسیۆنێکی تردا پێرفۆڕمانسێکی گەورە دروست دەکات، ئێمە هەرگیز نازانین کەی پێرفۆڕمانسێک لەدایک دەبێت، لەبەرئەوەی کاری لابۆرەکەی

ئێمە لە توێژینەوە و گەڕانێکی بەردەوامدایە، ڕەنگە لەماوەی شەش مانگدا پێرفۆڕمانسێک بخوڵقێ, ڕەنگیشە لەماوەی دوو ساڵدا ئێنجا ئەو پێرفۆڕمانسە ئامادەبێت.
لابۆری شانۆی لالش دەسەڵات لەنێوان ئەکتەر و دەرهێنەردا چۆن دابەش دەکات، مەبەستم ئەوەیە ئەو هاوکێشە تەقلیدیەی (دەق+ دەرهێنەر+ ئەکتەر+ بینەر) چۆن تێک دەشکێنێت و کار لەسەر سیانەکەی دیکەیان دەکات؟
**د.نیگار حەسیب قەرەداغی**: شەماڵ لە ساڵی ١٩٩٨ و ١٩٩٩ لەسەرتای دامەزراندنی لابۆری شانۆی لالش_دا مانیفێستێکی کورتی نووسی، کەتیایدا کۆمەڵێ چەمکی وەک دەرهێنەر و دیکۆریست و ئێناریێست و نووسەر و ئەکتەر و..هتد. کە تا ئێستاش ئەم چەمکانە باون لە شانۆی جیهاندا، ڕەت کردەوە، ئەمە شتێکە تایبەت بۆ ئێمەیە، ئەمە فۆڕمێک نیە من بیسەپێنم بەسەر شانۆی کوردیدا یان شانۆی جیهاندا، نەخێر ئەمە پێشنیازێکە بۆ کاری من، ئێمە دەرهێنەرمان بەو شێوەیە نیە کەدەیناسین، هەروەها ئەکتەریشمان نیە بەو شێوەیەی کە دەیناسین، لای ئێمە شەماڵ بەشێوەیەکی گشتی کاری توێژینەوە و لابۆرییەکە دەبات بەڕێوە، هەروەها هەموو ئەو ئەکسیۆنانەی کە ئامادەدەبێت و دەکرێت کۆبوونەوەی ئەمانە ببێتە هۆی دروستبوونی پێرفۆڕمانسێک کە ستراکتورێکی تەواوی هەیە، هێڵێک هەیە ئەمانە کۆدەکاتەوە بەیەکەوە لە مەسەلەی ڕیتم و جوڵەی جەستەیی و مەسەلەی پانتایی و ئەتمۆسفێرەکەدا شەماڵ ئەمانە ئەبات بەڕێوە و سەرپەرشتی دەکات، ئەو ناوی خۆی نانێت

دەرهێنەر، وەکو چۆن منیش ناتوانم بەخۆم بڵێم ئەکتەر، چونکە من تەمسیلی فیگورێک ناکەم کە لەدەرەوەی منە، کە نووسەرێک لەوەوپێش نووسیویەتییەوە، زۆر کەس باسی ئەوە دەکات کە ئێمە ئیرتیجال دەکەین، راستە ئێمە ئیرتیجال دەکەین، بەڵام ئەو ئیرتیجالەی ئێمە جیاوازە لەو ئیرتیجالەی کە لە شانۆی باودا هەیە و ئێمە دەیناسین، نەخێر.. هەموو ئیرتیجالێکی ئێمە دەبێ قابیل بە دووبارەکردنەوە بێت، چونکە هەموو جارێک هەموو کاتێک ئەو کارەی تۆ قابیل بەوەیە کە بەتەواوی ستراکتورێکی تایبەت وەربگرێت و ببێتە پێرفۆڕمانسێک، لەبەرئەوە دەبێت قابیل بەوەبێت کە دووبارەی بکەیتەوە، ئەبێ توانای ئەوەت هەبێت دووبارەی بکەیتەوە، شتێک نیە بەسەرتدا تێپەڕێت و تەواو بێت، لەبەرئەوە نە ئەکتەر و نە دەرهێنەر بەو شێوەیە لای ئێمە نیە کە دەیناسین، ئێمە ناویان دەنێین پێرفۆڕمێر و بەنمایشەکانمان دەوڵێین پێرفۆڕمانس ئەگەر دەرهێنەریش هەبێت بەخۆی دەڵێ چاودێرێکی هاوبەش،کەسێکە کەچاودێری دەکات بەڵام لەهەمان کاتیشدا هاوبەشە چونکە بەشداری دەکات.

کارکردنتان لەسەر چەمکی ریتوال چۆنە؟ ئایا پێشتر بەرنامەڕێژی و پرۆڤە بۆ خوڵقاندنی ریتوال دەکەن لە پێرفۆڕمانسەکانتان.. یان لەساتەوەختی نمایش ئەو کەشە دروست دەبێت؟

**د.نیگار حەسیب قەرەداغی:** لەبەکارهێنانی چەمکی ریتوال لە هونەردا دەبێ تۆزێ وریا بی کە چۆنی بەکار دەهێنیت، چونکە ریتوال شتێکە تۆ ناتوانی بیگوازیتەوە و لەسیقێکی هونەریدا بڵێی من ریتوالێک نمایش دەکەم، چونکە ریتوال کەسی بەشداری

خۆی هەیە زەمەنی خۆی هەیە و پانتایی خۆی هەیە، بۆنمونە تۆ ناتوانی ئەو ریتوالانەی کە لە جەژنێکی تایبەتیدا دەکرێن، بۆ بابڵێین لەرۆژی هەینیدا بێت یان لە نەورۆزدا بێت، هەموو رۆژێک ئەو ریتوالانە ئیجرا بکەیت، کەواتە ناتوانی ریتوال بگوازیتەوە وەک خۆی، بەڵام دەتوانی سوود لە ڕەگەزەکانی ریتوال وەربگری، رەگەزەکانی ریتوالیش پێک دێت لەو ئەتمۆسفێرەی کە تیایدا سنوور لەنێوان ریتوالیست و ئەو کەسانەی کەتەماشای ریتوالەکە دەکەن نامێنێت، چونکە بەوان ناوترێ بینەری ریتوال، بەڵکو دەوەترێت بەشداری بووی ریتوال، کەواتە کۆمەڵێک هەیە ریتوالەکە بەڕێوە دەبەن، راستە هەندێکیان زیاتر دیارن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەر هەموو بەشدارن لە ریتوالەکە، ئەمە رەگەزێکە تۆ دەتوانی بەکاری بێنیت، بەڵام ناتوانی پێشتر بەرنامە رێژی بۆبکەیت، چونکە تۆ نازانی چۆن ئەخوڵقێ، تەنها دەتوانی سوود لە رەگەرزە وەربگریت لە سیاقێکی هونەریدا بەکاری بێنیت، ئێمەش وەک لابۆری لالش تەنها سوودمان لە رەگەزەکانی وەرگرتووە نەک ریتوال وەک خۆی بگوازینەوە.

بۆ گرنگی بە وشەی مانادار نادەن؟ ئایا دەتانەوێ بەهۆی فرە دەلالەتی دەنگەوە قسە لەسەر کێشە گەردوونی و شمولیەکان بکەن؟ یان تەنها بەدوای گەڕان و دۆزینەوەی تەکنیکی تازەن لەناو میتۆدی دەنگیدا؟

**د.نیگار حەسیب قەرەداغی:** ئێمە کاتێک دەستمان کرد بەوەی کە زۆر بە مورەکەزی ئیش لەسەر دەنگ بکەین، بێگومان ئەوپرسیارەش لەلامان دروست بوو کە ئایا چ زمانێک بەکار

بێنین بۆ ئەو دەنگە، تۆ وەکو کرد کوردی بەکار دێنی ئەڵمانیەک ئەڵمانی ..هتد، ئەمە دەبێتە هنۆی فرە زمانی لە پێرفۆڕمانسێکدا، هەرکەسەو بە زمانی دایکی خۆی قسە دەکات، پێرفۆڕمانسیشمان هەبووە بەو شێوەیە بووە، بۆنمونە سانسان کەلەگەڵمدا ئیشی کردووە کە بەڕەچەڵک چینیە گۆرانی وتووە بەچینی، بەڵام لەناوەڕاستی ساڵی 2005ەوە هەستمان کرد کارەکانمان بەرەو ئەو ڕێگایە دەڕوات کە زمانێکی نازمانی بەکار بێنین، رەنگە لای من وەک نیگار .. من ناتوانم ئەمە گشتگیر بکەم.. ئەم زمانە بۆ من زمانێکی بەرفراوانترە، زمانێکە کە ئێمەی مرۆڤ سەر بە هەر چ کولتورێک بین و هەر باکگراوندێکی دینی و کۆمەڵایەتی سیاسی و مێژوویی و جوگرافیمان هەبێت، ئەو نازمانییە جارێکی تر کۆمان دەکاتەوە، چونکە ئەگەر من بەزمانی کوردی قسەم کرد و بینەرەکەم لە زمانە کوردیەکە تێنەگەیشت، کەواتە من سنوورێکم بۆخۆم دانا، ئەو شتەی من دەمەوێت بیڵێم ناگات، لەبەروئە ئەو زمانە دروست بوو، ئەو زمانە نازمانیەش لەخۆوە دروست نەبووە.. بەرنامەڕێژیشمان بۆ نەکردوە، بەهەمان شێوە ئەویش لەو کارە لابۆری و توێژینەوە بەردەوامە ئەو نازمانییە خۆی خوڵقا، کە خوڵقا ئێمە پەروەردەمان کرد و پێشمانخست، من ناتوانم ئەگەر ئێستا لەگەڵ تۆدا کاربکەم پێت بڵێم زمانێکی نازمانی دروست بکە، چونکە کارێکی هەروا ئاسان نیە.. لەسەر چ بنەمایەک تۆ زمانێکی نازمانی دروست دەکەیت، رەنگە بۆ من ئاسانتر بێت، چونکە من لە چەندین وڵاتی جیاواز جیاواز کارەکانم پێشکەش کردووە، کە

دەچم لە وڵاتانە پێرفۆڕمانسەکانمان پێشکەش دەکەم یان وۆرک شۆپ دەکەم.. من ڕۆژانە گوێ لەخەڵک دەگرم لەسەر جاردە کە چۆن قسەدەکات، من تێناگەم کاتێ ئەو بە ئۆکرانی قسەدەکات، بەڵام شتێک هەیە من وەریدەگرم، تۆنێک هەیە ئیقاعێک هەیە لە دەنگیدا من وەریدەگرم، لەخیلالی ئەم گوێگرتنەوە شتێکی تایبەت لای من دروست دەبێت، لەگەڵ زمان و کلتوری خۆم، لەزۆربەی زۆری ئەو گۆرانیانەی کە زمانی تیانیە شتێکی تیا ئەدۆزیتەوە کە هەستەکەی ئەمە کوردیە، لە پۆڵۆنیا دەڵێن نا ئەمە پۆڵۆنیە، یابانیەک دەڵێ یابانیە، هی کەسیشیان نیە و هی هەمووشیانە، بۆمن ئەمە گرنگە، لەمەیا جارێکی تر ئێمە وەکو بینەر هەموومان کۆدەبینەوە، لەبەرئەوەی بینەرەکەی ئێمەش زۆر نێو نەتەوەییە و سەر بەکولتوری جیاجیایە، ئەم زمانە نازمانییە زیاتر لە خزمەتی ئیشەکانماندایە، بەڵام ئێمە ئەوەمان لەبەرئەوە نەرکدووە کە بینەرکەمان لێمان تێناگەن، چونکە تەکنیکی دیکە هەیە بۆئەوەی بینەر لێمان تێبگات، ئێستا لە ئەوروپا کاتێک ڤستیڤاڵێک دەکرێت بۆنموونە نمایشێکی ئەڵمانی هەیە لەبەرئەوەی ڤیستیڤاڵە بۆئەوەی بینەر تێبگات دێن تایتڵی ئینگلیزی دەخەنە سەر، کەواتە چارەسەر هەیە بۆ ئەوەی بینەر لێم تێبگات، بەڵام من مەبەستم ئەوە نیە کەلە زمانم تێبگەن، من ئەمەوێت لە هەستەکانم تێبگەن، چونکە ئەو گۆرانیانەی من دەیڵێم مانای تیانیە وەک فیکر، ماناکەی لە دەربڕینەکەیدایە، لەشێوازی وتن و تەکنیکەکەیدایە، بۆیە هەموو جاری من ئەو قسەیە دووبارە دەکەمەوە "گرنگ نیە چی دەڵێم،بەڵکو گرنگە ئەوە چۆن دەیڵێم"، ئەوکاتە هەستی بینەر

دەوروژێنیّ و کاریگەریەکەیشی زیاترە.
ئایا لابۆری شانۆی لالش فۆڕمێکی دیاریکراوی پێیە تا پێمان بڵێ دەنگ بەم جۆرە بەکار دێت؟ یان دەتانەوێ بڵێن ئەوەی ئێمە دەیکەین بەرەنجامی گەڕان و توێژینەوە و خەون و هەوڵەکانی چەندین ساڵی ئێمەیە؟

**د.نیگار حەسیب قەرەداغی**: ئەوەی ئێمە دەیکەین بەرەنجامی شێوازی کارکردنی خۆمانە، شارەزایی و ئەزموونی شانۆیی خۆمانە، ئەوە گەڕان و توێژینەوە و کاری لابۆری خۆمانە، بەڵام من دەتوانم کۆمەڵێ مەشق بخەمە روو لە وۆرک شۆپێکی وەکو ئێستادا، کەیارمەتی کەسانێک بدەم بۆئەوەی دەنگیان پەروەردەبکەن، مەرجیش نیە تەنها لەو نمایشانە بەکاری بێنن کەلەسەر دەنگ کاردەکات، رەنگە سوودی هەبێت بۆ ئەکتەرێک کە لەسەر دیالۆگ کار دەکات، تائێستاش ئێمە دیالۆگ تەنها دەردەپەڕێنین، وادەزانین شانۆ واتا وتن و گۆڕینەوەی دیالۆگ لەنێوان دوو ئەکتەردا، نەخێر.. شانۆ زۆر لەوە گەورەتر و زۆر لەوە قوڵترە، زۆر لەوەش زەحمەتترە من تەنها دیالۆگی دەپەڕێنم لە دەمم، تائێستاش نازانین چۆن لەسەر شانۆ قسە دەکەین، چونکە رەنگە تەنها شێوازی وتنەکە نەک مانای رستەکە کاریگەری دەروونی و فیزیکاڵی لەسەر فیگورەکەی بەرامبەرم هەبێت، بەڵام ئێمە هەمیشە هەوڵەدەین لەخیلالی مانای رستەکەوە شتەکە بڵێین، بۆنموونە وەرە بۆ ئێرە، ئەم بانگکردنە لە مانای وشەکەوەیە ـوەرەـ نەک لەمانی تۆنی ـوەرەـوە یان شێوازی وتنی ـوەرەـوە، لەبەرئەوە ئەگەر ئەکتەرێک تۆزێک وریا بێت

دەتوانێ سوود لەو مەشقانەی ئێمە وەرگرێت بۆ ئیشی حیواریش.
ئایا تەنها سوودت لە تەکنیکی مەقاماتی هەورامی وەرگرتووە بۆ ئیجراکردنی ئەو دەنگانە؟ چونکە ئەوەی من بینیم لەو چەند ئەکسیۆنەی (بێ سیێبەر) زیاتر نزیک بوونەوە بوو لە (هۆرە و سیاچەمانە)؟

**د.نیگار حەسیب قەرەداغی:** من هەمیشە وتومە دەبێ سەرچاوەت هەبێت بۆ هەموو شتێک، سەرچاوەی منیش کولتوری خۆمە، رەنگە بەبێ ئاگایی منیش ئەو کولتورە لە سروشتی مندایە، لەجەستە و لەدەنگمدایە، بەڵام چۆنی پەروەردە ئەکەم و چۆن بەکاری دەهێنم لە هونەردا، من خۆم سەرسامم بە شێوازی وتن و ئیجراکردنی مەقاماتی هەورامی، ئەمە فاکتەرێکی بنەڕەتیە کە من بۆ وا ئیش دەکەم، دوای ئەوەش ئەو جۆرە مەقام و ئەو تەکنیکانە مەجالی تەعبیری زۆر زۆری تێدایە، لەبەرئەوەی تەکنیکێکی سادە نیە، ئەو شەپۆلە دەنگیەی کە دروست دەبێت لەپانتاییدا لە تەکنیکی مەقاماتی هەورامیدا بەهێزترە وەک لە تەکنیکی ئۆپێرایەکی رۆژئاواییدا، لەبەرئەوە گرنگی دانی من بەو تەکنیکانە لەوەوە هاتووە کە من کولتوری خۆمە و ئەیناسم، لەپێشتردا نەمتوانیە ئیجرای بکەم، بەڵام بەهۆی هەوڵ و گەڕانی خۆمەوە توانیم فێری بم، ئەو تەکنیکە دەنگیانە تەکنیکی جەستەیی تایبەتیشت دەداتی، تۆناتوانی لە راوەستانێکی ئاسایی رۆژانەدا ئەو ئیجرایە بکەیت، راستە کە هەورامیەک کاتێک هۆرە ئەکات زۆر ئاسایی دادەنیشێت و بە تەزبیحەکەی یاری دەکات، چونکە ئەو لە چوار ساڵیەوە گوێی ئاشنایە بەو مەقامەی لەگەڵ ئەوەدا

پەروەردەبووە، بەڵام من ئەوە ناکەم چۆن ئەیهێنم لە شانۆدا جاریکی تر بەکاری دێنم، من تەکنیکی یابانی و چینیش بەکار دێنم، بەڵام لەبەرئەوەی خەڵک زۆر ئاشنانیە بەو تەکنیکانە رەنگە نەیناسێتەوە، بەڵام من دەزانم کاریگەری ئەوانم بەسەرەوەیە، هەتا کاریگەری تەکنیکی (یۆدڵ)ی نەمسایشم بەسەرەوەیە.

شوێن چ کاریگەرییەکی لەسەر کارەکانی ئێوە هەیە؟ ئایا شوێن توانای گۆڕینی (کوریوگرافیا)و دەنگی هەیە؟ با زیاتر روونی بکەمەوە، ئێوە چەندین جار و لە چەندین وڵاتی جیاواز و شوێنی جیاواز پێرفۆڕمانسی (بێ سێبەرتان) پێکەشکرد، ئایا هەموو پێرفۆڕمانسەکان لەیەک دەچوون؟

**د.نیگار حەسیب قەرەداغی:** هەموو نمایشەکان لەیەک نا چون و هەموشیان لەیەک دەچوون، لەیەک دەچن چونکە کۆنسێپتێکی تایبەتی هەیە یاخودستراکتورێکی تایبەتی هەیە، گۆرانیەکان کە ئەوان خۆیان کیرۆگرافی جەست ئەکەن بەهۆی ئەوەشەوە رووداوەکە دروست دەبێت و ماتریالی خۆی داوا دەکات، ئەمانە جێگیرن و ناتوانم بڵێم لە پێرفۆڕمانسیچکدا لەجیاتی ئەوەی شەماڵ بەئارد فیگورەکان دروست بکات شەکر بەکار بێنێت، بەڵام بەهۆی گۆڕینی پانتاییەکەوە کارەکە گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەو گۆڕانەش دروستکراو نیە، من زۆر لەخۆم ناکەم تا ئەو گۆڕانە دروست بێت، بەڵام تایبەتدمەندییەک هەیە لەو پانتاییانەی کە ئێمە بێسێبەرمان لێی نمایش کردووە، کە خۆی داوای گۆڕان دەکات، کەئەو گۆڕانانە رەنگە زۆر کەم بن، بەڵام کاریگەرییەکی گەورەی هەیە بۆسەر سیتقی پێرفۆڕمانسەکە بەشێوەیەکی

گشتی، بۆنمونە لە پۆلۆنیا لە (بژیژینکا) لە ڤیستیڤاڵی ساڵی گرۆتۆڤسکی، لەو هۆڵەی کە گرۆتۆڤسکی لە ساڵی حەفتاکان وەکو موختەبەر ئیشی تیای کردووە کەلەوێ نمایشمان کرد، پێش ئەوەی بچیتە ناو هۆڵە گەورەکەوە هۆڵێکی بچووک هەبوو، ئەو هۆڵە بچوکە ئەتمۆسفێرێکی وای هەبوو کە دوارەکانی خشت بوون و رەناکیەکی جوان و کورسیەکی سادە دانرابوو، حاڵەتێکی وای درووست کرد کە بووە هۆی ئەوی ئەکسیۆنێکی تازە بخولقێنێ، ئێمەش لەبەرئەوی بەبەردەوام ئیش دەکەین هەمیشە گۆرانی هەیە لەلامان، ئەو گۆررانیەش رەنگە لە پێرفۆڕمانسێکدا بەکار بهێنرێت یان بەکار نەهێنرێت، بەڵام ئیچمە لەبیری ناکەین و فەرامۆشی بکەین، نا .. لە کەشیکی وادا یان لە حاڵ تێکی وادا دەلێین ئەو گۆرانیە، ئەکری ببێتە ئەکسیۆنێک لێرە، کەواتە ئێمە زۆر لەخۆمان ناکەین بلێن هەردەبێ لێرەوە دەست پێبکەین و لێرەش کۆتایی پێ بێنین، بۆنموونە پەنجەرەکی زۆر هەبوو لە هۆڵەکەدا، لەبەرئەوەی لەناو دارستانێکی چڕیشدایە نەدەنگی سەیارەی بەسەرەوەیە نەماڵ و خانوی لێ نزیکە، ئەو شوێنە کاتی خۆی ئاش بووە، لەوێ تەنها گوێ بیستی سروشت دەبیت، زۆربەی زۆری ئەو گروپانەی دەهاتن لە هۆڵە نمایشیان دەکرد پەنجەرەکانیان دادەخست، لەبەرئەوەی رووناکی بەکار بهێنن، بۆئێمە گرنگ بوو پەنجەرەکان بکەینەوە، لەبەرئەوەی سەعات هەشت نمایشەکە دەستی پێدەکرد هێشتا دنیا رووناک بوو، کە بینەر ئەهاتە ژوورەوە هێشتا درەختەکانی دەبینی، دەیبینی وردە وردە دنیا چۆن زەرد دەبێت، بەوەش ئەتمۆسفێرێکی تایبەتی

خوڵقا بۆ نمایشەکە، کە جیاوازبوو لەوەی کە من لە ڤیەننا پێشکەشم کرد چونکە پەنجەرەی تیا نەبوو.

ئێوە لەنمایشەکانتاندا لەبری نمایش چەمکی پێرفۆڕمانس بەکار دێنن و لەبری ئەکتەریش چەمکی پێۆفۆڕمێر بەکار دێنن، ئەم چەمکانە لەکوێدا جیاوازن و لەکوێدا لەیەک دەچن؟ زەرورەتی ئەم چەمکانە لە شانۆدا چین؟

**د.نیگار حەسیب قەرەداغی:** چەمکی پێرفۆڕمانس لەشانۆی ئەروپیدا لە شەستەکانی سەدەی رابردووەوە زیاتر تەئکیدی کرایە سەر، کە ئەویش یەکەم جار لە (پێرفۆڕمانس ئاڕت) واتە لە هونەری پێرفۆڕمانسیەوە هات، ئەم چەمکەش ناتوانین بڵێین چەمکێکی شانۆییە، ناشتوانین بڵێین چەمکێکی شێوەکاریە، لەبەرئەوەی ئەو هونەرمەندانەی لەسەر ئەو چەمکە کاریان کرد سوودیان لە هەردوو رەگەزی شانۆیی و شێوەکاری وەرگرت، شێوازێکی تازەیان خوڵقاند کە پێیانوت هونەری پێرفۆڕمانس، لەلای ئەمانە تەنها ئامادەبوونی نمایشکارەکە گرنگ بوو نەک فیگور و دەق و دەرهێنان، بۆنموونە کاتێک پێرفۆڕمێرێک دەیەویست کە گوێزانێک لەخۆی ئەدات، ئەو نایەت ئەمەت بەتەمسیل پێنیشان بدات، بەڵکو ئەو بەڕاستی گوێزانەکە لەخۆی ئەدات، من ناڵێم ئەمە ئەبێت ببێت بە باو و شانۆ وایلێبێت، لەبەرئەوەی تەمسیل نەکەی دەبێ ئازاری خۆمان بدەین، نا.. لەبەرئەوەی ئەوە ستایلی تایبەتی کۆمەڵێ هونەرمەند بوو، بەڵام دواتر لە حەفتاکانەوە شانۆی ئەوروپی وازی لە چەمکی نمایش وەک نمایش هێنا و چەمکی پێرفۆڕمانسیان بەکار

هێنا، لەبەرئەوەی رەگەزەکانی شانۆی ئەوروپی پێشکەوت، لە پانتاییدا و لە بەکار هێنانی رووناکی و ئیکسسوار و هتد. ئەم رەگەزانە گۆڕانی بەسەردا هات، لەبەرئەوە کۆمەڵێ چەمکیش هەبوو دەبوایە گۆڕانی بەسەردا بهاتایە، من خۆم رەخنەم زۆر هەیە لەبەکارهێنانی ئەو چەمکە لە رۆژئاوادا، لەبەرئەوەی من دەتوانم بڵێم گرۆتۆڤسکی پێرفۆڕمانس ئەکات و پۆژینێ باڕبا پێرفۆڕمانس ئەکات، هەتا ئەبێ گومانت لە پێرفۆڕمانسی پیتەر بروکیش هەبێت، بەڵام ناتوانم گروپێک کە هەموو رەگەزەکانی دەرهێنەر و ئەکتەر و دیکۆریست و ئیناریست و هتد .. وەک خۆی ماوەتەوە و ناویشی لێدەنێت پێرفۆڕمانس من بەپێرفۆڕمانسی ناو بەرم، چونکە تۆ ناتوانی ئەم چەمکانە لەگەڵ پێرفۆڕمانسدا کۆبکەیتەوە، بەکارهێنانی ئەو چەمکە تۆزێک بووە بەمۆدێل لە ئەوروپا، کاری پێرفۆڕمانسی کارێکی کۆمەکییە، ناتوانی لە پێرفۆڕمانسدا کارەکان لێ جیا بکەیتەوە و بڵێی ئەوە کاری دەرهێنەرە و ئەوە کاری ئەکتەرە، یان ئەوە کەسی دەرهێنەرە و ئەوە کەسی ئەکتەرە، لەبەرئەوەی ئیشەکان هەمووی بەیەکەوە دەڕوات بەڕێوە، کەسەکان خۆیان جل و بەرگ و پانتایی و هەموو شتەکان ئامادە دەکەن، ئەگەر ئەمانەمان هەمووی جیا کردەوە، ناتوانین ناوی لێ بنێین پێرفۆڕمانس، بۆیە چەمکی پێرفۆڕمانس تۆزێ گیروگرفتی تێکەوتووە لە ئەوروپا، رەخنەی زۆریش هەیە لەسەر ئەوانە، هەتا لەناو کوردیشدا هەندێ کەس هەیە دەڵێ بۆچی ناوی نانێن نمایشی شانۆیی نمایش واتا پێرفۆڕمانس، نا نمایش و پێرفۆڕمانس دوو شتی زۆر جیاوازن، جیاوازن لە

چۆنیەتی کارکردندا، لەبەرئەوە من ناتوانم بە ئیشەکانی خۆمان بڵێم نمایش چونکە زۆر جیاواز لە نمایشێک دەڕوات بەڕێوە.
من لێرەوە دێمە سەر سەفەری ئەمجارەت، وابزانم نزیکەی دە ساڵە نەهاتوویتەوە، دەپرسم لەم سەفەرتاندا بۆ کوردستان چ پڕۆژەیەکتان هەیە و پڕۆژەکان لەکوێن؟
**د.نیگار حەسیب قەرەداغی:** من نۆ ساڵە نەگەڕاومەتەوە، لەساڵی ٢٠٠٠ و ٢٠٠١ گەڕامەوە و وۆرک شۆپم لە هەلێر و سالێمانی کرد، ئەمجارەش بە ۆرک شۆپێک لە هەولێر دەستم پێکردووە و دواتریش سلێمانی، لە هەردوو شارەکەش پێشانگایەکی فۆتۆگرافی دەکەمەوە کە تیایدا نزیکەی ٥٠٠ فۆتۆی کارەکانی لابۆری شانۆی لالش لەم هەشت نۆ ساڵی دوایدا نمایش دەکەم، هەروەها فیلمێکی نیو سەعاتیش پیشان ئەدەم کە تایبەتە بەو مەشقە دەنگی و جەستەییانەی کە لەگەڵ گروپێکی قوتابی و هونەرمەندانی وڵاتی ئۆکرانیا ساڵی ٢٠٠٨ بەڕێوە چووە، ئەوەش بەشێکە لە پێشانگاکە، جگە لەمانەش ئێمە هەوڵ دەدەین چەند جارێکی تریش چەند وۆرک شۆپێکی تر لە شارەکانی تریش بکەینەوە بۆئەوەی گروپێک دروست بکەین، هەروەها ئەو کەسانە هەڵدەبژێرین کە دەتوانن بەپێی میتۆدی لابۆری شانۆی لالش ئیشمان لەگەڵ بکەین، کەبتوانین بۆ سێ هەفتە بۆ ڤیەننا داوەتیان بکەین، لەویش لە لابۆرەکەی خۆمان بە چڕو پڕی تر ئیشیان لەگەڵ بکەین، بۆئەوەی بتوانین چەند پڕۆژەیەکی پاشەڕۆژی پێکبێنین، بێگومان بۆئەمەش پێویستمان بە یارمەتی هەموو لایەک دەبێت، وەکو لایەنی مادی دابینکردنی هۆڵ و

هتد، با وۆرک شۆپەکەی سلێمانیشم تەواو بێت، چونکە ئێمە ساڵانە هەموو هاوینێک لە لابۆرەکەی خۆمان شتێکمان هەیە پێی دەڵێین لابۆری کراوە، هەروەها وۆرک شۆپ دەکەین لەگەڵ گروپ و کەسانی وڵاتی جیاواز جیاواز، ئەمانەوێت لەمەودوا هەموو ساڵێک لە کوردستانیش ٤ تا ٦ کەس لەو گەنجانەی کە ئەم شێوازی ئیشکردنە بە پڕۆسەیەک بۆ ئیشی خۆیان دائەنین هەڵیانبژێرین هەڵیانبژێرین و بیان بەین بۆئەوێ ئیشیان لەگەڵدا بکەین، ئەو کاتە دەزانین ئایا دەتوانین پڕۆژەیەکی گەورەتر دروستبکەین و بێن لە کوردستان نمایشی بکەین یاخود لە ڤیستیڤاڵە نێو نەتەوەییکانە کە خۆمان بەشدار ئەبین.

**سازدانی: فریاد ئەحمەد**

# شەماڵ عومەر: شانۆی من لە جیهاندا بە خۆرە

**سازدانی: حامدی محەمەدی**
**وەرگێڕانی: رزگار تەیب**

لە ساڵی 2006 ئەوکاتەی نیگار حەسیب و شەماڵ عومەر دەبنە میوانی تایبەتی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی سکێنا ئاپ بۆ شانۆ و فیلم لە کۆسۆڤۆ بۆ پێسکەشکردنی پێرفۆرمانسێک و زنجیرەیەک لە ۆرک شۆپ و سیمینار لە زانکۆی پریشتینا، شەمال عومەر لە هەمانکاتدا ئەندامی لیژنەی تەحکیمی نێونەتەوەیی شانۆ بوو لەم فیستیڤاڵەدا، هەر لەم فیستیڤاڵەدا گروپێکی ئەڵتەرناتیڤی ئێرانی دەناسن.

لەبەر گرنگی کارەکانی لابۆری شانۆی لالش ئەوا لە سالی 2007 بۆ 2009 لابۆری شانۆی لالش لەلایەن شەماڵ عومەرەوە زنجیرەیەک لە سیمینارو ۆرک شۆپ و ئەزموونی ئەڵتەرناتیڤی لە چوارچێوەی "فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی ئێران بۆ شانۆی زانکۆکان" لە تاران بە ئەنجامگەیاندووە کە تیایاندا زیاتر لە سەد ئەکتەر و دەرهێنەری گروپە سەربەستەکانی ئێران و قوتابی زانکۆ شانۆییەکانی ئێران بەشداریان تیاکردووە کە سەر بە میللەت وکولتورە جیاوازەکانی ئێران بوون. ژمارەیەکی لەبەرچاوی ئەم بەشدارانەش هونەرمەندی لاوی کورد بوون کەلەزۆربەی شارەکانی کوردستان و ئێرانەوە بۆ بەشداری

پرۆژەکانی شەماڵ عومەر ئامادە بوون.
شایانی باسە هونەرمەند شەماڵ عومەر کە ئێستا ناوێکی ناسراوە لە ئێراندا کە لە هەموو سەفەرەکانیدا گۆڤاری ڕۆژانەیی تایبەتی فیستیڤاڵەکە و سایتە شانۆییەکان و بەشی کولتوریی و هونەری ڕۆژنامەکانی ئێران وەکو ناوێکی گرنگی بەشی نێونەتەوەیی فیستیڤاڵەکە گرنگیەکی تایبەتی پێدراوە، سەرەڕای ئەمەش ئەمساڵ لە فیستیڤاڵی 2009 دا وەکو تاکە هەڵبژاردەیەکی بەشی نێونەتەوەیی فیستیڤاڵەکە لە سەرێمۆنیەکەی تایبەتیدا لەسەر شانۆی ناسراوی ئێراندا "شانۆی شار" لە تاران خەڵاتی ڕێزلێنانی وەکو هونەرمەندێکی خاوەن ئەزموون لێنرا. لەم سەرێمۆنەدا ژمارەیەکی زۆری گەنجانی شانۆی سەرتاپای شانۆ و زانکۆکانی ئێران و ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندانی شانۆ و سینەمای ئێرانی بە حەماسێکی لەڕادەبەدەر لە هۆڵەکەوە پێشوازیان لەم ڕێزلێنانەی شەماڵ عومەر کرد. ساڵی 2010 شەماڵ عومەر لە پرۆژەیەکی تری ئەڵتەرناتیڤیدا دەبێتە میوانی شاری شیراز بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەزموونێک لەتەک گروپی شانۆی میتۆسدا، ئەم گروپەش شانۆیەکی ئەڵتەرناتیڤین و ئەندامەکانی زیاتر لە چل کەسن و خەڵکی شار و کولتورە جیاوازەکانی ئێرانن و بەردەوام ئەزموونەکانیان لە نێوان شیراز و تاراندا بەجێدەگەیەنن.
ئەم چاوپێکەتنەی خوارەوە ئەمساڵ 2009 لە گەرمەی سەرقاڵبوونی شەماڵ عومەر بە ئەزموونەکەیەوە لە دەرفەتی پشوویەکی کورتدا بەئەنجام گەیشتووە.
شانۆکار

شەماڵ عومەر دەرهێنەر، ئەکتەر و توێژەر، لە دایک بووی 1964 لە سلێمانی عێراق و دامەزرێنەری لابۆری شانۆی لالش و سەرۆکی بەشی نێو نەتەوەیی (ئەنترۆپۆلۆژیای دەنگ) و (توێژینەوەی کەلتوری نمایشکاری و تەکنیکەکانی) لە ڤییەننای نەمسادا، لە کۆلێژی شانۆی بەغدا خوێندوویەتی و مامۆستای فەلسەفەی شانۆ و ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆیە لە زانکۆی ڤیەننا، لە ساڵی 1985 بەشێوەیەکی بەردەوام سەرقاڵ بووە بە توێژینەوە، نمایش کردن، سیمینار و بەڕێوەبردنی کۆمەڵێ لابۆر لە بوارەکانی جەستە، تەکنیکە دەنگیەکان و تاقیکردنەوەکانی لە زانکۆ جۆراوجۆرەکاندا، ئەو ئاڵو گۆڕییەکی رێک و پێکی هەبووە لەگەڵ شانۆکانی جێرزی گرۆتۆڤسکی، تۆماس ریچارد و یۆژینۆ باڕبا و گروپە شانۆییە نێو نەتەوەییەکانی باکووری ئەفریقیا_ رۆژهەڵات و ئەوروپا، تەوەری سەرەکی توێژینەوە کنسونیەکانی ئەو، گەڕانی زمانێکی رەسەن، پێک بەست و هونەرییە، لەدەرەوەی چوارچێوە نما باوەکانی زمانەوانی، ئەم زمانە نوێیە نازماننناسییە سیلابەکان، ئاوازەکان، دەنگەکان و ئاوازە کەلامیەکان لە خۆ دەگرێت کە لە کولتوورە جیاوازەکانەوە سەری هەڵداوە، 3 ساڵە هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی ڤیستیڤاڵی نێو نەتەوەیی شانۆی ئەکادیمی، بۆ کردنەوەی لابۆر ..... ئێران، ئەم ساڵیش ماوەی 7 رۆژە، لابۆری (گۆرانی دەگەڕێتەوە)ی لە هۆڵی (برستان کانون پرورش فکری کودکان و نوجوانان پارک لالە)کردووەتەوە، بەو مەبەستە گفتوگۆیەکمان لەگەڵیدا رێکخست، ئەو هێندە پڕ وزەیە کە بەئەستەم دەتوانرێت لەبەرامبەریدا، بوارێک بۆ ئاخاوتن و

پرسیارکردن بدۆزینەوە، بەڵام ئەم هەلە، بەهاوکاری هەژار نوورانی وەرگێڕەکەی رەخسا، ئەگەر ئەو نەبووایە هیچ لە زمانی شیرینی کوردی شەماڵ عومەر تێنەدەگەیشتین.

* بەڕواڵەت زۆر پڕ وزە و ماندوو نەناس بەرچاو دەکەویت، ئایا ئەم وزەیە هەمیشە لەتۆدا هەیە یان ئەمەش بەشێکە لەنواندنت لەسەر تەختەی شانۆدا و تەنها کاتی نمایش ئەوەندە پڕ وزەیت؟

– ئەم وزەیە خۆخوڵقاوە، مرۆڤ بونەوەرێکی گەورەیبە و دەتوانێت خو بەهەموو شتێک بدات، ئەم خووانە پەیوەندی بەشێوە و شێوازی کارکردنی تۆوە هەیە، کاری من ئەوە نیە کە رۆژانە یەک دوو کاتژمێر شانۆ نمایش بکەم، بەڵکو ئەم کارە بۆمن کارێکی رۆژانەی تەواوە، بەدڵنیاییەوە مرۆڤ ناتوانێت خۆی لەنێوان چەند رێککەوتنێک لەیەک رۆژدا سنووردار بکات، بەبۆچوونی من راڕەو و پرۆسەی ئەفراندن، کات، شوێن و تاقەتێکی زۆری پێویستە، بۆنموونە لەم هەفتەیەدا کە لەئێران کار دەکەم، ئێرە بووەتە شوێنی ژیانی من، من بەدی هێنانی ئەم وزەیە کارگەلێک ئەنجام دەدەم رەنگە بەبۆچوونی خەڵکی بێ بایەخ بێت، بۆنموونە لەم چەند رۆژەدا چەند جارێک سەر تەختەی شانۆکەم ماڵیوە، چونکە لەو باوەڕەدام ئێرە شوێنی ژیانی منە و پێویستە خاوێن بێت، زۆر جاران دەکرێت بڕۆیتە شوێنێک تیایدا هەست بە ئاسوودەیی نەکەیت و دواجار وەک میوانێک لەوێ دەربچیت، بەڵام من هەوڵ دەدەم ئەو جێگایە بگۆڕم بۆ ماڵی خۆرم، کاری من لە شانۆدا سەبارەت بە حزوور و ئامادەبوونی مرۆڤە لەنێو کات و شوێندا، ئاسایی مرۆڤ

لەماڵی خۆیدا، کات و شوێن پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە، من هەموو رۆژێ لێرە لە کاتژمێر (9)ی بەیانیەوە تاکو (9)ی شەو کار دەکەم و تەنانەت کاتێک لێرەدام و وزەم هەیە، ئەم وزەیە لەیادگەمدا جێگیر دەبێت و ئەگەر رۆژێک دیسانەوە بگەڕێمەوە بۆ ئەو شوێنە، ئەم وزەیە دووبارە بۆمن دەگەڕێتەوە، ئەم پرۆسەیە بۆمن بووەتە جۆرێک مەرجی، بەشێوەیەکی گشتی من لەهەموو شتێکی رووبەری دەوروبەرم وزە وەردەگرم تەنانەت لەهەنگاو هەڵگرتن و لێکەوتنی پێم لەگەڵ زەویدا.

* دەتوانیت روونی بکەیتەوە کە چۆن ئەم وزەیە وەردەگریت؟

- گریمان من مەودایەک دەبڕم، بۆنموونە لێرەوە تاکو پلیکانەکان، ئەم مەودایە مەترێکە، بەڵام بۆ من هێندەی تاران تاکو ڤیەننایە، بۆچی؟ چونکە لەم مەودایە من بوونەوەرێکی موجەڕەد نیم، من بوونەوەرێکی مرۆیی لەگەڵ مێژوویەکی فەریدی، کلتووری و جیهانی خۆم دام، کەواتە من بۆ وەرگرتنی وزە سێ سەرچاوەم هەیە، سەرچاوەی فەردی، سەرچاوەی کولتوری و سەرچاوەی گەردوونی، نێوان تاران تا ڤیەننا هەزاران شار و چیاو دار هەیە، ملیۆنان مرۆڤ دێنە جیهانەوە و هەزاران شادی ناخۆشی هەیە، ئەرکی من ئەوەیە ئەم شوێنە لەگەڵ کۆی ئەم زانیاریانە دەرک بکەم.

* وەرگرتنی وزە یان بە وتەی خۆت دەرک کردن، چ کاریگەرییەکی بەسەر کارکردنتانەوە هەیە؟

- پرسیارەکەت زۆر پرسیارێکی باشە، کار لە (لابۆری لالش) دا کارە لەسەر هەر ئەم وزەیە، ئێمە لەسەر فیکر و هزر کار

ناکەین، بەڵکو لەسەر هەستەکانی مرۆڤ کار دەکەین، مرۆڤ بە تێفکرین و ئەقڵاندن ڕێگا لەبەر هەستەکان دەبەستێ، ئاسایی عەقڵ واجبە بەڵام قسەی من پەیوەندی بە جوانیناسیەوە هەیە، ئێمە میتۆدی لابۆری لالش لەسەر دەقە دراماتیکیە نمایشییەکان کار ناکەین، بەڵکو ئێمە لە شوێنێکدا حزوور پەیدا دەکەین و کەشێک لەو شوێنەدا چێ دەکەین، ئامادەبونی مرۆڤ لە کات و شوێندا کاری ئێمە پێک دەهێنێت.

* لە کاری (گۆرانی گەڕاوەتەوە) کە ئەمساڵ لەئێران نمایش کرا، ڕەگەزی سەرەکی تەختەی شانۆ دەنگ بوو، چی ئەو دەنگانەی ئەکتەرەکان دروستیان دەکرد و چی دەنگی شتەکان، وەک دەنگی ئامێری یاری (کۆکی) یان دەنگی قوڵە قوڵی ئامێرێک کە پێدەچێت ئامێری قاوە کوڵاندن بێت، بۆچی ئەم نمایشە هێندە پشت بەدەنگ دەبەستێت بەجۆرێک لەماوەیەکی دیاریکراو بەدواوە بینەر دەتوانێت چاوەکانی دابخات و گوێ لە نمایشەکەتان بگرێت بەڵام ئەگەر شتێک گوێ بیست نەبیت دەرکی ڕاستی لەنمایشەکەی ئێوە نابێت؟

– کاری ئێمە لەسەر بنەمای ریتمە مرۆییەکان پێک دێت، هەر تۆن و دەنگێک بەشێوەیەک دێنە ناو جەستەی ئەکتەرەوە و لەبەرامبەردا ئەکتەر کاردانەوەیەکی جەستەیی دەبێت، منیش ئەم پڕۆسەیەم خستۆتە لابۆری لالشەوە، دەنگ وەکو سەرچاوەیە، لەو باوەڕەدام دەنگ سەرچاوەیەکە بۆ فۆڕم پێدانی ڕووداوێک، تەنانەت دەتوانم بڵێم ئێمە بۆ هیچ جوڵەیەک لە دەرەوە کیریۆگرافی (داڕشتنی جوڵە) ناکەین،س بەڵکو کیریۆگرافیش

لەناوەوە پێکدێت، تەنانەت هیچ کام لەو شمەکانەی لەکارەکانمدا بەکاریان دێنم، پێشتر دیاری نەکراوە، هیچ کاتێک لەماڵەوە بیر لەو بابەتە ناکەمەوە کە چی شت و مەکێک لەسەر تەختە شانۆی کاردا بەکار بێنم، کاتێک لەسەر تەختەی شانۆدا هەست بەجێگایەکی بۆش دەکەم، لەناوەوەی خۆم دەپرسم پێویستم بە چیە؟ بۆنموونە لەیەکێک لە پێرفۆڕمانسەکان (نمایشەکان) دا، لەکاتێکدا لەگەڵ ئەکتەرەکانی دی لەحاڵەتی روونکردنەوەی کۆمەڵێ دەنگ و ئاوازدا بووین من گەیشتمە حاڵەتێک هەستم کرد، هەستی لامسەی من پێویستی بە لەمسی تەنێکی رەقە و وێنەی کورسیەک لە خەیاڵمدا دروست بوو، لەبەیانی ئەو رۆژەوە کورسییەکمان بۆ تەختە شانۆی کارەکەمان زیادکرد.

*واتە دەتەوێت بڵێیت هەڵبژاردنی هەموو شتێک لەکاری ئێوەدا بەشێوەیەکی سروشتی (ئیلهام) بەڕێوە دەچێت؟

– بەڵێ هەموو شتێک لەسەر تەختەی شانۆدا لەسەر بنەمای تۆنەکانی ئێمە پێک دێت، نموونەیەکی دیکە بهێنمەوە، لەلابۆری لالش دا من و یەکێکی دی لە دەرهێنەرەکان بەناوی نیگار حەسیب لە ساڵی 2006 ەوە بەشێوەیەکی بەردەوام لەسەر کارێک بەناوی "پڕۆژەی بێ سێبەر" کار دەکەین تاکو ئێستا 3 نمایشی جیاواز لەم کارە دروست بووە و ئێستا لەدۆخی سێیەمی داین، لەشوێنێکی کارەکەدا نیگار میلۆدییەکی قورس نمایش دەکات ولەگەڵ هەمان رۆڵدا ئەو کاغەزەی لە دەستی دایە، بەسەر زەویدا بڵاوی دەکاتەوە، کاتێ نیگار ئەم کارە ئەنجام دەدات من بەجولەی زیادە کارەکەی خراپ ناکەم، بەڵکو

ماوە بەخۆم ئەدەم وریێگا ئەدەم ئەو تۆنەی ئەو نمایشی دەکات بێتە ناو جەستەمەوەو وێنەیەکی جەستەیی بۆ من دروست ببێت، کاتێک نیگار ئەو وێنەیەی بە جەستە دروست کرد وکاتێک تۆنەکانی دەنگی ئەو بەرەو من هاتن، دەرکێک لەمندا دروست بوو کە هەستم کرد پێویستم بە شتێکە لەشێوەی ئارداو لەبەیانی ئەورۆژەوە ئارد بۆ کارەکە زیاد کرا، هەڵبەتە لەهەر کارێکدا ئەم شتانە کە دەگۆڕێن و بەدوایدا شتگەلێکی نوێ دێنە ناو کارەکەوە، من ناوی ئەم تۆنە جەستەییانەم ناوە (ژیانی تۆنەکان) لەو باوەڕەدام دەست و پێی ئەم تۆنانە بدۆزینەوە، ئەم تۆنانە چاویان هەیە، یادگەیان هەیە و هەر لەبەر ئەمە پێیان دەڵێم جەستەی تۆن، لەوباوەڕەدام ئەم تۆنانە چەشنی مارێکی خەوتوو لەناو لەشی مرۆڤدا، کاتێک ئەم مارە دەبزوێت ئێمە دەبزوێین، کاتێک چاو دەکاتەوە ئێمە چاو دەکەینەوەو دەبینین وهەر بەو جۆرە جولەو (کیریۆگراف)یش لەناوەوە پێکدێت و هەڵبەتە ئەم کارە بەهیچ شێوەیەک، کارێکی سادە نیە وساڵانێک کات دەخایەنێت.

* ئێوە دوو ساڵی رابردووش هاتنە ئێران، بەسەرنجدان بەوەی کە ئێوە لەوڵاتانێکی زۆردا وۆرک شۆپەکانی خۆتان دەکەنەوە، چ شتێک لەئێراندا سەرەنجی دووبارە ئامادەبوونەوەتانی راکێشا؟

– من بەبیر هێنانەوەم نەک لەرێگەی نۆستالۆژیاوە، بەڵکو لەبەر بەسەر کردنەوەی بیرەوەرییەکان خۆش دەوێت، هەر بەو جۆرەی وتم ئەم بیرەوەریانە وزەم پێدەبەخشن، من لەگەشتەکانمدا لەگەڵ کەسانێکی زۆردا رووبەروو دەبمەوە، ئەم

کەسانە هەموویان پەیوەندیان بە فەزای هونەرییەوە نیە، بەڵکو ڕەنگە دوکاندار بێت کە لەیەکێک لەگەشتەکانم پێی ئاشنا بوومە، ئەم فیستیڤاڵە هەلێکی زۆر باشە بۆمن تاکو ئەو مرۆڤانەی کە دەیانناسم و خۆشم دەوێن دووبارە بیانبینمەوە، ئەمە لەراستیدا پێگەی مرۆڤایەتی و هونەریە بۆمن، هەم مرۆڤایەتی وهەم هونەری.

* بەسەرنجدان بەو پێشوازییە باشەی لەم چەند ساڵەی دواییەدا لە لابۆرەکانی ئێوە کراوە پێدەچێت ئێوە لە پەیوەندیتان لەگەڵ فێرخوازانی زانکۆی ئێرانی سەرکەوتوو بووبن، هۆی ئەم بابەتە لەچیدا دەبینیتەوە؟

– هەم ئەو هاوڕێیانە ئەم ساڵ لە لابۆرەکەی مندا بەشدارییان کردو هەم ئەو هاوڕێیانەی ساڵانی پێشتر ئامادەییان هەبوو بەبیر و مەبەستێکی تایبەتی لەلابۆرەکە بەشداریان دەرکرد، بۆیە بەدڵ و تەواوی وزەیانەوە و بەبێ ئەوەی بیر لەشتێکی دیکە بکەنەوە کاریان دەکرد، لەبنەرەتدا لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ لابۆرە هونەرییەکاندا دوو حاڵەت هەیە، یان هونەرخواز مەبەستی چێژوەرگرتنی لەکارەکە هەیە و بەخۆی دەڵێت لێگەڕێ لەکاری فلان دەرهێنەریش بم، هەرچەندە دەکرێت ئەو کارەش دڵخوازی ئەو نەبێت، یان دواجار ئامانجی ئەوەیە شتێک تاقی بکاتەوە، ئەمە بەبۆچونی من حاڵەتێکی سیاقی هەیە، ئەو هونەر خوازە بێ گومان جگە لەماندوێتی زەین هیچ بەدەست ناهێنێ، بەڵام لەحاڵەتی دووەمدا هونەر خواز بۆخۆی پرسیارێکی هەیە، بۆ دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارەکەی بەشداری لابۆرەکە دەکات،

کاتێک ئەم هونەر خوازە لەگەڵ پرسیارەکەی دێتە پێشەوە، من وەڵامی پرسیارەکەی نادەمەوە، بەڵکو هەوڵ دەدەم کارێک بکەم، ئەو وەڵامەی ئەو بۆ پرسیارەکەی دەدۆزێتەوە قوڵتر بێتەوە، ئەو وەڵامەی کە بۆ پرسیارەکەی دەدۆزێتەوە لەبری راڕەوێک چەندین راڕەو بخاتە رووی، بەم هۆیەوە من هیچ کاتێک بەکەس ناڵێم لەژیانی هونەریتدا بەو چەشنە کار بکە، بەڵکو تەنها کۆمەڵێ ئیمکانیاتی دەخەمە بەردەست تاکو دەرکی هونەری قوڵتر بێتەوە، بۆنموونە لەلابۆرەکانمدا هیچ کاتێک هەوڵ نادەم ئاوازێکی کۆنی تایبەتی فێری هاوڕێیان بکەم یان پێیان بڵێم چۆن دەنگ سازی بکەن یان گۆرانی بڵێن، کاری ئێمە چڕین نیە، لەلایەکی ترەوە ئەزموونی بەدەست هاتووی من پێم دەڵێ شتێک بەناوی دەنگی خراپ بوونی نیە، هیچ دەنگێک لەجیهاندا خراپ نیە، زۆرێک لەمرۆڤەکان بە هەمان ئەو دەنگانەوە کە هەیانە لەباری رۆنانی پەیوەندی دان و پەیوەندی گەلێکی باشیش رۆ دەنین، ئەمڕۆ لە توێژینەوەی هونەرو جوانیناسیشدا گرنگ ئەوەیە ئەم دەنگانە ببنە هۆی رووداوێکی دراماتیکی و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ بینەردا، مرۆڤ بۆمن چەشنی دەنگێکە، بیرکردنەوەش بۆ من دەنگە، بەڕێگا رۆیشتنیش بۆ من دەنگە، چونکە کاتێ لەپلەکانەکان دێمە خوارەوە، جۆری هاتنە خوارەوەکەم دەنگێک دروست دەکات کە پیشانی دەدات چۆن لە پلیکانەکانەوە دێمە خوارەوە، کاتێک لەسەر دەنگ ئەدوێم دەنگ بۆمن بوونەوەرێکی تەواو زیندووە، دەنگ منم، دەنگ تۆی، دەنگ مێژووە، دەنگ سەرجەم زانستی ئێمەیە، کاتێک ئێمە دەنگ بین کەواتە هەموو

تۆنەکان لە ئێمەدا بە خۆرسک هەیە، بەڵام زۆرێک لە مرۆڤەکان هەلی بەکارهێنانی تۆنەکانیان بەدەست ناهێنن، تەپ و تۆز لەسەر ئەم تۆنانە نیشتووە بەڵام زیندوون و نەمردوون، کاری من لەلابۆری لالشدا پاک کردنەوەی تەپ و تۆزی ئەم تۆنانەیە، من بەهەموو کەسێک دەڵێم تۆن و میلۆدی خۆت بدۆزەرەوە، دەنگت دروست بکە، ڕەوتی کاری ئێمەیە، کارکردنە لەسەر سوبژە (زەهنیەت) دەنگ ئامرازێکە هەر بەو جۆرەی دەست وپێ وچاویش ئامراز گەلێکن لە خزمەت ئەکتەردا، من هیچ کاتێک وەک ترافیک لایتی لێخوڕین کە بە شۆفێرەکان دەڵێت جوولە بکەن یان راوەستن لەگەڵ ئەکتەرەکانمدا بەرکەوت ناکەم، هیچ کات بە ئەکتەر ناڵێم بەرەو ئەوێ جولە بکە یان راوەستە بەڵکو ئامادەبوون وبوونی ئەکتەر بۆمن بایەخی هەیە، هەوڵ دەدەم ئەم هەستە لە ئەکتەردا بهێنمە دی کە نمایش کردنەکەی تێکۆشانی خودی ئەوە و کاتێک ئەکتەر هەست بکات کارەکە بۆ خودی ئەوە باشتر دەتوانێت خەڵقی بکات.

* ئاسایی دەنگ لە خزمەتی نمایش دایە، بۆ نموونە بۆ قوڵکردنەوەی داڕشتنی نمایش یان بۆ گرێدانی دوو دیمەن پێکەوە وپڕکردنەوەی جێگای بۆش یان بۆ بەرجەستەکردنی ناوەڕۆکێک لە نمایشدا دەنگ بەکار دەهێنرێ، بەڵام پێدەچێت لەکاری ئێوەدا ئەوە نمایشە کە لە خزمەتی دەنگدایە؟

- دەنگ و ئاواز ڕێگایەک نین بۆ ڕوونکردنەوەی ڕووداوی دراماتیکی ئێمە، ڕەنگە تۆ هەر لەم فێستیڤاڵەدا کۆمەڵە کارێکی زۆرت تەماشا کردبێت، کە تیایاندا ئاوازیان بەکار هێناوە، بەڵام

ئەمە ئاوازێکە تەواو هەیە، رەنگە بۆ تۆ سەرنج راکێش بێت یان هەستێکی وەک خەمت تێدا دروست بکات، بۆ ئێمە خودی دەنگ رووداوە، دەنگ بۆ ئێمە تەسویرە و فۆرمی نمایش ئیجرای ئێمە پێک دێنێت، تەنانەت پێمان دەڵێت بینەر چۆن لەهۆڵ دابنیشن.

* بەرێکەوت شێوازی دانیشتنی بینەر لە هۆڵی نمایشی کاری ئێوەدا بۆ منیش پرسیاری دروست کرد، لەو هۆڵەی ئێوە کارەکەتان نمایش کرد هۆڵی (بوستان کانون پروش فکری کودکان و نوجوانان پارک لاله) قابیلیەتی ئامادەبوونی بینەرێکی زۆری هەیە، بەڵام ئێوە هەلی تەماشا کردنتان لەهەر نمایشێکدا تەنها بۆ 32 کەش رەخساندبوو، لەکاتێکدا جێگای دانانی کورسی و ئامادەبوونی بینەرانێکی زۆرتریش هەبوو، ئەم فەزایەت بەچی مەبەستێک بەتاڵ هێشتبۆوە؟

– پرۆژەی کارەکەی من پێویستی بە 32 بینەر هەیە، وەک لە نمایشی دوێنێ دا زۆرێک لە هاورێیانی دڵسۆزمان و ژمارەیەک لەبەرپرسانی ڤیستیڤاڵەکە نەیانتوانی کارەکە ببینن، تۆ هۆڵەکەی ئێمەت بینی، لە هۆڵەکەدا 8 گروپی 4 کەسی لەچەند جێگایەکی دیاریکراوی دەوری هۆڵەکە دادەنیشن، پشتەوە و پێشەوەی بینەر بۆشە، من هەموو رۆژێک ئەم کورسیانە بۆ بینەر خاوێن دەکەمەوە، ناوی ئەوێم ناوە ماڵی بینەران، تۆ وەک بینەرێک لەماڵی خۆت دانیشتووی و پێویستە ئاسودەبیت، بەڵام منیش بۆخۆم لە تەختەی شانۆدا ماڵێکم هەیە، من لەهۆڵی نمایشدا دوو ماڵ دروست دەکەم، ماڵی بینەر و ماڵی ئەکتەر کە هەردوو لەیەک فەزادان، کاتێ کورسی زیادە لەماڵەکەمدا هەبێت وەکو

ئەوەیە ماڵەکەم داگیر کرابێت و جێگای هەناسەدان و بزاوتی من گیرابێت، کاتێ لەسەر تەختەی شانۆ ئاسودە نەبم و بینەریش ئاسوودە نەبن وزە لەنێوانماندا ئاڵوگۆڕ نابن، فەزا پێویستە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی وزە ئامادەکراوبێت، کاتێ لە هۆڵێکی 50 کەسیدا، 150 کەس بئاخنین بێگومان کاریگەرییەکی خراپ لەسەر وزەی ئەکتەر و بینەر بەجێ دەهێڵێ، بۆنموونە تەلاری مەولەوی کە یەکێک لەتەلارە سەرەکیەکانی هەر ئەم فێستیڤاڵە بوو، بەڵام هەندێک لە دەرهێنەرەکان تارادەیەک هۆڵەکەیان پڕکرد لەبینەر کە جێگای هەناسە کێشان بۆ هیچ کەس نیە، ئەم دەرهێنەرانە لەبنەرەتدا لەبیری ئەکتەرەکانیاندا نین و دەڵێن لێگەڕێ خەڵکی بێنە ناو، لەزۆرێک لەم نمایشانە دەبینم کە ئەکتەر دەکەوێتە هەلومەرجێکەوە لەبری بەکارهێنانی دروستی دەنگی، هاوار دەکات، بۆچی؟ چونکە ئەم هەل و مەرجە کاریگەری دەخاتە سەر سروشت و بایەلۆژی ئەوەوە، ناتوانێت دروست هەناسە هەڵمژێت و هێندە فشاری لەسەر زۆرە کە ناتوانێت دروست دەنگی بەکار بهێنێت، بەڵام لەبەرئەوەی ناچارە کارەکەی ئەنجام بدات، دەنگی دەگۆڕێت بۆ هاوار، هەر بۆیە تکادەکەم بۆ فێستیڤاڵەکانی ساڵانی داهاتوو ئەم بابەتە رەچاو بکرێت.

* بەسەرنجدان لەوەی کە کاری ئێوە پێرفۆڕمانسێک بوو، بە بۆچوونت رووبەرووبوونەوە و پێکگەیشتنی پێرفۆڕمانس و نمایش لە کوێ دایە؟ ئەکتەر و پێرفۆڕمەر (نمایشکار) چی روویەکی جیاوازیان لەگەڵ یەکدا هەیە و چوار چێوەی بژارەکانی دەرهێنەر لەمەڕ ئەم دووە چی جیاوازییەکی هەیە؟

– کاتێ سەبارەت بەنمایش قسە دەکەم وا دێتە خەیاڵم کە لە ئەکتەرەوە دەست پێ بکەم، لەهەر کارێکی تازەدا کە لەناو شانۆ دروست دەبێت و لە هەوڵدان بۆ هەر کارێکی تازەی دیکە پێویستە لەو پرسیارە بدوێم کەلە ئەکتەردا دروست دەبێت، ئەکتەر کێیە؟ ئەکتەر بوونەوەرێکی زیندووە کەسەرجەم مەوجودییەتە مرۆییەکان، توانا هەستییەکان و دەنگییەکان و یادگەی خۆی لەروونکردنەوەی بوونەوەرێکی دیکە دەخاتە کار کە لێرە نیە، ئەکتەر بوونەوەرێکی نادیارمان بۆ دەدۆزێتەوە، بوونەوەرێکی خەیاڵی دەکاتە راستەقینە، ئەکتەر ئامراز و ئیمکانیەتەکانی خۆی بۆ پیشاندانی کەسایەتییەکی دیکە بەکار دێنێ، ئەگەر لە روانگەی ئەنترۆپۆلۆژیاوە بکۆڵینەوە ئەکتەر نوێنەرێکە، ئەکتەر دەکرێت لەبیرەوەری و ژیانی کەسێتی خۆی لەبەدیهێنانی رۆڵێکدا بەکار بهێنێت، ئاسایی دوو جۆر ئەکتەرمان هەیە، یان ئەوەی کە ئەکتەر رۆڵێک بەرجەستە دەکات و تێیدا دەژێت یان خۆی رۆڵێک پیشانی دەرهێنەر دەدات، لە هەردوو حاڵەتدا، چی لە رۆڵەکەدا بژێت و چی خۆی رۆڵێک پیشان بدات، ئەکتەر دەگۆڕێت بۆ دەمامکێک و کۆی ئامرازەکانی بەکار دێنێت بۆ پیشاندانی ژیانێکی دیکە، بەڵام لەپێرفۆڕمانسدا شتی وانیە، پیرفۆڕنەریش بوونەوەرێکی زیندووە کە پڕۆژەیەک ئەنجام دەدات، بەڵام ئەو نوێنەری هیچ کەس و هیچ رۆڵێک نیە، بەڵکو ئامادەبوون و بوونی خۆی لەتەختەی شانۆدا گرنگە، هەڵبەتە ئەمە بەو واتایە نیە پیرفۆڕمەر حیکایەتی ژیانی کەسێتی خۆیمان بۆ روون دەکاتەوە، بەڵکو ئەم یادەوەری و بیرەوەریانە و بوونی ئەو کۆبوونەتەوە، کاتێک لەکارێکدا

لەبری ئەکتەر پێرفۆڕمەرمان هەبێت، دەرهێنەریش لەشوێنگەی پێشووی خۆی دەچێتە دەرەوە، دەرهێنەر کێیە؟ دەرهێنەریش بوونەوەرێکی زیندووە، ئەویش پرۆژەیەک تێدەپەڕێنێ، راستە بەدرێژایی مێژووی شانۆ ئەرکی دەرهێنەر و ئەکتەر زۆر گۆڕاوە، بەڵام لەهەر چەخێکدا تەنانەت تاکو هەنوکەش شوێنگەی دەرهێنەر چەشنی کەسێکە کە جیهانت بۆ راڤە دەکات یان ئەو بوونەوەرەی بە جەستە، بەیانکردن یان هەر ئامرازێکی زیندووی دیکە چیرۆک دەگێڕێتەوە، بەڵام لە پێرفۆڕمانسدا چیدی پێویست بەراڤەی جیهان یان گێڕانەوەی چیرۆک نیە، لەپێگەیەکی بێ راڤەی وادا، دەرهێنەر چیدی لە جێگای خۆیدا نیە، لە نمایشدا هەرچەندەش دەرهێنەر ئازادی کار بە ئەکتەرەکان ببەخشێت بەڵام دیسانەوە دواجار دەگەینەوە جیهانبینی ئەو، نمایش پرۆژەیەکە لەمیانیدا کۆمەڵێک مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی کارێک کە سەرەتایەک و کۆتاییەکی هەیە لەدەوری یەکدا کۆ دەبنەوە، لەم پرۆژەیەدا تەختەی شانۆ و ئەکتەریش هەر یەکە و نوێنەری شتێکن، وەک ئەو شەمەنەفەرەی کە نامەیەک لەگەڵ نێرەر و وەرگرێکی تایبەتدا دەگەیەنێتە شوێنی مەبەست، کاتێ من وشەی پێرفۆڕمانس بەکار دێنم هونەری چەمکێکم لەخەیاڵدایە کە لەبەرامبەر نمایشدا رادەوەستێت، کەواتە دوو بەرەی نمایش و پێرفۆڕمانس دروست دەبن، ئەمڕۆ پێرفۆڕمانس لە جیهاندا گۆڕاوە بۆ شێوازێک، وشەی پێرفۆڕمانس کە لە فارسیدا تەرجەمە دەکرێت بۆ (إجرا)، پێگەیەکی وەر گرتووە کە دەتوانین بالییەیەک یان ئۆپێرایەکی میللیش ناو بنێین پێرفۆڕمانس، رەگی ئەم وشەیە

بەواتای ئیجراکردن و نمایش کردنە، بەڵام پێرفۆڕمانس نمایش کردن نیە، بەڵکو پرۆسەیەکی زیندووتر و ڕەوانترە، بۆ نموونە لەکاری ئێمەدا ئەرکی دەرهێنەر و ئەکتەری بوونی نیە، ئەکتەر لەدیدی مندا ئەو کەسەیە کە (ڕەوتێک) دروست دەکات، منیش دەرهێنەر نیم، من چاودێرێکی بەشدار بووم، ئەو چاودێرەی کە لە دەرەوە چاودێرم، بەڵام ئامادەییم هەیە و بۆچی؟ چونکە ئێمە بەدوای ڕوونکردنەوەی چیرۆکەکەوە نین بۆ بینەر، ئێمە تەنانەت هیچ (تیمێک) بۆبینەر ناخەینە ڕوو، هیچ کام لەو وشانەی لە پێرفۆڕمانسەکاندا بینیت لەسەر بنەمای ڕاڤە دروست نەبووە، کاتێک دەکەویتە نێو واتای پێرفۆڕمانسەوە چیدی هیچ ڕاڤەیەک بوونی نیە، من ئێستاشی لەگەڵدابێت هیچ ڕاڤەم بۆ کەس نەکردووە کە بۆچی لە پرۆژەی (بێ سێبەر) دا ئاردم بەکار هێنا، یان هیچ کات لە نیگارم نەپرسیوە واتای ئەو ئاوەی لە تەختەی شانۆدا بەکاری هێناوە چیە؟ ئەم چیرۆکە خودی ئەوە، بەڵام من لەگەڵیدا، چیرۆکی خۆم دروست دەکەم، من چیرۆک بۆ بینەر ناگێڕمەوە، بەڵام ئەو کۆمەڵێ چیرۆک دەبینێت، چونکە مرۆڤ ناتوانێت بەبێ حیکایەت بژێت، ئێمە خۆمان حیکایەتین، بوونی من چیرۆکێکە، چیدی پێویست ناکات کە من بەگێڕانەوەی چیرۆکی خۆم دووبارە شرۆڤە بکە، هەموو ژیانی مرۆڤی ئەمڕۆ شی کردنەوەیە، کۆی ئەو شتانەی لەجیهانی ئەمڕۆدا هەیە وەک دەروونناسی، تەکنەلۆژیا و تەنانەت بیرکردنەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە جەستەی مرۆڤ پارچە پارچە بێت، ئێمە لە ژیاندا ئەرکێکی زۆرمان هەیە، وەک ئەرکی بەباوک بوون،

هاوكار بوون، منداڵ بوون و .... بەڵام ژیان بەشێوەیەكی تەواو ئەبستراكی دەچێتە پێش. من بەدوای ئەوەدام ئەم پارچە بڕاوانە دووبارە كۆبكەمەوە، ئەو بوونەوەرەی كە لەتەختەی شانۆدا دروست دەبێت، بۆمن بوونەوەرێكی كۆكراوەیە، بێ گومان ئەمانە لەچوار چێوەی ئەركی دەهێنەردا نمایش نیە

* بۆ پێشكەش كردنی نمایشێكی ئاسایی پشت بە دەقێك دەبەستین كە كەرەسەی خاوی نمایشەكەیە، ئێوە بۆ پێشكەشكردنی پێرفۆڕمانس چی ماتریالێك بەكار دێنن؟

- ئێمە لەسەر بنەمای زەرورەت لەسەر دەقێك كار دەكەین، رەنگە ئێمە كارەكەمان بە تۆنێكی دەنگی دەست پێ بكەین كە لەمیانی پرۆژەیەكدا ئەم تۆن و ئاوازانە دەگۆڕین، ئێمە تەنانەت واتای ئەو دەنگانەی كە بەكاری دێنین تاوتوێ ناكەین، بەڵكو ژیانی ناوەكی ئەم تۆن و ریتمانە بەكار دێنین، لەم چەند ساڵەی دواییەدا ئێمە لە لابۆری لالشدا لەسەر ومانێكی هونەری كار دەكەین، بڕیارە پرۆژەی (بێ سێبەر) ئەم ساڵ بەبۆنەی ساڵی گرۆتۆڤسكییەوە لەناوەندی گرۆتۆڤسكی پێشكەش بكرێت، لەم پێرفۆڕمانسە كۆمەڵێ وشە گوێ بیست دەبیت كە وێنا دەكەیت 2000 ساڵ پێشینەیان هەیە، بەڵام لەراستیدا ئەوانە هیچ واتایەكیان نیە، ئێستا پرسیارەكە لێرەدایە كە ئەم دەقە چۆن لە گروپی ئێمەدا دروست دەبێت؟ ئێمە تێكڕای تۆنە دەنگییەكان و "نەك تەنها تۆنی گۆرانی بێژێك، بەڵكو تەنانەت تۆنی دوكانداریش" لە هەموو جیهاندا بەكار دێنین، من كاتێ گەشت بۆ وڵاتانی جیاواز دەكەم شتگەلێكی زۆر لەو وڵاتانەوە دەبەمەوە

بۆ لابۆرەکەم، رەنگە ئەم رووداوانە لەکاری سبەینێی مندا نەبن، بەڵام لەجێگایەکی کارەکانمدا ئەم تۆنانە بەکار دەبرێت، گەشت بۆ وڵاتی جیاواز دەبێتە مایەی بەهێز بوونی ئەم زمانە هونەرییە، ئێمە دەتوانین جۆرەها میلۆدی بەم زمانە دروست بکەین، کاتێ ئەم میلۆدییە لە وڵاتێکی وەکو ئێران نمایش دەکرێت، بینەر وادەزانێ شتێ لەم میلۆدیەدا شاراوەیە کە ئەو تێیدەگات، یابانی و عەرەب یان وڵاتانی دیکەش بەو جۆرە، ئەم دەقە هونەرییانە هەستەکانی هەموو بینەرێک دەورووژێنێت، بۆ نموونە کەسێک لەیابان دوای بیستنی ئەو تۆنانە وتی: هەستێکی وەک خواردنی سێوی پێ بەخشیوم یان لەبرێکیاندا هەستی تام کردن دەکەوێتە کار دەست پێکێکی تایبەتی لە تەختەی شانۆکەدا دەرک دەکەن، هەر بەو جۆرە هەستی بینین و لەمس کردن و .... من لە شانۆدا لەگەڵ مرۆڤ رووبەروو بوومەتەوە. لەبنەڕەتدا شانۆ کارکردنە لەسەر مرۆڤ، بەڵام زۆرێک لەم شانۆیانە لەبیری دروستکردنی ژیانێکی تەندروستدا نین بۆ مرۆڤەکان، ئێستاشی لەگەڵدابێت سنورێک لەنێوان دەرهێنەر و ئەکتەر، ئەکتەر و بینەر هەیە، من بەهیچ شێوەیەک نامەوێت بەجیا تەماشای بینەر بەکەم، کاتێ بوونەوەرێکی زیندوو دێتە ناو هۆڵی کارەکەی من و ئامادەیی ئەو لە فەزادا کاری من پێک دێنێت، لەبنەڕەتدا بینەر لە شانۆکاندا بوونی هەیە، شتێک دەبینێت و دەبیستێ بەڵام ئامادەبوونی نیە، راستە کە چەمکی شانۆ لەسەر بنەمای مەوجودیەتی ئەفرینەران و بینەران دروست دەبێت، بەڵام حزور و ئامادەبوونی بینەریش توخمێکی زۆر گرنگە. لە پرۆژەیەکدا کە من کار دەکەم، نەک

تەنها ئامادەیی جەستەییان بەڵکو ئامادەیی بینەریش پێویستە، فەزا لەشانۆدا نابێت بگۆڕێت بۆ جێگایەک کە دەرهێنەر دیکۆری خۆی تێدا رۆدەنێت و هەروەها نابێت جێگایەک بێت کە بینەر تێیدا دادەنیشێت و تەماشای کارەکە دەکات، بەڵکو هەموو ئەمانە دەبێت لە فەزایەکی هاوبەشدا قەرار بگرن، سیمیناری مەحەلی کە لەگەڵ فێرخوازانی ئیرانی و زۆرێک لە وڵاتانی دیکەدا ئەنجامم داوە زیاتر لەبارەی پێرفۆڕماتیۆ (ئیجرایی) کردنی فەزاوەیە، باس لە گۆڕینی جێگایەکە بۆ فەزایەکی پێرفۆڕماتیۆ و بەکارهێنانی ئەم فەزای پێرفۆڕماتیۆیە لەپێرفۆڕمانسدا.

*** لەنمایشکردنی "گۆرانی گەڕاوەتەوە" پێش و پاش دەرچوونی بینەران، نمایشەکەتان بەردەوام درێژەی هەبوو، ئایا ئەمە بەواتای سەربەخۆیی نمایشی ئێوە لەبینەر نیە؟

شەماڵ عومەر: لەم لابۆرەدا ئامانجی ئێمە نمایش نیە، بابەتی گرینگ بۆ بابەتی ئێمە تێپەڕاندنی پڕۆژەیەکە، ئاکامی ئەم پڕۆژەیەی کە دەتوانێت بێ کۆتایی درێژەی هەبێت بەرهەمی کاری ئێمەیە، ئێمە هەموو رۆژێک کاری خۆمان لە (9)ی بەیانیەوە دەست پێ دەکەین تاکو (9)ی شەو درێژەی پێدەدەین، بەدرێژایی ئەم کاری رۆژانەیەدا ماوەمان هەیە کە حەز دەکەین خەڵکی بێن و لە کارەکەماندا بەشداری بکەن، بەڵام ناوی دەنێین بەیەکگەیشتنی پێرفۆڕماتیۆ، ئێمە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی وزەکانمان پێویستمان بەبینەران هەیە.

# بۆ ئەوەی ڕەگەکان لەیاد نەکەین

**د. عوطف نعیم**
**وەرگێڕانی: زەردەشت عەلی**

بەشێوەیەکی ئاسایی ئەزموونگەری تەنها لەپێناو گۆڕانکاریەو مەلەکردنەلەقوولاییە شێوەکانداو پرسیارگەلێکە کەخەیاڵاتەکان ئەبەزێنێ وهەستەکان ئەورووژێنێ، ئەوکات وێنەکان بەلێشاو ڕەوان وشاعیری وپەنگ خواردوو شڵەژاوو بینراو سەدا بەخش دەبن، ئەوەئەزموونگەریە، گەڕان وکۆشش وشکاندنی دووبارەبووەکانە، ئەزموونگەری لەشانۆدا سرووت دەکات بەکەرەستەیەک بۆ گەڕان، نمایشگەلێک دەبینین کەسرووتەکراوەکان وشوێنە شوێنەوارییەکان خانووەکۆنەکان ئامێزێک بوون بۆیان، دەکرێت نواندنی شانۆیی لەشێوەی جەستەو دەربڕینەکانیدا بەشێوەی سەماو زیندوێتی ئاماژەبەخشیدا بێت، بەدەگمەن نمایشە شانۆییەکان پشت دەبەستێت بەئەزموونگەری لۆژیک وزنجیرە بەستوویەکی چیرۆکی، دەقەکان ناچنەژێر ڕکێفی وەلانان ولێک هەڵوەشان وپەرتکردن، ئەزموونەکان لەسەر ڕەگەزە جیاوازەکان هەر لەسینۆگرافیاو نواندن وڕووداو وتەکنیکە ژێیەکان دەبێت، یاخود ئەزموونکاری کۆششکار بەئەکتەرێکی چەکدار بەلێهاتوویی نواندن لەنێو سرووتێکی نمایش ئامێزدا کۆتایی دێت، بەڵام یەک لەنیشانە سەرەکیەکانی

ئەم لایەنە ئەکتەرو کۆمەڵە ولابۆری شانۆی لالشە، کەهەردوو دوانەی عیراقی شەماڵ عومەر ونیگار حەسیب بەڕێوەی دەبەن، کەلەسەدادا کەرەستەیەکیان بۆ ئەزموونگەری وەدیهێنا، کاتێک ئەو نمایشەی کەتایبەتمەندیەکی ژینگەیی وتێکەڵ بوونێکی نێوان رۆشنبیریەکانی پێوە دیار بوو پێشکەش کرد، ئاستی نزیکی وئاوازەکان لەڕێگەی چوار دەنگەوەسیانیان مێینەو ئەویتر نێرینە، سەرەتای نمایشەکە بەدەنگی جریوەی عیراقیەکان دەستی پێکرد وهەرسێ ئافرەتی شانۆکار عەبای عیراقیان بەسەر شاندا دابوو لەنێو ماڵە داریەکاندا لەشەقەی باڵیان دابوو و وەک کۆترێکی غەمباری ترساو، کەبەرگی خەمەکانی پۆشیبێ وچرپەی هاواری نامۆیی ودابڕانی بەر گوێ کەوتبێت.

لەزەنگی ئاهەنگەکانی بەدر لەترس بۆ زەنگی ئاهەنگەکانی ناسۆری بریندار بەزیان و لەدەست چوونەکان، لەلەدایکبوونەوە بۆ عەشق، لەمنداڵیەوە بۆ پێگەیشتن ولەدەوڵەمەندی وشادیەکانەوە بۆ هەڵوەرین ولەدەستدانەکان، چی بوو ئەوەی ئەنکیدۆی بەگلگامشەوەکۆکردەوە تەنها خۆشەویستی وگەڕان بوو بەدوای نەمری خود لەڕێگەی نیشتیمانیدا؟ چی بوو کەنەمساو سەنگافورەو عیراقی کۆکردەوە تەنها دووبارەبوونەوەی ناسۆری وکارەسات وپیرۆزی شادیە دزراوەکان نەبێت؟ سرووتێکی عیراقی کەلەسەدایەکی ئاماژەئامێزدا کەرەستەیەکی بۆ دەربڕینی بینراو وەدی هێنا. دەنگ لێرەدا ئەو ئاماژەیە نیە کەبگۆ بگۆڕێت بۆ بیسەرو هەست ونەستەکان وەربگیرێ، ئەو دەنگەیە کەلەڕێگەی بڵاوەکردن و ووتن وئیقاعەکانیەوە

دەمانباتەنێو ڕەوشە هەستیارو جولاوەکان، سرووتێکی خاوەن تایبەتمەندیەکی ژینگەیی وتێکەڵەیەکی کارای سەرنج ڕاکێشی نێوان ڕۆشنبیریە جیاوازەکان، تەنها ڕەوشی هەستیە دەربڕاوەکان لەجەستەودەنگدا خۆیان دەدۆزیەوە، لێک نزیک بوون وەک ڕەوشێکی مرۆیی لەساتەگەلێکی دیاریکراو لەتەمەنی بوونەوەرەبارگاویەکان بەناهاوسەنگی (مرۆڤ). نیگار حەسیب وشەماڵ عومەر توانیان نمایشێکمان پێشکەش بکەن کەتیایدا جەختیان دەکردەوەلەسەر تواناکانی جەستەودەنگ وتوانای دەربڕینیان لەڕێگەی ژەنینی جۆراو جۆرەوە لەسەر ژێیەکانی هەستەشاد ودڵتەنگ وسامناک وهەڵگەڕاوەکان، هەردوو ئەو دوو ئەکتەرانەی تر کەڕۆڵیان بینی هیچیان لەوانی تر کەمتر نەبوو، بەڵکو خاوەن لێهاتوویی ولێوەشاوەییەکی بەتوانا بوون. هەموو ئەو گەڕان وڕاهێنانەی لەم بوارانەدا نواندیان بەدەریان خست وهەستەمرۆییەکانیش لەڕەوشە هەستیارەکاندا بەگۆرانی گوزارشتیان لێدەکرا، گۆرانی لێرەدا لەپێناو هەڵگوتن وگۆرانی نەبوو، بەڵکو ئاکتیڤ کردنی دیمەنە درامیەکان بوو لەڕێگەی وێنە جولاوو بگۆ دەوڵەمەندەکان بەهەستەهەڵقوولاوە ویژدانیەکان کەدەکاتەئاست سۆفیەت ودەرکەوتنی لەساتەتەوژمیە سۆزداریەکاندا ویەکگرتنی دراماتیکیان، سرووتی شیوەن ولاوانەوەوسرووتی لەدایک بوون وعەشق ودایکایەتی وسرووتی مردن ودابڕان وترس ئاسمانی نمایشەکەی داپۆشی بوو ئەمانبات بەرەو دۆزینەوەی ڕەگەکانی دایک، کەپێکگەیاندنی نێوان هۆشیاری ساتەوەختیمان ونێو سەرنجی نمایشە گەرماو

گەرمەداو نێوان زەینی کۆمەڵیمان تێکەڵ بوونێکی وێنەی شیعریی و وێنە بگۆکاندا لەنێو ویژدانماندا ئاڵودە دەبوون. ئەوەمندالّی ولاوێتی بوو، خەونەکانی تازەپێگەیشتوویەک بوو، زەمەنانێک بوو لەنیشتیمانێکدا کەتائێستا بەدەست تێکشکان وئازار وزیان لێکەوتنەوە دەناڵێنێت! سرووتەمرۆییەکان یەکگرتوویەکیان درووست کرد لەنێوان کولتورەجیاوازەکان کەلەنمایشێکی تایبەتمەند بەکۆشش وتاکگەرایی بۆ کۆمەڵێکی کارا کەهاتبوون بۆ بەشداری لەفێستڤاڵێکی ئەزموونگەری باڵا وەک فێستڤاڵی قاهیرەی نێو دەوڵەتی بۆ شانۆی ئەزموونگەری لەخولی شانزەهەمیندا بۆ ئەوەی ئەو داهێنانە نوێیەی بەئەزموونگەرەجیهانیەکان بناسێنێت، لەدایک بوونی خۆی ڕابگەیەنێت وەهیچ چەکێکی بەدەستەوەنیە تەنها خۆشەویستی وتەسەوف وبڕوا بوونی بەنامەی شانۆیی نەبێت کەنامەیەکی ئاکاری جوانناسیە کەهەوڵدەدات بۆ کەمکردنەوەی گرژیەکانی ژیان وناسۆرییەکانی لەژێر سێبەری سەروەری هزر کەهەوڵدەداتمرۆڤی مرۆیی بسڕێتەوە لەبەردەم خودای هەزارەی سێیەمدا لەسەردارەچەکدارەکان بەقامچی جیهانگیری لەلایەنە تارەکەیدا.

# دەنگ سەرلەنوێ جیهان دادەڕێژێتەوە

**د.ابراهیم الفو**

**وەرگێڕانی: زەردەشت عەلی**

پاش ماوەیەکی دوورو درێژ لەبێدەنگی.. پاش ئەوەی تەختەی شانۆ لەدرووشمەکانی بینین ڕۆچوو بوو، لابۆری شانۆی لالش بەڕەگەزی دەنگی تەختەی شانۆیان هەژاندو وەئاگایان هێنایەوە.. بەئاراستەیەکی نوێ هەنگاوی نا بەدوور لەو ڕێگە نەریتی وباوەی کە هەبوو، بەئاڕاستەی داڕشتنی دیمەنە شانۆییە هەمەچەشنەکان لەسەر بنەمای دەنگ.. ئەگەر ویستت ئەوا چاوەکانی خۆت بەبەتاڵی دەبینی.. ئەگەر ویستیشت ئەوا بێدەنگیەک لەبرینەکانت هەست پێ دەکەیت. بەسەرسامی وشەیداییەوە کەزمان لەگەڵ ویژدان قسەدەکات بێئەوەی بتخاتەنێو چوارچێوەکانی زمانی تەقلیدی.. تۆ لەبەردەم کۆمەڵە شەپۆلێکی کەهەڵتدەگرێت بەرەو درووشمەسەرسامەکان یاخود بەشێوەیەکی جیاواز هەستەکانی تووڕەیی وڕق لێبوونەوەت تێدا دەووڕژێنێ.. پاشان چەند جارێک دەتهاوێتە نێو کەشی نغرۆ بوون کەبەتەمەکانی بینین پڕ بووە.. دیمەنگەلێک کەلەهەستێکی سۆفیگەرانەوە سەرچاوەی گرتووە.. وەلەتۆنەکانی ڕابردووە سەختەکانەوە.. پاشان دەتبا بەرەو کەنارەکان و وویستی دۆزینەوەی هاوڵاتی ماندووت لا درووست دەکات کەزەمەن لەبیری کردووەیاخود دەیەوێ

لەبیری بکات.
جەستە لێرەدا چەندین جۆری تایبەتی ڕۆشنایی دەخاتەڕوو کەتۆ لەخۆتدا هەستیان پێ دەکەیت، هەندێکجار بەرەو بونیادە ڕووخاوەکان، هەندێ جاریش بەرەو داهاتووەگەشەکان، هەندێک جاریش بەرەو سەوزاییەکان، جەستەکان لەدایک دەبن لەهەموو ساتە جیاوازەکاندا جا چ لەبێدەنگیەکاندا بێت یان لەکاتی جولانەوەیاندا جەستەیەک دەبینی گەشەدەسەنێ ودرێژ دەبێت، ئەویتر دەتەقێتەوەو پارچەکانی پەرت دەبن بەڕووبەرەکانی ئەو هۆڵە بێدەنگەداو بەرۆشناییەکان، کەڕاستەوخۆ کار دەکاتەسەر سۆزداریت.
سینۆگرافیاو پۆلیڤۆنیای نمایشەکە
ڕووبەرێکی سپی وبێ خەوش، کەبۆیەکەمجار پێیەکانی وەسەر کەوتووە، دوو کورسی بچووک یەکێکیان لەڕووبەرە سپیەکە ئەوی کەشیان تۆزێک لەولاتر، ئەوی کۆتا هەڵگری خەسڵەتێکە لەخەسڵەتەکانی گەورەیی و سەرداری.. هەر سێک سیفەتەکانی جیهانی سەرەتایی ئاڵوگۆڕ دەکەن یان هەندێک جار هەست دەکەیت کەهیچ پەیوەندیەکی بەکەتواری ئەو زەویەوە نیە.. دەنگ وسێبەرەکان دەبنەهۆی متمانەو سەروەری یاخود جەستەیەکی ڕۆچوو لەئازارو خۆشیەکان، سەروەری ومتمانەلەو ڕووبەرەوە سەرهەڵدەدەن کە گوزارەیەکی دەنگی وەک خوێنە ڕژاوەکانن، ئەوەزەمەنێکە دەیزانین ودرکی پێدەکەین، کەبەشۆڕش ئاهەنگ دەگێڕێت.. هەندێ جار جەستەی گۆرانی بێژەکە کەخاوەن دەنگێکی زوڵاڵە ڕەنگەکانی هێزێکی ستەمکارانەی بەسەردا

دەبارێنێ.. وەدەرپەڕینێکی ووروژێنەرانە بۆ سەرجەم کارەشاراوەکان. نمایشە شانۆییەکە یاخود گرووپەکەی لالشی شانۆیی خاوەن چانسێکی تایبەت بوون کەبەتایبەتمەندی داهێنان ودۆزینەوە لەسەر ئەو ڕێگەیە، بەمتمانەیەکی زۆرەوە جیا دەکاتەوە.. ئەگەرچی لەنێو ڕەگەزەکانی ئەزموون ودرێژە هونەرییەکان هەندێک کاروبار دیار نەبوون کەدەکرا بخرێتە سەر ئەو ئەزموونەتاکگەرایە پێویستە، وەک سوود وەرگرتن لەفرەدەنگی، یاخود سەرچاوەکانی ووزەی زیاتر، بوونی کۆمەڵە نوێنەرێک بەدەنگەکانیان، سێبەری تر لەدەنگەسەرەکیەکان، هەروەها وەرگێڕانی بەشەجولاوەکان لەنمایشەکە بۆ ڕەنگە ڕۆشنکەرەوەکان کەدەکرا بوارێکی باشتر بۆ دەنگەکان بڕەخسێنرێت کەزیاتر هەست پێکراو بن وکاریگەرییان زیاتر بێت کەلەو باوەڕەدام بۆ ئەم ئەزموونە ڕەهەند گەلێکی زیاتری لەخۆ دەگرت کەزێتر توانای پێدەبەخشێ لەسەر درووست کردنی ئەتمۆسفێرێکی شانۆیی کاریگەر، ئێمە با ئەوەمان لەیاد نەچێت کەبەم ئەزموونەمامەلەلەگەڵ بینەرێکدا دەکەین تا ڕادەیەک بەشێک لەشارەزایی هەیە.. وەڕاهێنراوە لەسەر بینینی دیمەنگەلێک کەهەر هیچ نەبێت دەتوانێ دەرگا داخراوەکان بکاتەوە، ئەگەر ئەم گرووپەخۆی ماندوو بکردایە لەدۆزینەوەی ئەم جۆرە زاراوەدرامیە کەیارمەتی پێشنیاری کۆمەڵە پرسیارێک دەدات دەربارەی مرۆڤی سەردەم، ڕووحیە یان گەردوونیە، بواری ئەزموونگەریەکە فراوانتر دەبوو، یارمەتی ئەو گوڵە تازەپشکووتووەی دەدا کەڕەنگی جۆراو جۆر لەبەر بکات لەم

بواره سەرەتاییەیدا، هەروەک چۆن ئەزموون کاریگەری هەیە لەسەر چەشنەجیاوازیەکان لەچەشنەکانی بەیەک گەیشتن. سڵاوێکی تایبەت بۆ هەردوو هونەرمەندان شەماڵ وخێزانە جوان ودەنگ خۆش وئێسک سووکەکەی وسێیەمین هاورێ خاوەن بوێریە هونەری وئاست بەرزەکەیان، خۆشبەخت بووین بەئامادەبوونمان لەو ئەتمۆسفێرە شانۆییە کەچێژێکی هونەری ورۆحیمان پێکەوە وەرگرت، کەلەشانۆ دەرچووین جیاواز بووین لەو کاتەی کەهاتبووین.... ئەمەندەش بەسە

# ئاماژەیەك بۆ سەرەتای گَفت

**د. عقیل مهدی یوسف**

ئەزموونی شەماڵ عومەر توێژینەوەیە لەبارەی بەهای ئەزموونکاری، کەخۆ چەکدارکردنێکی زاڵە بەبوێری وگەڕانێک کەناویناوە بێدەنگکردن ونهێنی وئاڵۆزیی یا ئامادەنەبوون لەگوتاری فەرمی تەقلیدی، لەبازنەیەکی هونەری شەماڵ لەگەڵ نیگارو ئەلیس ڕەهەندێکی تازەیان درووست کرد، لەبەر ئەوەی هەلسان بەئامادەکردنی دەنگی ڕێکخەر. ئەوان دەسکاری بارودۆخێکی نوێیان کرد، ڕەفتاریان لەگەڵ کەرەستەکانی وەکو قوماش وکورسی ومێز دەکرد، بۆ هەنگاوێکی تێپەڕی ڕۆژانەو جێگیر کردنی بنەماکانی لەڕێگەی متمانەکردن لەسەر دیمەنە جێگیرو نەگۆڕەکان، یەکەمجار ئاماژەکاری بۆ دەنگ ودواتر بۆ جەستەو دوەمیش بۆ خولّقاندنی نووسینەوە لەفرەیی بۆ زمان، کەبەشداری بکات بۆ بینین وبیستن لەتەقاندنەوەی لای هەر وەرگرێک، بۆ ئەوەی مانایەکی تایبەت ئیرادەی شوێنە، ئەوسا فکرمان بباتەوەسەر ئەو حالەتەریتوالیەی کەبەشێوەیەکی گشتی وسەراپاگیر خۆماڵی داخراو ببەستێتەوە بەدەوردراوی مرۆیی. وەک ڕەخنەگرێک لەنمایشەکەدا گوێبیستی چەند پارچەیەک بووم لەئەفسانەناسراوەکەی گلگامش، ساتەوەختی گەڕان بەدوای نەمریدا، لەبارەی بەهای باڵا کەبەمانای موقەددەس

دەیبینێت، بەڵام لەمۆرکە ئاینیە میتافیزیکیەکەی گۆڕاوە بۆ مۆرکێکی ڕەفتارگەری ئاکاری نەتەوەیی، ئەوەش دیالەکتیکێکە لەنێوان جێگرەوەکان کەگەشانەوەیەکی سەرسوڕهێنەریان بۆمان درووست کرد لەئەزموونی شەماڵ ونیگار وئەلیس، ئەوەئەزموونێکی گەشاوەیە لەو شێوانەی کەلەشانۆی جیهانیدا هەیە.

# لە ئەزموونەکانی لابۆری شانۆی لالش.. زەوی خۆڵەمێش و گۆرانی

نووسینی: د. مەیمون ئەلخالدی
وەرگێڕان و ئامادەکردنی: ئاکۆ عەبدوڵڵا

لابۆری لالش بەو هەوڵە ئەزموونیانەی کە هەریەک لە هونەرمەندان "شەماڵ عومەر" و "نیگار حەسیب" سەبارەت بە "چەمکی رۆشنبیری جەستە" ئامادەیان کرد, لە ساڵی (1998) لە ڤیەننای پایتەختی وڵاتی نەمسا دامەزرا, دواتر بە قووڵی بایەخیان بەو تەکنیکەدا کە بە (Performetive Culture) ناو دەبرێت و بەرەو دارِشتنی پرسیارێکی نوێش چوون سەبارەت بە چۆنیەتی دواندنی جەستە لەکات و شوێندا. بۆ ناساندن دەڵێن: هەر یەک لە شەماڵ و نیگار لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو شانۆیان لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا خوێندووەو لە ساڵی 1988یش تێیدا دەرچوون, دواتر دەبن بە هاوسەری یەکتر, بەڵام لەبەر بارودۆخی پڕ نەهامەتی و ناخۆشی لە شاری سلێمانی رادەکەن و لە وڵاتی نەمسا نیشتەجێ دەبن, لەوساوە سەرقاڵی تۆژینەوەی بەردەوامن سەبارەت بە تەکنیکەکانی نمایشکردنی شانۆیی: لەڕووی ستایل و نواندن و دیالۆگ و ستاتیکاوە.

ئەمانە وەک دوو ئەکتەری نەمسایی لەگەڵ دوو ئەکتەری تر کە

یەکێکیان خاتوونێکی نەمساوی و ئەوی تریشیان خاتوونێکی سەنگافوری رەسەن چینی بوو, بەشدارییان لە خولی (16)هەمینی فێستیڤاڵی ئەزموونی قاهیرە کرد لە "باحە... بیت الهراوی"ی پشت مزگەوتی ئەزهەر، دەقێکیان بەناوی "زەوی خۆڵەمێش و گۆرانی" پێشکەش کرد. شایانی باسە ئەم شوێنە یەک لەماڵە کۆنەکانی میسرە کە وەزارەتی رۆشنبیری ئەم وڵاتە بۆ پێشکەشکردنی نمایشە جۆراوجۆرەکانی شانۆو مۆسیقاو کۆڕە رۆشنبیرییەکان بەکاری دەهێنێت, هەروەها سەنتەری "مالی عود"یشە کە "نەسیر شمە"ی هونەرمەندی عێراقی بەڕێوەی دەبات.

لابۆری لالش بە هەوڵی بێوچانی "شەماڵ و نیگار" لە ساڵی (2000)سەنتەکەری لە ڤیەننا جێگیر کرا, ئەم دوو هونەرمەندە بۆ بەدەستهێنانی "مەعریفەی دەنگی" بەهۆی "ئاهەنگ گێڕان" و "دەرهێنان و بەشداریکردن" و "کاری بروفماتیڤ"ی لە شوێن چەمکە ئاساییەکانی وەک "ئەکتەر" و "دەرهێنەر" و "نمایشی شانۆیی" کەوتنە کار.

شانۆ لە دیدی لابۆری لالش-ی شانۆیی بریتییە لە چالاکی داهێنانی مرۆڤ, شوێنێکیشە بۆ گۆڕانکاری, بە واتا کرداری گۆڕان لە چەند ئاستێک روودەدات, لەوانە:

-1 لەکاتی چالاکی نواندن, کە هونەرمەند هەڵدەستێ بە بەرجەستە کردنی بوونەوەرو شتەکانی تر, لەبەر ئەمەش تاقیگەکە رووەو هەڵوەشاندنەوەو کرداری گۆڕان دەڕوات.

-2 گۆڕانکارییەکی تر بەهۆی داسەپاندنی بەڵگە هونەرییەکانی تری دەرەوەی کاری جەستەیی دێتە کایە, واتا کەسە چالاکەکە

دەبێت بە بەشێک لە کرداری داهێنان هەروەک ئەوەی لە کۆنەوە تا ئێستا روودەدات.

-3 گرنگترین گۆڕانیش ئەو گۆڕانەیە کە لابۆری لالشی شانۆیی پێی گەیشت, کە کەسانی زیندوو چالاک لە بۆشاییەکان ئەنجامیانداو کارێکی توانستی بوو ئەو پەڕی وزەی مرۆڤی تێدا دەربڕا و لەناویدا لە "چۆنایەتی" بەرەو "جۆریەتی" چوو, بە واتایەکی تر گۆڕانی کەسی زیندوو بۆ تەواوی خۆی, ئالێرەوە ئەو بوونەوەرە چالاکە وەک پێچەوانەو شوێن گرەوەیەکی تەواو بۆ کردەی ئەکتەری هەڵدەستێ, چونکە هیچ بوونەوەرێک نانوێنێ و رێگا لە هیچ شتێکیش ناگرێت لە دەرەوەی خۆیدا. یان دەتوانین بڵێین وەک مرۆڤێکی ئامادە لەناو سات و شوێن دا واتای مرۆڤایەتی خۆی دەپێکێ, ئالێرەوە کرداری "دەقی" و "کرداری نواندن" بێگەرد دەبێت.

ئەم دوو هونەرمەندە لەو بڕوایەدان مێژووی شانۆو ئەزموونە بەدەست هاتووەکەی ناوی بەو بڕوایەی گەیاندووە کە دەکرێت شانۆ دەستبەرداری هەموو شتێک بێت بۆ بەجێگەیاندنی کردەی شانۆیی, جگە لە جەستە نەبێت, دەشپرسین بۆچی؟

لە وەڵامدا دەڵێن "چونکە ئەم جەستەیە بریتییە لە مرۆڤەکە", لەبەر ئەوەشە دەڵێن: "لە تاقیگەکەمان ئەو ئەزموونە بەدەست هاتووە کە بە (دەستەواژەی جەستەیی) ناودەبەین, کە ئەمەش لە روخسارو شێوە جۆراوجۆرەکانی, بەتایبەتی لەو ماوانەی دواییدا بۆ بەیەک لە سەرچاوە گرنگەکانی ئەندامی مرۆڤ, کە ئەویش دەنگە".

ئەوان لەمەدا وەها دەبینن جوڵە تەنیا هەڵگر نییە لە مێژوی کەسێکدا, یاخود تاکە دەبڕی کارەکانی مرۆڤ نییە, هەروەک شانۆی ئەمڕۆ وەها دەبینیێ کە پاڵنەرێکە بۆ کاری جەستەیی. دەنگ لەلای ئەوان بەو واتایە نایەت کە لە تەکنیکە جۆراوجۆرەکانی ناو شانۆی دیالۆگی و کلێسەیی و شانۆیی مۆسیقایی و تەنانەت لای ئەزموونی شانۆی نوێش بەکاردەهێنرێت کە تێیدا دەنگ بەرزکەرو تەکنیکە نوێیەکانی تر دەخرێنە گەڕ, بەڵکو دەنگ و تەنانەت گۆرانیش لە لابۆری لالش وتایەکی تری هەیە، نەبڕوای بە قووڵبوونەوەی کردەی درامی هەیەو نە بەرەو مۆنتاژی دیمەنیش یاخود بەرەو نامۆبوون دەچێت, بەڵکو تاقیگەکە هەوڵ دەدات هەموو ئەو بەکاربەرانەو شێوە کۆن و نوێیەکان ببڕێت.
ئەوان دەچنە ناو سەر چلیەکی نوێی دەنگەکە پێی دەڵێن: "دەنگ سەرچاوەمانە" کە بەسەرچاوەو پاڵنەرو بەگەڕخەری جەستەیی دادەنێن. راستە گفتوگۆی فیزیقی ریتم و باس دێنێتە کایە. بەڵام گۆرانی لەلای ئەوان تەنیا هەر گۆرانی نییە, بەڵکو بۆتە شتێکی "بینراو", هەروەها گۆرانی لەلای ئەوان تەنیا راڤەو شیکردنەوەی قسە نییە, بەڵکو خودی قسەو باسەکەشە, ئەمەو تەنیا کەش و هەوا دروست ناکات, بەڵکو خودی کەش و هەواکەشە, کەواتە "دەنگ سەرچاوەیەکە" لەلای ئەوان و هەوڵێکی تریشە بۆ توێژینەوەی جەستەیی. دامەزرێنەرانی لابۆری لالش "شەماڵ و نیگار" دەڵێن: "ئێمە بەهۆی ئەم رێگایە هەوڵی گەیشتن بە نهێنییەکانی ئەو مارە پێچاوپێچە نیمچە نەرمەی ناخمان دەدەین, واتا لە قووڵایی جەستەمان, کە ئەو بجوڵێت ئێمەش دەجوڵێین,

گەر هەناسە هەڵمژێت, ئێمەش هەناسە دەدەین, گەر چاوەکانیشی هەڵهێنێ, ئێمەش دەتوانین بۆ هەموو ئاراستەیەک بڕوانین, گەر لێوەکانیشی لێک کردەوە, لە ئازارەکان و پەرۆشیمان ئارام دەگرین، هەروەها ئەو وەک وێنەیەکی زیندوو وایە بۆ هێزی ژیان", "شەماڵ" بەمجۆرە کۆتایی بە قسەکانی دەهێنێ: "من باس لەدەنگ دەکەم وەک ئەوەی باس لە هەموو شتێکی زیندوو بکەم, بەڵی ئەو بوونەوەرێکی زیندووە, ئەو منم, ئەو ئێمەیە, پرسیاری سەرەکیش ئەوەیە: ئایا دەتوانین بەم ڕێگایە زمانی بەیەک گەیاندن بێنینە ئارا؟" لە وەڵامدا دەڵێت: "ئەوەی پێشکەشی دەکەین تەنیا نمایشێکی شانۆیی نییە بە مانا سادەکەی شانۆ, بەڵکو ناوی دەنێین "بەیەک گەیشتنی برفورماتیکی, کە ئەمەش دوا ئاست و تەواوکراوی ئەو ڕووداوە نییە, بەڵکو ئامرازگەلێکە بۆ توێژینەوەی بەردەوامی ئەزموونگەرایی".

ئالێرەوە دەچمە ناو گفتوگۆکردنی ئەو نمایشە کە پرسیاری زۆری سەبارەت بە دیاردەی شانۆگەری دوای نوێخوازی وروژاند, ئەوە ڕاستی بێت بەشداری لەو دەمەتەقێیەش کرد کە سەبارەت بە چەمکە سەرەکییەکانەو فێستیڤاڵی قاهیرەی شانۆی ئەزموونیش بەناوەڕۆکەکەی "شانۆی نوێخوازی و دوای نوێخوازی" لەسەری وەستاوە.

ئەم نمایشە ناوچەیەکی نوێی بەجێگەیاندنی تێدا چر بۆتەوە, کە جاروبار لە بەرامبەر ڕزگاربوونی لەو زاراوانەی کە بەم ڕۆژگارەمان لکاون لبە چەمکەکانی نوێخوازی بەرجەستەبوونی زەحمەتە, جاروبار سادەو ساکاریشە.

کەواتە ئێمە لەبەردەم بونیاتێکی وەهاین کە بنەماکەی لە شڵەژانی ستاتیکا وەرگیرا بێت, روانینی کارکەرانی شانۆیی لەسەرتاسەری جیهان بۆخۆی راکێشاوە, ئەویش ئەو توێژینەوەیە کە بە دوای ستایلێکی نوێ و دۆزینەوەی شوێنی نوێ دەگەڕێت و پشت بە هەڵچوونی وزە دەربڕین خوازییەکانی مرۆڤ دەبەستێ و لەسەر لۆژیکیش وەستاوە کە پێچەوانەی ئەو لۆژیکە بڵاوە ناسراوەبێت کە بەرگریکردنی ستاتیکیای شانۆیی دەکات لە ئەنجامی ئەو رووبەڕوو بوونەوە سەختەی کە هۆکارە نوێیەکانی راگەیاندن بەسەریدا سەپاندووە, هەر ئەمەشە داکۆکی لەنهێنی مانەوەی شانۆ بەگشتی دەکات لەو سەردەمەی کە سەردەمی تەکنەلۆژیاو شۆڕشی راگەیاندنە.

من کە بۆخۆم سەیری نمایشکردنی لابۆری لالش-م کرد، بەو ستایلە نوێیە تەواو سەرسام بووم کە تەنیا لەسەر بنەمای دەنگی وەستابوو. لەناویدا نەغمەی جۆراوجۆر دەبیسترا کە بۆ کۆمەڵگاو ئەنتۆلۆژیای جیاجیا دەگەڕانەوە, بەبێ ئەوەی پێشتریش بەیەکەوە لکابن "لەڕووی دەقەوە", وەها روون و ئاشکراش بوون وەک ئەوەی تێکەڵاوی یەکتر ببن, هەندێک جاریش بۆ تەواوکردنی گۆرانییەکە, یاخود لەبەر نەغمەو ئاوازەکە پێدەچوو لەخۆوە بگوترێت. بەم هۆیەش هونەری داڕشتنی دەنگی و دەربڕینی مەبەستەکان لە توانستی گۆڕینی نەغمەیەک بۆ نەغمەیەکی تر بەدیار دەکەوێت لەناو گونجانی دەنگی جۆراوجۆر هەر لەبەرایی و دڕندەییەوە بگرە تا دەگەیت بە فۆلکلۆرو کلتوورە جیاجیاکان, کە لە سەرەتادا وەها بەدیار

دەکەوێت لە چوارچێوەیەکی ئۆپێرایی دابێت.
پەیامی دەنگی مرۆڤایەتیش لەسەرتاوە لەسەر دوو هێما وەستاوە کە زمانی و نازمانییە, هێما زمانییەکە بریتییە لەو نیشانانەی زمانی کە لە مادە ئەدەبیەکە پێکدێت. هەرچی نازمانییەکەشە, بریتییە لە نەغمەو وەستان و بێدەنگی و پرتەو بۆڵەو هەموو ئەو دەنگانەی تر کە مانا بەخشن.
بە شێوەیەکی گشتی میتۆدی نوێ بانگەوازی وەبەرهێنانی چالاکی هێما نازمانییەکان دەکا کە لەگەلیدا دەبێت بە فراوانبوونی توانستی بیرکردنەوەی پێشکەش کەر و هاتنە ئارای داهاتوویەکی چالاک تر, تاقیگەی "لالیش" بە وردی کار لەسەر ئەمە دەکات, کاتێک کە سەر بەناوچەیەکی نوێش دادەگرن, هەندێک لە بینەران وەها هەست دەکەن کەوا نامۆن, بەڵام ئەم ستافە زیاتر پەیوەندییان بە لە نوێ دارِشتنەوەی دیمەنی شانۆیی لەسەر بنەمای توێژینەوەی هەیە. جۆراوجۆری دەنگەکانیشیان بە هێماکانی تری ناو ئاسمانی ئەو نمایشە پەیوەستە کەلەو ماڵە کۆنە پێشکەش کرا, لەگەڵ ئەوەی ناوچەکە دووربوو لە هەموو کالایەک.
نمایشکردنەکە لەکاتی چوونە ژوورەوەی بینەران دەستی پێکرد، کاتێک کە ستافی کارەکە هەر وەک ئەوەی لە ئاهەنگێکی میوانداری دابن شوێنی دانیشتنیان پێشانی میوانەکان دەدا, بەمەش گیانی بەشداریکردن و رەتکردنەوەی بەربەستە سروشتییەکانی نێوان خۆیان و ئامادەبووان سەلماند. لە دوای دانیشتنی بینەرانیش, هەر یەک لە "شەماڵ و نیگار" لە شوێنی خۆیاندا نەغمە دەنگی

نایاریان لێوەدەهات و بە جەستەش سەمایان دەکرد, بەمەش سەلماندیان کە ئاهەنگ دەگێڕن نەک نواندن.

هەر کە ئامادەبووانیش بە تەواوی جێگیر بوون, ئاهەنگێڕەکان (ئەکتەرەکان) کە "نیگار حەسیب" و "گابریل بلو نور" نەمسایی و "یاب سان سان" سەنگافورە بوون, لە شوێنی خۆیان رەش پۆشانە بە شێوەی "شەش پالۆ" دابەش بوون, "شەماڵ عومەر"یش وەک دەرهێنەر بەشداربوو. پاش بێدەنگییەکی کورت دیمەنی یەکەم دەستی پێکرد, سێ کچەکە عەبای رەشیان وەک ئافرەتانی عێراقی بەسەر خۆیاندا داو بەیەکەوە لەسەر لێویان هەلهەلەی عێراقیانە لێدرا.

لەنێوان پەیوەندی شادی و دڵتەنگیشی رایەڵی مرۆڤایەتی تارمایی خۆی بەسەر گۆڕەپانی نمایش کردنەکە داگرت, ئەو کاتەی کە "شەماڵ عومەر" دنەی ئەکتەرەکانی دا بۆ چوونە ناو توێژینەوە دەنگییەکەی ئەو کە بەهۆی بونیاتی دەنگی و نەغمەیی, لەش و لاریان دەکەوتە جوڵە.

# ڕوانـیـنـی دەنگ ئامێز بۆ جیـهان

**و: سەفەر عەلی**

ستافی "لابۆری شانۆی لالش" لە ڤیننای پایتەختی نەمسا کە هەردوو هونەرمەند "شەماڵ عومەر و نیگار حەسیب" سەرپەرشتی دەکەن، ئەم ستافە هونەرییە چەندین هونەرمەندی شوێنی جیاجیای جیهانی دەگرێتەخۆ، کە هەریەک هەڵگری کلتوورێکی جیاوازە، ئەزموونی خۆیان خستۆتەڕوو، واتا ئەزموونگەرییەکی تازەی شانۆیی لەژێر ناوی "بێ تاوانی" ئەمە پڕۆژەی توژینەوەی ساڵانی (2006 _2007)ە، کە لە چوارچێوەی "دەنگ چاوگەیە _ ڕوانینێکی دەنگ ئامێز بۆ جیهان" کاری خۆیان کردووە، ئەم ئەزموونە مۆدێرنەش، وەک کردەیەکی بۆ سوودوەرگرتنی زیاتر لە پانتایی و شوێنی دیکەی نواندن، کردەیەکی لێکۆڵینەوە و هەڵکۆڵینە، گەڕانە بەدوای دەستەواژەی تازە، دۆزینەوەی فەزای دیکە کە پشت بە تەقاندنەوەی توانا گوزارشتییەکانی مرۆڤ دەبەستێت، کە کردەیەکی سنووربەزێنە، بەپێی لۆژیکێکە کە لە حاڵەتە باو و ئەلۆفەکان دەردەچێت، دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت ئەم ئەزموونە لەسەر بونیادێکی دەنگسازی ڕەها دانراوە، پێکهاتەکانی لە کارتێکردنی ئەو هەوڵانەوە دێت کە بۆ دۆزینەوەی زمانێکی دەنگدراوە، کە لە دەرەوەی سیستەم و ئاماژە زمانەوانییە داخراوەکانە کە هێمای ڕۆشنبیری دیاریکراو هەڵدەگرێت و بۆتە حاڵەتی سواو، تەنانەت دەقە قسەپێکراوەکانیش کە بە ڕیتمی

دەنگی دەردەبڕدرێت و گۆرانی ئامێزە و لە دەرەوەی ئاماژە زمانەوانییە باوەکاندایە، ئەم کردە ئەزموونگەرییە.

لە ئاکامی توێژینەوەی لابۆری بەردەوام و ئاڵۆزەوە هاتۆتە بوون، ئەمەش دەرەنجامی گەشتێکی گیانبازانەیە و گەڕانەوەیەکیشە بۆ چاوگە هەمە چەشنەکانی مرۆڤایەتی. جیاواز و لێک دوریشە، هەروەها سوود وەرگرتنە لەیەکە و ریتمە دەنگییە دانسقەکان، بەڵکو ئەم دەنگانە بۆی هەیە رۆژێک لە ناو بچێت لەنێو سەرجەم کلتوورە جۆربەجۆرەکانی گەلاندا، ئەم هەوڵە ئاوێتەکردن و تواندنەوەی ئەم کلتوورانەیە لەنێو یەک قاونمی پێکهاتەی تازەی هونەری، ئەمەش بەهۆی پێکهاتە دەنگییە قسەپێکراوەکانە و هەندێکیشیان بەهۆی بیستنەوەیە کە لەنێو بنەمایەکی پێکەوەچنراو و کراوەیە و چەندین خوێندنەوەی جیاواز لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت.

ئەم کردەیە بوار دەدات بۆ داهێنانی کرانەوەیەکی تازەی توانا راڤەئامێزەکانی، دەستەی ئاهەنگێڕ و داهاتووی بینەر و گوێگر، ئەم ئەزموونەی توێژینەوەیە و ئەم توێژینەوەیە ئەزموونییە، تەنها هەوڵێکە لەلایەن ستافەکەی "شەماڵ و نیگارەوە" دراوە، لەپێناو داهێنانی زمانێکی تازەی پێکەوەگرێدانی شانۆیی لەنێوان رۆشنبیرییە جیاوازەکان، هەر لەسەرەتای مانگی شوباتی (2006)ەوە لابۆری شانۆی لالش داوەتی پسپۆران و شارەزایان و رەخنەگران و قوتابیانی زانکۆی ڤیەننای بەشی شانۆ کرد بۆ دیتنی قۆناغە ئەزموونگەرییەکانی بەرایی، ئەم توێژینەوەیە ئەزموونگەرییە تازەیە، چونکە وا بڕیاریشە ئەم ئەزموونە

"به پرۆڤەیەکی تەواو" لە داهاتوویەکی نزیکدا لە زانکۆکان و فیستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکانی وڵاتانی جیهان نمایش بکرێت، لەهەمان کاتدا لابۆری لالش سەرقاڵی گەشتێکی گەڕانە بەدوای رەهەندەکانی دیکە و رۆچوونە نێو فەزا و ناواخنە تازەکانی دیکەوە کە نادیارە لە نێو ئەزموونەکەیاندا واتا "دەسپێکی وتوێژ"، پرۆژەیەکی توێژینەوەی سالآنی (2005 _ 2006)ە، وەک قۆناغێکی چوارەمیشە، کە پێشتر هەرسێ قۆناغی رابردووی لە نەمساو ئەڵمانیا نمایش کراوە، هەروەها لە لابۆری "جێزی کرۆتۆفسکی" لە پۆلەندا نمایش کراوە، هەروەها لە فێستیڤاڵی شانۆی ئەزموونیگەری قاهیرە خولی هەڤدەهەم نمایش کراوە.
ئەمە جگە لەوەی لە هەریەک لە فێستیڤاڵی قەرتاجی شانۆیی لەتونس خولی (12)ەمین و هەروەها لە دیدارە نێودەوڵەتی "یۆ جینۆ بارپا" لە چوارچێوەی "قوتابخانەی نێودەوڵەتی شانۆیی ئەنترۆپۆلۆژی" خولی (14) ەمین نمایش کراوە، دەربارەی پەیدابوونی لابۆری شانۆی لالشش، لەگەڵ کۆتایی سالآنی هەشتاکانی سەدەی رابردوو و تاوەکو سەرەتای نەوەدەکانی هەمان سەدە۔ هەردوو هونەرمەندی شانۆکار "شەماڵ عومەر" و " نیگار حەسیب" سەرقاڵی توێژینەوەی ئەزموونگەری بووە، ئەم توێژینەوەیە زیاتر کاری لەسەر بواری (Culrure Physiaalconcept) کرد، لە نێوان سالآنی (1992 _ 1998) دا هەردوو هونەرمەند کەوتنە نێو توێژینەوەیەکی جوایەز دەربارەی میکانیزم و تەکنیکەکانی پەیوەست بە (performative culture ) کرد بۆ هەنگاونان بەرەو داڕشتنی پرسیاری تازە

دەربارەی ئەشکالییەتەکای گوتاری جەستە.

لە شوێن و کاتدا، بۆ مەبەستی توێژینەوەکەش هەردوو هونەرمەندی ناوبراو، لەساڵی (1998)دا "لابۆری لالشی" شانۆییان دامەزراند، لە ڤیەنای پایتەختی نەمسا، لە ساڵی (2000)دا لابۆری لالشی توانی پێگەی چەسپاوی خۆی پتەو بکات، وەک هەوڵدانێک بۆ دۆزینەوەی "مەعریفەی دەنگ" لە رێی ئاهەنگسازەوە، چاودێری بەشداریکار، کاری برفۆماتیڤی، لەبری چەمکە باوەکانی پەیوەستی بە "کارەکتەر" و "دەرهێنەر"و "نمایش شانۆیی".

شانۆ وەک بەخششێکی داهێنەرانەی مرۆڤایەتی، لە چەمکی شانۆیی لالش، شوێنێکە بۆ گۆڕان بەو واتایەی کە هەردەم پرۆسەی "گۆڕانی تێدا روودەدات"
(Transformation)، لە ئاستە جیاوازەکاندا:

1. بەهۆی کردەی نواندنەوە، کارەکتەر رۆڵی بوونەوەرەکان و شتەکانی دیکە دەبینێت، بۆیە لابۆرەکە هەوڵی هەڵوەشاندنەوە و کردەی گۆڕانیدا.

- گۆڕانی دووەم, بەهۆی گریمانەی ئاماژە هونەرییەکانی دیکەوە کە لە دەرەوەی جوڵەی جەستەن, بەو واتایەی کە بونەوەری کارکردە دەبێتە بەشێک لە پرۆسەی ئافراندن وەک چۆن روویداوە و روودەدات.

-3 بەڵام گۆڕانێکی دیکە لە ئارادایە, ئەم گۆڕانەیە کە لابۆری لاش پێی گەیشتووە, کە گۆڕانێکە بوونەوەری زیندووی جوڵاوە دەیکات, لە فەزاکانی کردەی خۆویدایە, بۆ هێنانەدی ئەوپەڕی

ئاستەکانی تواناو پەڕینەوە و گەیشتن لە "چەندایەتیەوە" بۆ "چۆنایەتی", بەو واتایەی کە بوونەوەری زیندوو بەرەو خودێکی پڕاوپڕ بچێت.

لێرەوە ئەم بوونەوەرە رادەبێ و دەبێتە بوونەوەرێکی کارکردە و پێچەوانە و ئەلتەرناتیڤی کە جلّی ئەو کردەیەی کارەکتەر، بەڵام ئەو نواندنی هیچ بوونەوەرێک ناکات و هیچ شتێکی دەرەوەی خودی خۆی نمایش ناکات, بەڵام ئەو کردەی مرۆڤایەتی وەک مرۆڤێک دەهێنێتە دی, مرۆڤێکە کە خروری هەیە لە شوێن و کاتدا, لێرەوە کردەی "دەق" و کردەی "نواندن" نامێنێت "textuality" "reprecentionalityy ", مێژووی دووری خۆی گەیاندۆیتە ئەو بڕوایە تەواوەی, کە دەکرێت شانۆ دەستبەرداری هەمووش بێت, کە پێویستی پێی نییە لە پێناو هێنانە کایەی کردەی شانۆیی و زۆرشت دەکرێ فێرێ درێتە دەرەوەی بایەخی شانۆ, تەنها جەستە نەبێت بۆچی؟، چونکە جەستە مرۆڤە.

لەلابۆرەکەمان, ئەم ئەزموونە داهێنراوە ناویلێنراوە "پەرستنی جەستە" پەرستنی ئەو جەستەیەش لە شێواز و روخساری جیاوازدایە، بە تایبەتی لەم ماوە زەمەنیەی دواییدا یەکێ لە چاوگە جەستەییە گرنگەکانی مرۆڤ لەبیر کراوە ئەویش دەنگە, ئێمە وای دەبینین کە ئەم جوڵە تەنها هەڵگری سیمای مێژووی کەسێک نییە, یاخوود تەنها گوزارشت کاربێ لە کردەی مرۆڤایەتی وەک چۆن شانۆی ئێستا وای دەبینێت کە پاڵنەرێکی کردەی جەستەییە, دەنگ بەو جەستەیە نایەت کە کاری تەکنیکی جیاوازی لەسەرکراوە یاخود وەک تەکنیک بەکار هاتووە لە

شانۆی دیالۆگ و ئۆپێراو شانۆی گۆرانی ئامێزو ئاهەنگسازی و مۆزیکی و هەروەها لە ئەزموونە شانۆییە تازەکانیشدا کە دەنگ لە ڕێگەی دەنگۆوەکانەوەکار دەکات و تەکنیکی دیکەش لەبارەوە بەکاردێت, دەنگ و گۆرانی چڕین لە لابۆرەکەی ئێمەدا, قوڵ کردنەوەی کردەی درامی نییە و هەوڵیش نادەن بۆ مۆنتاژکردنی دیمەنی شانۆیی, یانیش بەرەو نامۆبوونی شانۆیی بچێت, بەڵکو لابۆر هەوڵ دەدات ئەو هەموو تەکنیک و فۆرمە کۆن و تازانە تێپەرێنێت, لێرەوە دەچینە نێو بازنەییەکی دەنگەوە ناوی لێدەنێین "دەنگ وەک چاوگە", چاوگەیەک و پاڵنەرێک و بزوێنەرێکی جەستە, چاوگەیەک بۆ روداوی فیزیکی و ریتم و روداو دادەهێنێت, گۆڕانی تەنها گۆرانی نییە, گۆرانی بکرێتە مرۆیی لێرەدا گۆڕانی رووداو تێک نادات, چونکە گۆڕانی هەخۆی رووداوە, ئەو کەش دروست ناکات بەڵکو خۆی کەش و فەزایە, "دەنگ وەک چاوگە" هەوڵێکی دیکەی گەڕانە بەدوای جەستە, بەڵام لە ڕێگەی دەنگەوە, بەو شێوازەوە هەوڵ دەدەین بگەینە ئەو نهێنیانەی ئەو مارە پێچاوپێچە و نیوە خەوتووە.

لەنێو ناخی ئێمەدا واتا لە ناخی جەستەماندا, ئەگەر ئەو جوڵەی تێکەوت, ئێمەش دەجوڵێنیەوە, ئەگەر هەناسەیدا ئێمەش هەناسە دەدەین, ئەگەر چاوی کردەوە بەرەو هەموو ئاراستەکان رێ دەکەین, ئەگەر ئەو دەمی کردەوە گوزارشت لە ئازارو سۆزەکانمان دەکات.

هەر ئەویشە وێنەیەکی زیندووی توانای ژیانە.

"شەماڵ عومەری" هونەرمەند دەڵێت، من باس لە دەنگ دەکەم

وەک باسی لە بوونەوەرێکی پڕ ژیان بکەم, بەڵێ بوونەوەرێکی زیندووە, ئەوە منم, ئەوە ئێمەین"

لابۆری لالش شانۆیی بە ئەزموونە شانۆییەکانی خۆی بەشداری لە چەندین فیستیڤاڵی جیهانی کردووە، هەروەها وۆرک شۆپی دەنگ و لابۆری کراوەی لە چەندین زانکۆی ئەو پەری و ژاپۆنی و فیستیڤاڵە لەنێو دەوڵەتییەکان کردۆتەوە، هەروەها لە پەیمانگای باڵای هونەرەکانی شانۆ لە قاهیرە و مۆزەخانەی هونەری میسری هاوچەرخ لە قاهیرە چالاکی هونەری ئەنجام داوە, لابۆری شانۆی لالش لەگەڵ ستافەکەی خۆیدا, کە چەندین رۆشنبیری و ناسنامەی کەلتووری جودای تێدایە ئاڵوگۆڕی زانستی لەگەڵ لابۆرە جیهانییەکانی دیکەدا کردووە, لەوانە لابۆری "گیرسی گرۆتۆفسکی" لە پۆڵەنداو ئیتاڵیا و هەروەها لە شانۆی "ئۆدین لیو جینۆباربا" و "ئۆنۆکازۆ ئۆرائد" "Botho Dance" لە لابۆرەکەی خۆیدا, هەروەها لە "Hosho Non Theatre" لە ژاپۆندا, هەروەها لە لابۆرەکانی "باراتیاتر" لە فەڕەنسا و سویسرا و وڵاتانی دیکە.

# شانۆی لالش.. دەنگ بەو پێیەی سەرچاوەو بزوێنەرە بۆ جەستە

**عواد علی**

لە ڤیەننا دەرهێنەری شانۆی عیراقی شەماڵ عومەر لەگەڵ هاوسەرەکەی نیگار حەسیب قەرەداغی ئەکتەر ساڵی 1998 لابۆری شانۆی لالش دادەمەزرێنن، بەو پێیەی نێوەندێکە بۆ توێژینەوەی شانۆیی و کولتوریی لێهاتوویی شانۆیی، ناوی لالش واتە ژیانێکی ڕوناککەرەوە، ئەوەش لەناوێکی کوردیی کۆن وەرگیراوە کە ئاماژەیە بۆ پەرستگای ئاینی یەزیدیەکان، ئەو لابۆرە کە بە گرنگترین کۆبوونەوەی شانۆیی کوردی لە خۆر ئاوا دادەنرێت، پاش ئەوەی لەساڵی 1992 شەماڵ ونیگار تیپی شانۆی ئەزموونگەری کوردیان دامەزراند، ڕاستەوخۆ گەیشتنە نەمسا، کە لەو ڕێگایەوە چەندین نمایشیان لەشارەکانی نەمسا نمایشکرد، هەروەها لە ئەڵمانیاو هۆڵەنداو دانیمارک وسویسراو بەریتانیا، کە پەناهەندەیەکی کوردیی زۆریان لێیە.

بیرۆکەی دامەزراندنی لابۆری شانۆی لالش پاش ئەوە هات کە هەردوو دامەزرێنەرەکان شارەزاییان لە ئەزموونە شانۆییەکانیان وەدەست هێنا، ئەویش بە بەرکەوتنیان بەئەزموونەکانی شانۆی خۆرئاوایی، ئەوان گروپێکی جیهانین کە پێکهاتوون لەهونەرمەندانی کۆمەڵگاو کولتورە جیاوازەکانی وەکو کورد

وعەرەب وئەڵمان ونەمساویی و فەرەنسی وئەوانیتر، نمایشە شانۆییەکانیان لەزۆربەی شانۆکانی دنیا پێشکەش کردووە، لەوانە شانۆی (دۆم بیێر) ی فەرەنسی و (گۆت هارد) ی سویسری و بەرلینی ئەڵمانی وئیکۆهامای یابانی، بەڵام لە نەمسا زۆرترین چالاکیەکانی ئەو گرووپە جەختکردنەوەیە لەبواری فاکتەرە ژیاریەکانی (پێکگەیشتنی کولتوریی) ە، وەک پێشکەشکردنی (داستانی گلگامش) بەدیدگایەکی نوێ وهاودژ بەشانۆی سوونەتی، نمایشێکی شانۆیی کە زیاتر بێدەنگ بوو، کە دەسبەرداربوو بە دەستەواژەکان لە زمانە جیاوازەکان و ووتەزای سۆفیگەرێتی، سەرباری ئەزموونە شانۆییە هاوبەشەکانیان لەتەک دامەزراوە نەمساویی و خۆرئاواییەکان کە خاوەنی پێگەو بەهای خۆیانن، وەکو زانکۆی ڤیەننا وزانکۆی کریمس وسەنتەری توێژینەوەی زانستی، پەیمانگای زانستی شانۆ وفلمسازی ومیدیاکان ولابۆرەکانیان وئەوانیتریش کە گۆڕانیان لەدامەرزاوەکان کرد.

نیگارو شەماڵ بەدامەزراندنی لابۆرە شانۆییەکەیان هەڵسان بۆ ئامادەکردنی بەشدارانی لابۆرەکەیان وخوێندکارانی شانۆ لەڕێگەی ڕاهێنانەکان کە بریتین لە دەنگ ودەربڕین وجولەکانی جەستە، چەمکی (ئامادەکردنی شانۆیی) لەشوێنی (نمایشی شانۆیی) بە باشتر دادەنێن، لەسەر ئەو بنەمایەی شانۆ پڕۆسەی خولقاندن وپێکگەیشتن و بەردەوامیە لەگەڵ مرۆڤ، ئەو بەردەوامیەش داڕشتەو ئاراستەی جیاوازی هەیە، لێرەوە تێگەیشتن لێیان ناچێت بەرەو نوێنەرایەتی ئەویتر یان کەسایەتی

پێشووی نووسراو بەقەد ئەوەی هەوڵ دەدەن بەرهەم هێنەرەوە بن بۆ خودو یادەوەری تاک وکۆمەڵی، دارِشتەی (ئاهەنگساز) لەبرِی (ئەکتەر) بەکار دێنن، بەوەش

لەو دارِشتەیەدا لەگەڵ شانۆی ئاهەنگسازی مەغریبی بەیەکدەگەن، جا گەر بەمەبەست بێت یا بێ مەبەست، بەڵام لەو دارِشتەیەدا لەیەکتر جیاوازن، لەجەخت کردنەوەیان لەسەر بەهای دەنگ وگرنگیەکەی، بەو پێیەی سەرچاوەو بزوێنەرو پاڵنەر بۆ جەستە، هەروەها لەسەر گۆرانی، بەو پێیەی رِووداوێکی درامیە، ئیزافەیەیەکی زۆریان خۆستۆتە سەر تەکنیک وشێوازی بەکارهێنان، "رِاستە کە رِووداوێکی فیزیکی رِەزم ورِووداو درووست دەکات، بەڵام گۆرانی گۆرانی نیە، بەڵکو گوزارشتێکی بینراوە، نەک رِاڤەکارێکی رِووداو بێت، بەڵکو خۆی رِووداوە، ئەتمۆسفێر ناخولقێنێت، بەڵکو خۆی ئەتمۆسفێرەکەیە" بۆیە ئەوە هەولێکیترە بۆ توێژینەوەی جەستەیی، بەڵام لەرِێگەی دەنگەوە، لەو بارەیەوە شەماڵ ونیگار دەڵێن "ئێمە لەو رِێگەیەوە هەوڵ ئەدەین بگەین بە نهێنی کردە چەماوەکان، کە لەقووڵاییماندا شێوەیەکی خەوتووی هەیە، یاخود لەقووڵایی جەستەماندا، کاتێ ئەو دەجولێ ئێمەش هەروەها دەجولێین، کە هەناسە دەدات ئێمەش هەناسە ئەدەین، ئەوە وەک وێنەیەکی زیندووە بۆ ووزەی ژیان"

لەرِێگەی جەخت کردنەوەیان لەسەر بەهای دەنگ ئەوان دوور کەوتوونەتەوە لەسەر کاریگەریەکانی شانۆی وێنەیی، کە لەهەشتاکانی سەدەی رِابردوو ئامادەبوونێکی داگیرکاریانەی

لەسەریان هەبوو، بەهۆی کارکردنیان لەتەک مامۆستاکەیان لەکۆلیژی هونەرە جوانەکان دەرهێنەر سەڵاح ئەلقەسەب، نمایشەکەیان (زەوی خۆڵەمێش وگۆرانی) لە فێستڤاڵی شانۆی ئەزموونگەری قاهیرە لەساڵی 2004 نمایشیان کرد پراکتیزە کردنێکی ئەو میتۆدە بوو، ئەوەش بەپێی پیاهەڵدانی د. مەیمون ئەلخالدی نمایشێکی لابۆریە (دوو ئەکتەر دەریانبڕی، یەکێکیان نەمساویی وئەویتریشیان سەنگافوری بەڕەگەز چینی) بنیاتنرابوو لەسەر بونیادێکی دەنگی ڕەها، سەمتەکان لەتەک ئاوازە جیاوازەکان درووستکرابوون، کە بزوێنەری سەرچاوە کۆمەڵایەتی وفرە ئەنتۆلۆژیەکان بوو، بێ بەستنەوەی بە (دەقگەرێتی) پێشینەو ڕوون، کە ئاوێتەی ڕاگوزاری دەمودەست، لەتەک ناردنی بەمەبەست بۆ ئەوەی سەر بە گۆرانی بێت وجارێکیتر سەربە ئاوازەکان وجارێکیتریش سەر بە ڕێبازەکان بێت.

پشێوی ئەزموونگەری لای شەماڵ عومەرو نیگار حەسیب هەر لەڕۆژانی خوێندنی زانکۆ دەرکەوت، لەناوەڕاستی هەشتاکان ئەزموونێکی سەرنج ڕاکێشیانم بینی لەگەڵ دەقی بیکت (لەچاوەڕوانی گۆدۆ) شەماڵ عومەر کەسایەتیەکانی فلادیمێر وئیستراگۆنی لە دوو پیاو گۆڕی بۆ دوو ژن، نیگار حەسیب وفرمێسک مستەفا تەمسیلیان تیا دەکرد، ئەو کات ووتارێکی ڕەخنەیم لەبارەی ئەزموونەکە نووسی، ئاماژەم بۆ دیدگای دەرهێنەر کردبوو بۆ خستنە ڕووی کائینی مرۆیی بەگشتی، نەک پیاو بەتەنیا وەک لەدەقەکەی بیکت هەیە، تووشی بێهودەیی

جەنگ دێت، هەست بە بێئەنجامی دەکات، ئێستا ئەگەر ئەو ئەزموونە لەڕوانگەی ڕەخنەی فێمێنیستی بخوێنمەوە، خوێندنەوە دەمگەیەنێت بۆ دەرەنجام ودەلالاتی گرنگ، لەساڵی 1987 ئەزموونێکی تریانم لە سلێمانی بینی لەدەرهێنان ونواندنی نیگار حەسیب ومیدیا رەئووف بوو ئەویش (لەچاوەڕوانی سیامەند) لەژوورێکی بچووکدا پانتایی نمایش پێکهاتبوو، لەناوەڕاستیدا بەرزاییەکی تەختەی لاکێشەیی دوو باڵی وەک خاچی هەبوو، شاشەیەک داپۆشی بوو لە قوماشی تەنک کە جارێکیتر دەگۆڕدرا بۆ کفن، جارێکیتر دەبوو بە ڕووپۆش، سێیەمینیش بۆ چارۆگەی کەشتیەکی وونبوو، جگە لەوەی دەبوو بە دەلالەتی هەستیار کە ئامادەبوونی هەردوو ئەکتەرەکە بوو لەڕێی ڕەمزی وون: سیامەندی پیاو، خۆشەویست، هیوا، ڕزگارکەر، خەون، نیشتیمان......هتد، بەدەربڕینی جەستەیی ڕوون وشاعیریی، ئەو ئەزموونە یەکێکە لەو ئەزموونانەی کە شانۆی عیراقی لەهەشتاکان لەناو ناوکۆییەکی ڕەمزیی دەیخستە ڕوو نزیک لە بابەتی چاوەڕوانیەکی ئازاردراو، بێهیوایی، گەڕان بەدوای فریادڕەس ودڵسۆز، لەوانە: (لاواندنەوەی کورسیەکی لەرزۆک، پرسیارە شانۆییەکان) ی عەونی کەرومی، و (بەخێر هاتی ئەی دڵنیایی) ی عەزیز خەیون.

# نامەیەکی شەماڵ عومەر بۆ نیهاد جامی

برای ئازیزم هونەرمەند نیهاد جامی

دەربارەی ئەو نامە کراوەیەی کە بڕیاربوو بۆ تۆی بنێرم، مەسەلەی ورووژاندنی هەندێ مەسەلەی گرنگ لەسەر گرۆتۆڤسکی تەنیا بەشێکی نامەکەیە، کە تیایدا پرینسیپە بنەڕەتیەکان ومیتۆدە نەوەستاو و ئەزموونکاریەکانی گرۆتۆڤسکیم ئاماژە پێداوە، ئەمەش هەڵبەتە لە کاری چەندەها ساڵەی تیۆری و پراکتیکی و توێژینەوەی خۆمەوە سەرچاوە دەگرێت، دەکرێ ئەمەش دەرفەتێکی زۆر باش بێت بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵە گەورانەی (کە لە زۆربەی نووسینە عەرەبی و کوردیەکاندا کە بە ڕێگەیەکی ئیرتیجالی و مۆنتاجی و وەرگێڕانێکی حەرفی بەبێ تێگەیشتنێکی تەواو لە چەمک و کرۆکی ئەزموونەکان) دەرحەق بە گرۆتۆڤسکی و نەوەی نوێی شانۆ و خوێنەران دەکرێت.

من خۆم بە پسپۆری بواری گرۆتۆڤسکی نازانم، بەڵام زۆر زۆر ماندوو بووم تاوەکو لەم فینۆمە تێبگەم، ڕاستە من سوودێکی زۆر گەورەم لە گرۆتۆڤسکی بینیوە، ئێستاشی لەسەر بێت ئەو بۆ من وەک بربڕەی پشت وایە، بەڵام گرۆتۆڤسکی تەنیا ئەو ڕێگەیەی پیشانداوم کە چۆن بەرەو دەرگاکە بچم، چۆنیەتی کردنەوەی دەرگاکە و چۆنیەتی بینینی پشت دەرگاکە و چۆنیەتی خوڵقاندنی ژیانێکی تر و مامەڵەیەکی تر لەتەک پانتاییەکانی پشت دەرگاکە ئەوا کاری خۆمە.

دڵنیابە لەوەی ئەو پیاوە مەبەستی بووە ئەو ئەرکە ئاڵۆز و

قورسە بە خۆمان بسپێرێت، پیتەر بروک لە گفتوگۆیەکی کراوەدا لەتەک هونەرمەندان و ئامادەبووانی فیستیڤاڵی ساڵی گرۆتۆڤسکی لە مانگی شەشی 2009 لە پۆلۆنیا، کە وەک ئاگاداریت کە ئێمەش بەشداری ئەو فیستیڤاڵە بووین، بە باوەڕێکی تەواو و بە تەوازوعێکی گەورەوە ڕوویکردە هەمووومان و ووتی: " گرۆتۆڤسکی وەکو دارەکەی "ڤوودوو" وایە کە هەمووومان بە چواردەوریا دانیشتووین و ووزەی لێ وەردەگرین، بەڵێ گرۆتۆڤسکی هێشتاوەکو سێنتراله لە شانۆی ئەمڕۆی جیهاندا". ئەو کاتەی دەمویست ئەو نامەیە بۆ تۆی ئازیز بنووسم، ئەوا هەندێ مەسەلەی تری گرنگم لەلا ووروژا سەبارەت بە هەندێ لایانی زۆر گرنگی تیپی شانۆی ئەزموونگەری لە هەشتاکاندا و کارەکانی خۆم کە تاوەکو ئێستاکە بەو شێوەیە دەرکی پێنەکراوە و جگە لەمەش خوێندنەوەیەکی تایبەتی پرۆسەی مەشقی ڕۆژانەی دەنگی و جەستەیی لە تیپی شانۆی ئەزموونگەریدا کە لەلایەن نیگار حەسیبەوە بەڕێوە دەچوو کە هەرخۆشم سەرپەرشتی سەرجەمی پرۆگرامەکانم دەکرد، ئەمە بۆ یەکەمین جار بوو لە مێژووی شانۆی کوردی و تەنانەت عێراقیشدا پرۆگرامی مەشقی ئەکتەر بەو شێوە چڕ و قووڵە ببێتە پرۆگرامی سەرەکی گروپێکی شانۆیی سەربەست، تەنانەت زۆربەی ئەزموونەکان، دیدە و داڕشتنەوەکان لەو پرۆگرامە داڕێژراوەوە سەرچاوەیان گرتبوو، بیرمان نەچێت ئەو هەوڵە پەرش و بڵاوانەی کە لەو سەردەمەدا و لە پێش ئێمەشدا لەزۆر شوێن پراکتیزە کراون تەنیا بریتین بوون لە وەزیفەیەکی ڕەسمی مامۆستایەک لە چوارچێوەی پەیمانگایەک یان ئەکادیمیەکی شانۆییدا، ئەمە بۆ

یەکەمین جارە کە من لە شێوەی نووسینێکدا هەندێ ڕەهەندی زۆر گرنگ و نەناسراوی ئەزموونەکانی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کوردی ئاماژە بکەم. جگە لەوەش گەرەکمە ئاماژەی ئەم هەولە چاونەترسەی ئێوەش بکەم کە زۆر دڵخۆشی کردووین.
بۆیە وای بە پێویست دەزانم کە لەم کاتەتدا هەموو شتەکان بەسەریەکەوە نەبن و جگە لەمەش لەبەر سەرقاڵیەکی زۆرم لە ڤییەنا و خۆ ئامادەکردنمان بۆ چەند سەفەرێکی تری داهاتووی ئەمساڵمان ئەوا کاتم دەوێت و وای بەباش دەزانم ئەم مەسەلەیە بڕەک دوا بخەین. هەفتەی پێشوو پێت ڕاگەیاندم کە دەتەوێت هەندێ پرسیارم بۆ ڕەوان بکەیت، گەر بەباشی دەزانیت دەکرێ پرسیارەکان زۆرتر بکرێن و کۆمەڵێ مەسەلەی گرنگی هەشتاکانی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کوردی و لابۆری شانۆی لالش و دیدەی ئێمە بۆ کارەکانی خۆشتان لە تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوک هەروەها چەند باس و خواستێکی گرنگی گرۆتۆڤسکیش لەخۆ بگرێت و ئاراستەی من و نیگاری بکەیت، ڕەنگە ببێتە پرۆژەی کتێبێک لەتەک دۆکومێنتێکی وێنەیی لەبەرچاودا ، بۆ ئەم مەسەلەیەش دەتوانین کاتێکی باشی بۆ بخولقێنین کە بگونجێت لەگەڵ دەرفەتی هەموو لایەکماندا.
خۆشحاڵین بەدامەزراندنەوەی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوک و بەردەوامیتان لەگەڵ گۆڤاری شانۆکاردا. هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین

**شەماڵ عومەر**

**ڤییەنا** 3-9-2009

# لابۆری شانۆی لالش لە ساڵی گرۆتۆڤسکی دا لە پۆڵۆنیا

## (1)

مایەی خۆشحاڵیە یەکێک لەو گروپە شانۆییە دانسقە و ئەزموونکارییانەی کەلەلایەن ئینستیتۆی گرۆتۆڤسکی پۆڵۆنیا و سەنتەری توێژینەوەی پێرفۆرمانسی بەریتانیا بۆ دوو فیستیڤاڵی جیهانی لە ساڵی گرۆتۆڤسکی دا بۆ پۆڵۆنیا میوانداری کرابوون ' لابۆری شانۆی لالش' ی هەردوو ئەزموونکاری کورد "نیگار حەسیب و شەماڵ عومەر" ە کە بەناوی نەمسا و کوردستانەوە ناسێنران و بەشێوەیەکی تا بڵێ ی سەرنج ڕاکێش و سەرکەوتنێکی جیهانی لەبەر چاوەوە زنجیرەیەک لە وۆرک شۆپ کە بەشداران لە وولاتانی جیهانی وەکو (پۆڵۆنیا و ڕوسیا و ئەمەریکا و بەریتانیا و یۆنان و مەکسیک و نویزلاندا و ئیسپانیا و ئێرلەندا) بەشداربوون و هەروەها پراکتیک کردنی میتۆدەکانی کاری لابۆری لالش بەبەشداری بیست ئەکتوێری نێونەتەوەیی وهەروەها نوومایشتکردنی ئەزموونی پێرفۆرمانسی "بێ سێبەر"/ پرۆژەی توێژینەوەی 2006/2009 بە جێگەیاند. شایانی باسە بینەرێکی زۆری نێونەتەوەیی لە هونەرمەندان و بیرکاران و ڕەخنەگران و گروپی شانۆیی و قوتابی و مامۆستایانی زۆربەی زانکۆکانی جیهان کە لەزۆربەی وولاتانی جیهانەوە ئامادەی ئەم فیستیڤاڵە ببوون، کارەکانی "لابۆری شانۆی لالش" یان بەیەکێک لە ئەزموونە گرنگەکانی ئەمڕۆی شانۆ هەڵسەنگاند. ئەنجامی

ئەم سەرکەوتنانەش بانگەوازکردنی لابۆری شانۆی لالشە لە ئۆکتۆبەری ئەمساڵەوە تا ساڵی داهاتوو بۆ چەندەها فیستیڤاڵی تری شانۆیی نێونەتەوەیی و زانکۆی شانۆیی لە بولغاریا و سارااییڤۆ و ئیتالیا وبەریتانیا و کەنەدا و یۆنان و پۆڵۆنیا کۆلۆمبیا و ئەرجەنتین.

**(2)**

لەلایەن "ئینستیتۆی گرۆتۆڤسکی" و "مەڵبەندی یۆنسکۆ" وە ساڵی2009 بە بۆنەی تێپەڕبوونی پەنجا ساڵ بەسەر شانۆی لابۆراتۆریۆم و دە ساڵ بەسەر مەرگی گرۆتۆڤسکی دا بە "ساڵی گرۆتۆڤسکی" ناسێندراوە . تاوەکو ئێستا چەندەها چالاکی نێونەتەوەیی لە چەندەها وولاتانی جیهاندا وەکو فیستیڤاڵ و کۆنفرانس وسیمینار و گفتوگۆی کراوەو ۆرک شۆپ و پێشانگای فۆتۆگرافی وپیشاندانی دۆکومێنت و فلیم و چاپکردنی کتێبی تایبەتی لەسەر ئاستێکی جیهانی و فراوان بەئەنجام گەیاندراون و تا کۆتایی ئەمساڵیش چەندەها چالاکی تریش لە پرۆگرامی ساڵی گرۆتۆڤسکی دا بەئەنجام دەگەن. تێکڕای ئەمانەش بە بەشداری چەندەها زانکۆی جیهانی و سەنتەری کلتوریی و شانۆیی بەڕێوە چووە و دەچێت. سەرەڕای هەمەڕەنگی بەرنامەکان و دابەش بوونی بەسەر چەند وولاتێکی ئەورووپی و ئەمەریکی دا، ئەوا سەنتەری چالاکیەکان و بەرنامە گرنگەکان زیاتر لە پۆڵۆنیا لە شاری "ڤرۆسلاڤ" و "بژیژینکا" بەڕێوە دەچێت کە هەردوو لابۆر و سەنتەری کارکردنی گرۆتۆڤسکی جگە لە ئۆپۆلۆ لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە لەم دوو شوێنەدا بوون.

لەساڵی1965 گرۆتۆڤسکی "شانۆی لابۆراتۆریۆم" ی گواستەوە بۆ سەنتەری شاری "ڤرۆسلاڤ" و لە نهۆمی سێهەمی ئەپارتمانێکدا کە 70 مەتری چوارگۆشەیە گرنگترین و هەستیارترین ئەزموونی تری نوێی بە جیهانی شانۆ بەخشی. وەکو ئاشکرایە گرۆتۆڤسکی لە ساڵی 1959 لە شاری ئۆپۆلۆ "شانۆی سیانزە ڕیز" کە دوایی بووە "شانۆی لابۆراتۆیۆمی سیانزە ڕیز" وەکو ئینیستیتۆیەک بۆ توێژینەوەی میتۆدی هونەری نواندن دامەزراند. ئێستا "شانۆی لابۆراتۆیۆم" ی ڤرۆسلاڤ لە ساڵی 2006 وە بە "ئینستیتۆی گرۆتۆڤسکی" ناسراوە و پێش ئەوەش بە "سەنتەری گرۆتۆڤسکی بۆ توێژینەوەی شانۆ و کلتور و کارەکانی گرۆتۆڤسکی" ناسراوبوو. لە ناوەڕاستی شەستەکانیش بەدواوە چەند جارێک ناوەکەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لەم شوێنەدا چەندەها کاری نێو نەتەوەیی بەئەنجام دەگات و جگە لەمانەش بۆتە سەنتەری ئەرشیف بۆ توێژینەوەی پراکتیکی و تیۆریی کارەکانی گرۆتۆڤسکی. گرۆتۆڤسکی هەر لەسەرەتاوە دیدەیەکی ئەڵتەرناتیڤی هەبووە بۆ شانۆ و خولیای پشکنین و دۆزینەوەی پرۆسەیەکی هونەری تر بووە بۆ کاری ئەکتەر وخوڵقاندنێکی نوێ ی پەیوەندی و ئامرازەکانی. چەقی ئەم کارەش زیاتر لەم دنیابینیەدا دەردەکەوێت: (ئەکتەر بەتەنیا وەک ئەکتەر نا. بەڵکو وەکو ئینسان) دەکرێ ئەم دێڕە وەکو شادێڕێک وەربگرین بۆ باشترین تێگەیشتن لە گرۆتۆڤسکی و خوێندنەوەیەکی قوڵی ئەزموونەکانی. ساڵی 1965 لە بڵاوکراوەیەکی شاری ڤرۆسلاڤ دا بۆ یەکەمین جار گرۆتۆڤسکی کۆنسێپتە خوڵقێنەرەکەی دەربارەی "شانۆی هەژار" وەکو تێکستێکی سەرنج ڕاکێش

بلاودەکاتەوە. لە ساڵی 1968 یشدا لە کتێبێکدا کە بە "شانۆی هەژار" ناسرا و ڕەخنەگرانی شانۆ ئاماژەیان بەوە داوە کە ئەم کتێبە بوو بە ئینجیلێک بۆ گروپە ئەزموونگەریەکانی شانۆ لە جیهاندا. پێشەکی ئەم کتێبە هەمان ئەو تێکستەی پیتەر بروکە کە لە ساڵی 1966 دا لەسەر گرۆتۆڤسکی نووسیوە و تیایدا ئاماژەی ئەوە دەکات کە گرۆتۆڤسکی بێ هاوتایە چونکە هیچ کەسێک لە ستانیسلاڤسکیەوە نەیتوانیوە وەکو گرۆتۆڤسکی سروشتی هونەری نواندن و فینۆمەکانی و ماناکانی و کارەکتەر و جەوهەرە روحی و فیزیکیەکەی بەو شێوە بنەڕەتی و ئاڵۆزە بتوێژێتەوە، وەکو ئاشکرایە دوا کاری دەرهێنانی گرۆتۆڤسکی بریتیە لە ئەزموونی "ئەپۆکالیپس" کە لەماوەی دوو ساڵی بەردەوامی پرۆڤەدا پێگەیشتووە و لە ساڵی 1968 وە تاوەکو سیانزە ساڵ لە وێستگە و گۆڕانی هونەریی بەردەوامدا لەتەک ئەزموونەکانی تری گرۆتۆڤسکی دا لە زۆربەی فیستیڤاڵە شانۆیی و کلتوریەکان و زانکۆکاندا بۆ بینەرێکی زۆر و فراوان لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا نوومایشت کراوە.

لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا گرۆتۆڤسکی بەئامانجی ئەزموونێکی تر و ڕێگایەکی تری توێژینەوەی پراکتیکی شانبەشانی کاری بەردەوام لە شانۆی لابۆراتۆریۆمدا لە شاری ڤرۆسلاڤ، ئەوا لەدەرەوەی ئەم شارەش سەنتەرێکی نوێی کارکردنی لە ناوچەی "بژیژینکا" دەکاتەوە کە ماوەی کاتژمێرێک لە شارەوە دووورە. سەنتەری "بژیژینکا" لەنزیک چەند گوندێکەوەیە و پێشتر ئاش بووە وتا ئێستاش شوێنەوارەکانی ماوە و چەمێکی بچکۆلە پیایدا تێدەپەڕێت کە سەرچاوەکەی لە دەریاچەیەکی تا بڵێی

ئەفسووناویەوە هەڵدەقوڵێت، هەروەها تا چاوبڕدەکات دارستانێکی چڕوپڕ بەهەموو لایەکیدا بڵاوبۆتەوە. کاری گرۆتۆڤسکی لەم شوێنە ئەفسسوناویی یەدا بە "پاراتیاتەر" ناسراوە و کە لەلایەن خۆی و بیریارانی شانۆوە بەئەزموونێک لە ئەزموونەکانی "پۆست تیاترالیزم" ئاماژەی پێدەدرێت. هەروەها هەر لەم شوێنەشدا قۆناغێکی تری توێژینەوەی پراکتیکی بەجێگەیانراوە کە بە "شانۆی سەرچاوە" دەناسرێت. ئەم سەنتەرەش ئەمڕۆکە بووەتە سەنتەرێکی چالاکی نێونەتەوەیی و گرووپی شانۆیی دانسقە و ئەزموونکار کارەکانیانی تیابەجێدەگەیەنن و بووەتە شوێنی ئاڵوگۆڕی میتۆدیی و بەئەنجامگەیاندنی ۆرک شۆپ و نوومایشتی ئەزموونکاری. جێگەی ئاماژەیە هەموو ئەو گروپ و کەسانەش کەبەمەبەستی کار ڕوو دەکەنە ئەم شوێنە ئەوا هەر لەویاشدا شەو و ڕۆژیان دەبەنەسەر و لەم ساڵانەی دوایشدا بەتەواوەتی ئەم سەنتەرە بونیاتنراوەتەوە کە هەموو مەرجەکانی حەوانەوەی تیادایە.

هەڵبەتە مانەوەی گروپ و کەسەکانیش لەویادا وای کردووە کە ئاڵوگۆڕەکان لەسەر ئاستی پەیوەندی مرۆڤایەتی و هونەری گەرم و گوڕتر و قووڵتر بەڕێوەبچێت، ئەم بارودۆخەش وای کردووە کە شێوازی کارکردنیش بە شێوەیەکی چڕ و درێژخایەن بەئەنجام بگات، کە هەندێک جار لە بەیانی زووەوە تا وەکو نیوەشەو دەخایانێت. لابۆری شانۆی لالش جگە لەوەی لە ساڵی 2005 دا دووجار لە ڤڕوسلاڤ لە شانۆی لابۆراتۆریمدا کە ئێستا بە "هۆڵی ئەپۆکالیپس" ناسراوە ودەکەوێتە ناو ئینیستیتۆی گرۆتۆڤسکیەوە ئەزموونەکانی بەجێگەیاندووە، ئەوا ئەمساڵیش

2009دووجار ئەزموونەکانی لە "بژیژینکا" بەجێگەیاندووە.

**(3)**

ئەزموونەکانی لابۆری شانۆی لالش لە ساڵی گرۆتۆڤسکی دا:

1. فیستیڤاڵی نێونەتوەیی بۆ دەنگ؛

Giving Voice Festival

16 بۆ 26 ی مانگی چواری 2009

بەبۆنەی ساڵی گرۆتۆڤسکی یەوە ئەمساڵ یانزەهەمین خولی ئەم فیستیڤاڵە لە شاری ڤرۆسلاڤ و بژیژینکا بەئەنجام گەیشت. ئەم فیستیڤاڵە لەبنەڕەتدا سەر بە بەریتانیایە و ساڵانە لە "وێلس" لەلایەن "سەنتەری توێژینەوەی پێرفۆرمانسی" یەوە بەڕێوە دەچێت. لەم خولەیەدا کۆمەڵێ گروپی تایبەت لە جیهاندا هەڵبژێردرابوون بۆ پیشێندانی ئەزموون و میتۆدی کارکردنیان کە زیاتر سەرقاڵی کاری ئەزموونگەری دەنگن لە پرۆژەی پێرفۆرمانسیدا، شانبەشانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵێ ۆرک شۆپ لەلایان پسپۆرانەوە هەروەها چەندەها کۆنسێرتی دانسقە و تایبەت، هەروەها پێشانگای فۆتۆگرافی بۆ ئەزموونی هونەرمەندە بەشدارەکان.

شەماڵ و نیگار وەکو لابۆری شانۆی لالش بۆ ماوەی سێ ڕۆژی چر وپڕ وەرشەیەکی دەنگیان بەڕێوەبرد کە کەسانێکی زۆر لە وولاتانی جیهانیەوە بەشداریان لەم وەرشەیەدا کردبوو. شوێنی ئەم وەرشەیەش سەنتەری کارکردنی گرۆتۆڤسکی بوو لە بژیژینکا. میتۆدی ئەم کارکردنەش کە تایبەتمەندێتی نیگار و شەماڵەوە بۆ کاری دەنگی و جەستەیی پێرفۆرمێر لە ژێر ناوی "بەرەو ووزەی دەنگ و ئەکسیۆنی دەنگی" بەئەنجام گەیشت.

هەروەها لابۆری شانۆی لالش بەرابەری نیگار و شەماڵ و بەبەشداری هەژدە پێرفۆرمێری نێونەتەوەیی لە "شانۆی پۆلسکا" لە شاری ڤرۆسلاڤ بەئامادەبوونی پسپۆرانی دەنگ و جەستە و رەخنەگر و بیرکار و هونەرمەندانێکی زۆر لە شێوەی گفتوگۆیەکی کراوەدا چەندەها کاری پراکتیکی جۆراوجۆر و ئەکسیۆنی دەنگی و جەستەیی یان نوومایشت کرد کە بریتی بوون لە میتۆدی کارکردنی لابۆری شانۆی لالش کەلەم دەساڵەی دواییدا لەلایەن نیگار و شەماڵەوە وەکو داهێنانی تایبەتی خۆیان کاریان لەسەرکردووە.

2- فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆ:

The World as Place of Truth

16 بۆ 30 مانگی شەشی 2009

ئەم فیسیتڤاڵە نێونەتەوەییەی شانۆ لە شاری ڤرۆسلاڤ و بژێژینکا لە پۆڵۆنیا بەرێوەچووکە لە مێژووی فیستیڤاڵەکانی جیهاندا زۆر تایبەتمەند ودانسقەیە، چونکە بۆ یەکەمین جارە چەند ناوێکی جیهانی و داهێنەرانی شانۆی هاوچەرخ پێکەوە کۆ بکاتەوە. لەوانەش (پیتەر بروک و ئۆیجینۆ باربا و تاداسی سوزوکی و ریچارد شێخنەر و ئەناتۆلی ڤاسیلیڤ و پینا باوش و رۆبێرتۆ پاجی و چەند ناوێکی تر) شانبەشانی ئەزموون و نوومایشتی ئەم ناوە جیهانیانە ئەوا پێنج ئەزموونی دانسقەش لە جیهانەوە هەڵبژێردرا بوون وەکو نەوەی نوێی شانۆ کە هەریەکەیان لە هەوڵی دارشتنەوەی دونیابینی شانۆیی خۆیاندان و لە رەوتی ئەزموونکارانەدا کار بۆ میتۆدی خۆیان دەکەن و لە رێگەیەک لە رێگاکانەوە یان لە شوێنێک لە شوێنەکانەوە

شتێک بە دونیابینی گرۆتۆڤسکی یەوە دەیانبەستێتەوە. لەوانەش لابۆری شانۆی لالشی شەماڵ و نیگارە کە تەنیا شانۆیەک بوو لە ڕۆژئاوای ئەوروپاوە بانگێشت کرابوو.

بە ئەزموونی "بێ سێبەر" شەماڵ و نیگار بەشداری ئەم فیستیڤاڵەیان کرد و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە بژیژینکا دا پێرفۆرمانسەکەیان نوومایشت کرد.

نیگار و شەماڵ دەڵێن: (تەقسی ئەم شوێنە زۆر تایبەتە، پانتایی ئەم هۆڵە زۆر دانسقەیە، هەر لەم شوێنەدا مەبەستمان بوو ئەم پێرفۆرمانسەمان بە شێوەیەکی جیاوازتر لە وێستگەکانی تری پرۆژەی "بێ سێبەر" دابڕێژینەوە، بۆیە ئەزموونەکە لە دوو پانتایی جیاوازدا بەئەنجام گەیشت. ئێمە هەوڵماندا ووزەی سروشت و ووزەی پانتاییەکانیش بکەینە بەشێکی پێکهێنەری ووزەی خۆمان و ئامادەبووان).

شایانی باسە شەماڵ و نیگار بۆ شوێنی دانیشتنی بینەران هەمان ئەو مەستەبانەیان بەکارهێنا کە گرۆتۆڤسکی بۆ بینەرانی نوومایشتەکەی "ئەکرۆپۆلیس" بەکاری هێنابوو، کە تاوەکو ئەمڕۆش پارێزراون و بە " مەستەبەکانی ئەکرۆپۆلیس" ناسراوون، بە پێی ژمارەی موستەبەکانیش شەماڵ و نیگار ژمارەی هاتنە ژوورەوەی بینەرانیان دەستنیشان کردبوو.

## (4)

شەماڵ عومەر و نیگار حەسیب ئاماژەیان بەوە داوە کە ئەم بەشداری و ئەزموونانەی لابۆری شانۆی لالش لە فیستیڤاڵەکانی ساڵی گرۆتۆڤسکی دا جارێکی تریش دەرگایەکی گەورەی لەسەر

جیهان بۆ کردونەتەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەنگاونانێکی ترە بەرەو ناوێکی جیهانی.
لەم پێکگەیشتنانەدا ئاڵوگۆڕێکی تەواوی میتۆدی لە نێوان شەماڵ و نیگار و زۆربەی ئامادەبوانی فرە کلتوری فیستیڤاڵەکە لە پسپۆران و هونەرمەندان و ڕەخنەگران و بینەران ڕوویداوە. بە تایبەتیش ئەکتەر و کارگێڕە سەرەکیەکانی هەرپێنج قۆناغە جیاوازەکانی گرۆتۆڤسکی لەسەردەمی "شانۆی لابۆراتۆریۆم " تا وەکو "هونەر وەکو ئامڕاز"، کە بەم بۆنەیەوە لەسەرتاپای جیهانەوە یان وەکو بەشدار یان وەکو میوان ئامادەی ئەم فیستیڤاڵە ببوون.
شایانی باسە لێرەشدا ئاماژەی ئەوە بکەین کە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی پار 2008 بەڕێوەبەری پرۆگرامی ئینیستیتۆی گرۆتۆڤسکی لە پۆلۆنیا د. گژێگۆژ زیۆلکۆڤسکی (پرۆفیسۆری شانۆ لە زانکۆی پۆزنەن و دەرهێنەر و وەرگێڕ و نووسەری زۆربەی توێژینەوەکان لەسەر گرۆتۆڤسکی) لەتەک دوو یارمەتیدەریدا سەردانێکی تایبەتی لابۆری شانۆی لالشیان کرد بۆ شاری ڤییەنا و بەتێروپڕی باسیان لە میوانداری لابۆری شانۆی لالش کرد بۆ بەشداریکردن لە فیستیڤاڵی ساڵی گرۆتۆڤسکی لە پۆلۆنیا. لە مانگی سێ ی ئەمساڵیشدا بەمەبەستی پتەوکردنی ئەم ئاڵوگۆڕە ئەوا  پرۆفیسۆر گژێگۆژ و دوو یاریدەرەکەی لە پرۆگرامی ساڵانەی گفتوگۆی ئینتەرکلتوری لابۆری شانۆی لالشدا بوونە میوانی لابۆری شانۆی لالش لە ڤییەنا و سیمینارێکیان دەربارەی "ئایا شانۆ لابۆری پێویستە" بەڕێوەبرد لەگەڵ پیشاندانی چەندەها فلیمی دۆکومێنتاری لەسەر کارەکانی گرۆتۆڤسکی، جگەلەمەش

بەئەنجامگەیاندنی ۆرک شۆپێکی جەستەیی کە تیایدا لە لایەن شەماڵ و نیگارەوە 16 هونەرمەندی نێونەتەوەیی بۆ بەشداری کردن لەم وەرشەیەدا هەڵبژێردرابوون.
وا بڕیارە ساڵی داهاتووش یەکێک لە ئەکتەرە گرنگەکانی شانۆی لابۆراتۆریۆمی گرۆتۆڤسکی "یانۆڤسکی" و هەروەها "لودڤیک فلاژێن"  کە لە تەک گرۆتۆڤسکیدا شانۆی لابۆراتۆریۆمی دامەزراندووە و کاری دراماتورگی بۆ زۆربەی ئەزموونەکانی گرۆتۆڤسکی کردووە و پسپۆڕێکی تەواوی کارەکانیەتی، ببنە میوانی لابۆری شانۆی لالش لە ڤییەنا چەندەها سیمینار و ۆرک شۆپیان بۆ ئامادەبکرێت و باس لە یادەوەریەکانین و شێوەی کارکردنی ڕۆژانەی گرۆتۆڤسکی بکەن کە خۆیان نزیکترین کەس بوون لێیەوە، بەتایبەت ئەو شتانەشی کە تاوەکو ئێستا بە تەواوەتی باسیان لێوە نەکراوە.

## (5)

وێستگەی داهاتووی ئەزموونەکانی لابۆری شانۆی لالش جگە لە نەمسا و لە فیستیڤاڵێکی  نێونەتەوەیی شانۆ لە (سارایيڤۆ) کە لە مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵدایە، ئەوا بەشداری کردنیشە لە فیستیڤاڵێکی نێونەتەوەیی تردا بە بۆنەی ساڵی گرۆتۆڤسکی یەوە لە بولغاریا لە مانگی دوانزەی ئەمساڵدا، کە ئەزموونی "بێ سێبەر" لە وێستگەیەکی ئەزموونکاری تردا نوومایشت دەکەن. وا بڕیارە شەماڵ و نیگار لە فیستیڤاڵە نێونەتەوەییەکەی بولغاریادا لەدوای نوومایشتی پێرفۆرمانسەکەیان گفتوگۆیەکی کراوە لەگەڵ بینەراندا دەبارەی "ئەڵتەرناتیڤ، ئەڵتەرناتیڤ بەرامبەر

چی؟" بەئەنجام بگەیەنن.
جگە لەمەش شەماڵ عومەر سیمینارێکی تایبەتی لەسەر "گرۆتۆڤسکی لەدەرەوەی ڕۆژئاوا، گرۆتۆڤسکی و ڕەهەندە نادیارەکان" بەجێدەگەیەنێت کە تیایدا ئاماژە بە کاریگەری گرۆتۆڤسکی دەدات بۆ سەر بزووتنەوەی شانۆیی لە دەرەوەی ڕۆژئاوا، هەروەها ئەو ڕەهەندە سیاسیانەی کە لە پشت کاری گرۆتۆڤسکی یەوە بوون. شەماڵ لە دەرگایەکی ترەوە گرۆتۆڤسکی دەخوێنێتەوە کە "فێنۆمی گرۆتۆڤسکی بە تەنیا تەکنیکی ڕووت نیە ، ئیستاتیکایەکی ڕووت نەبووە، بەڵکو دەکرێت کۆمەڵێ ڕەهەندی سیاسی و سۆسیۆکلتوریش وەکو مۆتیڤی ئەزموونەکانی لەبەرچاو بگیرێت".

## (6)

لێرەدا پێویستە ئاماژەی ئەوە بکەین کە هەر بە گەیشتنی شەماڵ و نیگار بۆ ئەوروپا لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا خولیایەکی تایبەتیان هەبووە بۆ گەڕان بە شوێن ئەزموون و توێژینەوە و باس و خواستەکانی گرنگرتین ڕیفۆرمکارانی شانۆی هاوچەرخی جیهانی کە تاوەکو ئێستاش کاریگەری بەسەر شانۆی جیهانیەوە هەیە کە "جێرسی گرۆتۆڤسکی" یە. یەکەم هەنگاویشیان ناسینی یەکێک لە ئەکتەرە گرنگەکانی گرۆتۆڤسکی بوو لە ساڵی 1993 کە ئەویش "سیگمۆنت مۆلیک" بوو لە سەردانێکیدا بۆ ڤییەنا و بەشداریکردن لەتەکیدا لە ۆرک شۆپێکی دەنگیدا. سیگمۆنت مۆلیک جگە لەوەی ئەکتەری بەناوبانگی گرۆتۆڤسکی بووە لە قۆناغی شانۆی لابۆراتۆریۆمدا

ئەوا لە هەمان کاتدا کاری دەنگی لەلابۆرەکەی گرۆتۆڤسکی دا بەڕێوەبردووە. ئەم بەیەکگەیشتنە دەرگایەکی گەورەی لەسەر ئەم دوو هونەرمەندە کوردە کردەوە بۆ بەدەستهێنانی زانیاریەکی فراوانتر لەسەر ئەزموونەکانی ڕابردوو و هەروەها بەردەوامی گرۆتۆڤسکی. هەروەها لە سەرەتای ساڵی 1999 دا لە دوای مردنی گرۆتۆڤسکی و لە بۆنەیەکی نێونەتەوەییدا لە شاری ڤییەنا بۆ یادکردنەوەی گرۆتۆڤسکی کە تیایدا گەلێ پسپۆر ئامادەی بوون، شەماڵ و نیگار بە تایبەتی میوانداری کران و ئەکسیۆنێکی دەنگیان پێشکەش کردوو و ئاماژەیان دا بە دنیابینی گرۆتۆڤسکی دا بۆسەر کارەکانیان لە کوردستان، هەر لەویاشدا جگە لە ناسینی بەڕێوەبەری ئەو کاتەی سەنتەری گرۆتۆڤسکی، ئەوا ئەکتەرێکی تری سەردەمی شانۆی لابۆراتۆیۆمیان ناسی کە "یانۆڤسکی" هیەو تا ئێستاش ئەم پەیوەندیە بەردەوامە و ساڵی داهاتووش دەبێتە میوانی لابۆری شانۆی لالش لە ڤییەنا.

شەماڵ و نیگار ئاماژەی ئەوە دەکەن:( لە مانگی شەشی ئەمساڵدا لە شاری ڤرۆسلاڤ چەندەها ئێوارە دانیشتن و گفتۆگۆی درێژمان لەگەڵ یانۆڤسکی دا هەبووە، گەلێک باس و خواستی بەچێژی دەربارەی کارکردنی خۆی لەگەڵ گرۆتۆڤسکی بۆ گێڕاینەوە. جگە لە شێوە و تەکنیکی کارکردنی گرۆتۆڤسکی و میزاجی گرۆتۆڤسکی لەکاتی کارکردندا، چیرۆکی سەیروسەمەرەشی بۆ دەگێڕاینەوە لەسەر ئەو گێرمەوکێشانەی کە دەستەڵاتی سیاسی ئەو سەردەمەی پۆلۆنیا لەبەردەم شانۆی لابۆراتۆیۆمدا دەیاخوڵقاند، بەردەوامیش ئەوەی دووپات دەکردەوە بۆمان کە گرۆتۆڤسکی هەمیشە باوەڕی بە توانای گەنجان بووە و هەردەم

ئاماژەی بەوەداوە کە نەوەی نوێ خاوەنی شانۆی نوێن). هەر لەم پێگگەیشتنانەشدا گەورەترین ڕەخنەگری شانۆیی و توێژکاری کارەکانی گرۆتۆڤسکییان ناسی کە پرۆفیسۆر "ئۆزێنسکی" یە، ئەم نووسەرە لە یەکێک لە توێژینەوەکانی لەسەر گرۆتۆڤسکی ئاماژەی ئەوە دەکات کە گرۆتۆڤسکی لە هاوینی ساڵی 1970 دا لەیەکێک لەسەفەر و گەڕانەکانیدا سەردانی کوردستانی کردووە.
هەروەها لە ساڵی 2003 دا شەماڵ و نیگار لەتەک گروپە نێو نەتەوەییەکەیاندا لەلایەن "سەنتەری کارکردنی جێرسی گرۆتۆڤسکی و تۆماس ڕیچارد" ەوە بۆ ئالۆگۆڕی میتۆدی کارکردن هەڵبژێردران و لێرەشدا بەیەککەیشتنێکی ڕاستەوخۆ لەتەک تۆماس ڕیچارد و گروپەکەیدا ڕوویدا و ئەزموونی لابۆری شانۆی لالش بووە جێگەی سەرنج و سەرسووڕمانی شەخسی تۆماس ڕیچارد و ماریۆ باجینی و کارگێڕانی ئەم سەنتەرە.
تۆماس ڕیچارد بە ڕەچەڵەک ئەفریقیە و باوک و باپیرانی لە ئەمەریکا ژیاون و لەدایکبووی ئەمەریکایە. لە ساڵی 1985 دا پەیوەندی کردووە بەو وەرشە و سیمینارە تایبەتیەکانی گرۆتۆڤسکی لە ئەمەریکا و لە یەکێک لە پرۆگرامە گرنگەکانی گرۆتۆڤسکی دا کاری کردووە کە "کردار یان ڕووداوی فیزیکالی" یە. کاری گرۆتۆڤسکی لەسەر کردەی فیزیکالی بە هەموو شێوەیەک جیاوازە لە کارکردنەکانی ستانیسلاڤیسکی لەسەر کرداری فیزیکی.
هەر کەسێکیش بیەوێت لەم جیاوازییە بنەڕەتیە تێبگات دەبێت بە تەواوەتی توێژینەوەی هەردوو چەمکی "ئۆرگانیزم" و "ئیمپولس" بکات.

پاش ئەوەی گرۆتۆڤسکی لە پۆنتەدێرای ئیتالیا دوا سەنتەری کارکردنی خۆی کردەوە ئەوا تۆماس ڕیچاردی وەک یاریدەدەری خۆی هەڵبژارد. گرۆتۆڤسکی بەردەوام لە پانزە ساڵی پێش مردنیدا بە تەنیا لەگەڵ تۆماس ڕیچارد دا کاری کردووەو زۆربەی کارە تەکنیکیەکانی لابۆرەکەی پێ سپاردووە، هەرئەمەش وای کردووە کە گرۆتۆڤسکی چەند ساڵێک پێش مردنی ناوی سەنتەرەکەی لە "سەنتەری کارکردنی جێرسی گرۆتۆڤسکی" یەوە بگۆڕێتە "سەنتەری کارکردنی جێرسی گرۆتۆڤسکی و تۆماس ڕیچارد".

گرۆتۆڤسکی هەرلەسەرەتاوە هەوڵی داوە ئەو ڕەسەنایەتیە ئەفریقاییە لە تۆماسدا زیندوو بکاتەوە کە ئەو تا ئەوکاتەش بەو شێوە قووڵە هیچ ئینتیمایەکی پێوە نەبووە. ئەمەش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکان کە گرۆتۆڤسکی لە کۆتایی هەشتاکاندا لەگەڵ تۆماس ڕیچاردا لەسەر تەکنیکی گۆرانی ئەفرۆکارییبی کاریکردووە، وەکو ئاشکرایە کلتوری ئەفرۆکارییبی کلتورێکی بەرەچەڵەک ئەفریقاییە و ڕەسەنایەتی مرۆڤە ئەفریقیەکانە کە لەسەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا پەرەوازەی ئەو ناوچانە کراون.

هەروەها لە ساڵی 2004 دا "سەنتەری کارکردنی جێرسی گرۆتۆڤسکی و تۆماس ڕیچارد" میوانداری "شەماڵ عومەر" یان کرد لە پرۆژەیەکی نێونەتەوەییدا لە شاری نۆڤیساد لە سێربیا بۆ ئاڵوگۆڕی میتۆدی و توێژینەوە و پراکتیزەکردنی زۆربەی ڕاهێنان و مەشقە جەستەییەکانی گرۆتۆڤسکی و بینینی دوا ئەزموونەکانی ئەم سەنتەرە.

لە ساڵی 2005 یشدا دووجار نیگار حەسیب و شەماڵ

عومەر میوانداری کراون لەلایەن سەنتەری گرۆتۆڤسکی یەوە بۆ شاری ڤرۆسلاڤ لە پۆلۆنیا. لە یەکەمیاندا شەماڵ و نیگار لەتەک گروپە نێونەوتەوەییەکەیاندا میتۆدی کارکردنیان پراکتیزەکردوو و لەتەک ئەمەشدا شەماڵ عومەر سیمینارێکی تایبەتی لەسەر چەمکی ڕیتوال و پێرفۆرمانس بەجێگەیاند. هەروەها لە دووەمیاندا بەشداریبوونیان بوو لە "چواردەهەمین خولی قوتابخانەی نێونەتەوەیی بۆ شانۆی ئەنترۆپۆلۆژی" بەرسەرپەرشتی "ئۆیجینۆ باربا" کە لێرەدا لابۆری شانۆی لالش لەبواری پیشاندانی بەشێک لە ئەزموونی "وولاتێک لە خۆڵەمێش و گۆرانی" و پراکتیزەکردنی بەشێکیش لە میتۆدی کارکردنی سەرکەوتنێکی نێونەتەوەیی لەبەرچاوی بەدەستهێنا. ئەمەش بەیەکگەیشتنێکی پراکتیکی لابۆری شانۆی لالش بوو لەتەک ئۆیجینۆ باربا و شانۆی ئۆدین و ستافی قوتابخانەی شانۆی ئەنترۆپۆلۆژی.

**(7)**

لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئاماژە بە قۆناغەکانی کارکردنی گرۆتۆڤسکی بدەین:

1. قۆناغی نوومایشت (شانۆی لابۆراتۆریۆم) لە 1959 بۆ 1969.
2. قۆناغی پاراتیاتەر لە 1969 بۆ 1978.
3. قۆناغی شانۆی سەرچاوەکان لە 1976 بۆ 1982.
4. قۆناغی درامای ئۆبجێکتیڤی لە 1983 بۆ 1986.
5. قۆناغی هونەر وەکو ئامراز لە ساڵی 1986 ەوە کە دوای

مردنی گرۆتۆڤسکیش بەردەوام تۆماس ڕیچارد کاری لەسەر دەکات. ئەم دوا قۆناغەی کاری گرۆتۆڤسکی لەلایەن پیتەر بروکەوە بە Art as vehicle
ناونراوە و بە زمانی ئەڵمانیش بە Kunst als Fahrzeug دەناسرێت. شەماڵ عومەر پێشنیاری ئەوە دەکات کە دەکرێت لە زمانی کوردیدا بە "هونەر وەکو ئامڕاز" (ئامرازی گواستنەوە) ئاماژەی پێبدەین. بۆ ئەمەش ڕوونکردنەوەی خۆی هەیە.

# "یادی دامەزراندنی لابۆری شانۆی لالش" ساڵانێکی پڕ لە ئەزموونی جیهانی و گەڕان و توێژینەوەی بەردەوامی "نیگار حەسیب قەرەداغی و شەماڵ عومەر"

– بیست و دوو ساڵ گەڕان و توێژینەوەی بەردەوامی پراکتیکی و تیۆریی و ئەزموون لە هەندەران. پانزە ساڵی بەردەوام لە پشکنینی لابۆراتۆریی و خاوەنی هۆڵ و شانۆی تایبەت بەخۆیان وەکو پردێکی ئاڵوگۆڕیی نێونەتەوەیی و پرۆژەی بەردەوام لە تەک کیشوەرەکانی دنیادا . ئامادەبوون بە ئەزموون و پرۆژەی دانسقە لە زۆربەی زانکۆ و فیستیڤاڵ و کۆنفرانسە جیهانیەکاندا. ڕێچکەی تایبەتی و داهێنەرانەی خۆیان و بەدەستهێنانی گرنگترین خەڵاتی فیستیڤاڵەکان . خوێندن و توێژینەوەی زانستی لە دێرینترین زانکۆی جیهانی (زانکۆی ڤییەنا) و بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لەسەر ئاستێکی بەرز.

شایانی ئاماژەیە مەبەست لە هەموو ئەمانە پرۆژە و ئەزموونی هەردوو گەڕیدەی شانۆ و ئەزموونکارانی کورد " دکتۆر نیگار حەسیب قەرەداغی" و "شەماڵ عومەر" ن.

- نیگار و شەماڵ لە ناوەڕاستی هەشتاکانی چەرخی ڕابردووی شانۆی کوردیدا یەکێکن لە دامەزرێنەرانی ڕەوتی شانۆی ئەزموونکاری لە کوردستاندا و خاوەنی گرنگترین ئەزموونەکانی ئەو سەردەمەن کە چەندەها پرسیاری لە بارەی ئەزموون و ئەزموونکاری و نوێخوازی لە شانۆی کوردیدا وورووژاند و کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر ڕەوتی شانۆی هەشتاکان و نەوەکانی دوایش خوڵقاند کە تاوەکو ئێستاش باس و گفتوگۆ و توێژینەوەیان لە بارەوە دەکرێت.

- پاش ئەوەی "نیگار و شەماڵ" لە ساڵی ١٩٩١ دا (ڤییەنای پایتەختی نەمسا) دەکەنە پانتاییەکی تازە بۆ ژیانی هونەرییان ، ئەوا هەر لەو کاتەوە بەبێ پشوو، بەوپەڕی حەز و ویستەوە بەدووی پانتاییەکی تری ئەزموون و ئەزموونکاریی دا دەگەڕێن، بە ئەزموونە جیهانییەکان دەگەن، بە بێ ماندوو بوون دەپشکنن، سەرەڕای خوێندنی ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان لە بەغداد لە ساڵانی هەشتاکاندا، ئەوا کۆلێژی "زانستی شانۆ" و لەهەمان کاتدا کۆلێژی "سۆسیۆ کولتور ئەنترۆپۆلۆژی" لە زانکۆی ڤییەنا دەخوێنن و دەیکەنە مەبەستی سەنتەری توێژینەوەی تێزە تازەکان. لەهەمان کاتدا بە ئەنجام گەیاندنی چەندەها ئەزموونی شانۆیی لە ساڵانی (١٩٩١-١٩٩٨) بە ناوی "گروپی شانۆی ئەزموونکاری" لە ڤییەنا و شارەکانی تری نەمسا و زۆربەی ووڵاتانی ئەوروپا.

- له پاش هەشت ساڵی بەردەوام لە توێژینەوە و گەڕان و پرۆژە و پێکگەیشتن و ووردبوونەوە لە ئەزموونەکانی جیهان، ئەوا وەکو پێداویستییەکی ئەزموونکارانە "لابۆری شانۆی لالش/ سەنتەری توێژینەوەی شانۆ و پێرفۆرمانسی کلتوریی" لە کۆتایی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩٩ دا لە ڤییەنا بەمەبەستی خستنەکاری ڕەوتی داهێنەرانەی تایبەت بە خۆیان و قووڵ بوونەوە و ئەزموون و گەڕانی بەردەوام دادەمەزرێنن.

- لە ناوەڕاستی ساڵی (٢٠٠٠) وە نیگار و شەماڵ لەبەر گرنگی میتۆدی کارکردن و ئەزموونەکەیان توانیان هۆڵ و شانۆی تایبەت بە خۆیان وەکو سەنتەرێکی هەمیشەیی بۆ کاری ئەزموونکاری و توێژینەوەی پراکتیکی و تیۆریی و پێکگەیشتنی نێونەتەوەیی و دیالۆگی کلتورەکان، بە یارمەتی و پاڵپشتی دەزگا هونەریی و کولتورییەکانی وولاتی نەمسا، بەدەست بهێنن.

میتۆدی کارکردنی لابۆری شانۆی لالش:

- "دەنگ وەکو سەرچاوە"، "فیزیکالیەت و وێنەیی دەنگ لە پانتاییەکان دا"، "ئامادەگی جەستە"، "بازنەی پێرفۆرماتیڤی"، چەمکەکانی "پێرفۆرمانس" و "پێرفۆرمێر" سێنتراڵی ئەزموونە پراکتیەکیەکانی لابۆری شانۆی لالش و کاری تیۆری و توێژینەوە زانستی یەکانی "نیگار و شەماڵ" پێک دەهێنن.

تا ئێستا جگە لە نووسینی کۆمەڵێ ووتار و لێکۆڵینەوەیان لەم بابەتانە و بەشداری کردنیان لە چەندەها کۆنفرانسی

نێونەتەوەیی دا کە لەسەر پرۆژەکانی خۆیان قسەیان کردووە، ئەوا شایانی ئاماژەیە کە ماستەر و دکتۆراکەی "نیگار حەسیب" و ماستەرەکەی " شەماڵ عومەر" یش لە زانکۆی ڤییەنا لە ڕەهەندی جیاوازجیاوازەوە ئەم چەمکانەیان توێژینەوە کردووە و وەکو نموونەی لەبەرچاویش ئەمان ئەزموونەکانی خۆیان وەکو ڕەوتێکی داهێنەرانە و تایبەت بە خۆیان پراکتیکە کردووە، کە بوونەتە جێگەی گرنگی پێدانێکی زانستی و پراکتیکی.

لێرەدا بە گرنگی دەزانین جارێکی تر ئاماژەی ئەوە بکەینەوە کە خستنەکاری چەمکی "پێرفۆرمانسی ڕیتوالی" لە لای نیگار و شەماڵ بەمەبەستی بەرجەستەکردنی چیرۆکە ئەرخاییەکان و سیمبۆل و ئاماژە و کەرەستە ڕیتوالیەکانی کلتورێک لە کولتورەکان نی یە، بەڵکو ئەمانە جەخت دەکەنە سەر پرۆسەیەکی تەواو جیاواز. لە ئاماژەیەکدا نیگار حەسیب دەڵێت:
(پێرفۆرمانسی ڕیتوالی لە لابۆرەکەماندا "بەرهەمهێنانی ووزە" و "ئامادەگی جەستە لە پانتایی و کات" دا و خولْقاندنی "پانتایی پێرفۆرماتیڤی"یە، کە پرۆسەی "کۆمۆنیکاتسیۆن" و "ئاڵوگۆڕی ووزە" بە شێوەیەکی چڕ و نائاسایی فراوانتر و قوڵتر دەکاتەوە).
هەروەها شەماڵ عومەر دەڵێت:
(ئێمە بەمەبەستەوە دەڕوانینە "سەرچاوەکان" و بۆ "سەرچاوە" دەگەڕێینەوە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا پرۆسەکە کردەیەکی ئیستاتیکی یە. بۆیە دەکرێت لێرەدا خۆمان بدەین لەو کۆنتێکستانەی کە من ناویان دەنێم "ئیستاتیکای ڕیتوال و ڕیتوالی ئیستاتیکی "). هەروەها دەڵێت: ( لێرەدا پێرفۆرمانسی ڕیتوالی خولْقاندنی

پانتاییەکی تازەیە لە ئەنجامی بڕینی سنوورەکانی نێوان "ڕیتوالی ئیستاتیکی و ئیستاتیکای ڕیتوال" دا).

هەر لێرەشدا چەمکە گرنگەکانی "پێرفۆرمانس و پێرفۆرمێر" لە لابۆری شانۆی لالش دا وەکو شەماڵ عومەر ئاماژەی پێداوە بە تەواوەتی لە دەرەوەی مانا لێکسیکۆنی و گشتی یەکەیدا دەخرێتە کار کە بە شێوەیەکی ڕیشەیی و سەرتاسەر لە دەرەوەی چەمکەکانی "ئەکتەر" و "ڕۆڵ بینین" و "نوێنەرایەتی" و "دەقایەتی" و "دراماتۆرگی" و ڕاڤەی سایکۆلۆژی و هەروەها "شانۆ" لە مانا ناسراوەکەیدا دەوەستێتەوە و پراکتیکە دەکرێت.

دیسانەوە جێگەی ئاماژەیە کە شتێک نی یە لە لابۆری شانۆی لالشدا پێ ی بووترێت "قۆناغی پرۆڤەکردن". لەم بوارەشدا شەماڵ عومەر دەڵێت:
(پرۆڤە، یاخود قۆناغی پرۆڤە ئەو ساتانەن کە تۆ تیایدا خۆت بۆ پرۆسەیەک، بۆ چالاکییەک ئامادە دەکەیت و توانستە مرۆییەکانی تیا قووڵ دەکەیتەوە، بەڵام لەدوائەنجام دا خۆ ئامادەکردنە بۆ "ئێوارەیەک" یا "چەند ئێوارەیەک" و دێت و بەسەر دەچێت. کاری ئێمە پرۆسەیەکی زیندووی بەردەوامە، کاری ڕۆژانەییە، بڕینی سنووری نێوان ژیان و هونەرە. لە لای ئێمە گرنگ ڕەهەند و پانتاییە جیاوازەکانی ڕێگاکەیە، نەک بۆ ئامانجێک کە خێرا دێت و بەسەر دەچێت. بە کورتی "پرۆڤە" پەیوەندی نێوان "شەمەندەفەر" و "ویستگەکەیە". بەڵام ئێمە هەمیشە لە شەمەندەفەرەکەداین).

سەبارەت بە خستنەکاری جەستە و دارشتنەوەی جووڵە، یاخود باشترە بڵێین ئایا دەکرێ چەمکەکانی "سەما و کۆریۆگرافی" لە ئەزموونەکانی لابۆری شانۆی لالشدا ئاماژەبکرێن؟ لێرەدا نیگار حەسیب دەڵێت:

(وەکو ئاشکرایە لەمڕۆکەدا چەمکی "سەما" و "کۆریۆگرافی" چەندەها گۆڕانی فراوانی بەسەردا هاتووە، چەندەها ڕەهەند و کۆنتێکست و ڕێگا و فۆڕمی جیاواز لە خۆ دەگرێت. سەبارەت بە لابۆری شانۆی لالش ئێمە لە ئەکتسیۆن و پێرفۆرمانسی دەنگییماندا مامەڵەیەکی تەواو لەتەک "هەستەکان" دا دەکەین، ئەمەش بەو مانایەی کە پێکهاتە و بەستروکتورکردنی ئەکتسیۆنەکان بە هیچ شێوەیەک پشت بە ڕاڤەکردن و بونیادی بیرۆکە و چیرۆکەکان نابەستێت. لە ئەزموونەکانماندا "دەنگ" سەرچاوەی جوڵەیە، تەنانەت هەر "دەنگ" خۆیەتی کە ماتریال و پێداویستییەکانی نێو پانتایی دەخوڵقێنێت. واتە کۆریۆگرافی جەستەمان بەهۆی شتێک لە دەرەوەی خۆمانەوە ناخوڵقێت، بەڵکو "دەنگ" و "تۆنەکانی دەنگ" کە لە کەسی "پێرفۆرمێر"دا دەخوڵقێن، دەبنە سەرچاوەی جوڵە جەستەییەکان. لەم مانایەشدا بەڵێ ئەمەش سەمایە و جۆرێکە لە کۆریۆگرافی... کەواتە هەموو شتێک کە لە پانتاییەکەدا دەخوڵقێت، بە دەنگ و جوڵەوە، بە ڕەنگ و ڕووناکی یەوە، بە کەرەستە و ماتریالەکانەوە، تەنانەت شێوەی دانیشتن و دابەشکردنی بینەرانیش لە شوێنێکدا، هەر هەموو ئەمانە بە پێداویستییە هەستیەکانی کەسی پێرفۆرمێرەوە بەستراون).

هەر ئەمانەشە وای کردووە کە ئەم پرۆژە ئەزموونکارییەی نیگار و شەماڵ بە یەکێک لە گرنگترین ئەزموونەکان لە لایەن توێژکارانی شانۆ و ئەنترۆپۆلۆژی و ڕەخنەگران و هونەرمەندان و بینەرانەوە ئاماژە بکرێت. بۆیە ساڵانە لە دەیەها فیستیڤاڵ و کۆنفرانسە نێونەتەوەییەکان و زانکۆکانەوە بۆ ئەزموون و لابۆری کراوە و وانە و سیمینار و ۆرک شۆپی تایبەتی میوانداری دەکرێن و هەروەها کاری هاوبەشی لەتەک گرووپە شانۆییەکان و سەنتەر و لابۆرە تازەکاندا بەئەنجام دەگەیەنن.

## ئەزموونەکانی لابۆری شانۆی لالش

– هەر لە سەرەتای دامەزراندنی لابۆری شانۆی لالشەوە "نیگار و شەماڵ" لەتەک گروپە نێونەتەوەییەکەیاندا چەندەها ئەزموونی دانسقەیان لە نەمسا و وولاتانی تر بە ئەنجام گەیاندووە و تیایاندا چەندەها خەڵاتی گرنگیان بەدەست هێناوە و ئاڵوگۆڕی میتۆدیان لە تەک لابۆرە ناسراوەکانی جیهاندا بەجێ گەیاندووە و توانیویانە ئەزموونی "بێ سێبەر" شانبەشانی ناوە گرنگەکانی شانۆی هاوچەرخی جیهانی وەکو "ئۆیجینۆ باربا، پیتەر بروک، تاداشی سوزوکی، ڕیچارد شێخنەر، پینا باوش، ئەناتۆلی ڤاسیلیڤ" لە گرنگترین فیستیڤاڵی جیهانیدا کە فیستیڤاڵی "ساڵی گرۆتۆڤسی" بوو لە ساڵی ٢٠٠٩ لە لە دواهەمین لابۆری گرۆتۆڤسکی لە بژێژینکا لە پۆڵۆنیا پێشکەش بکەن. هەروەها لەتەک گرنگترین توێژەر و بیرکارانی جیهاندا لەوانەش خاتوو "ئێریکا فیشەر لیختەر" لە کۆنفرانسە نێونەتەوەییەکاندا بەشدار بن.

- لەو ئەزموونە گرنگانەی نیگار و شەماڵ کە لێرەدا ئاماژەی هەندێکیان دەکەین بریتین لە پرۆژەی "وولاتێک لە خۆڵەمێش و گۆرانی/ پرۆژەی توێژینەوەی ٢٠٠٢-٢٠٠٤" کە جگە لە نەمسا و وولاتانی ئەوروپا، ئەوا لە ساڵی (٢٠٠٢) لە ژاپۆن لە شاری تۆکیۆ و پاشانیش لە یۆکۆهاما لە ستۆدیۆی (بوتۆ دانس) ی "ئۆنۆ کازوئۆ" و بە ئامادەبووی ئەو داهێنەرە خۆی نوومایشتکراوە.
هەروەها لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی قاهیرە بۆ شانۆی ئەزموونگەری لە ساڵی (٢٠٠٤) دا سەدایەکی لە ڕادەبەدەری خۆڵقاند وکاندید کرا بۆ خەلاتی "باشترین ئینسامبڵ" ، لە ساڵی (٢٠٠٥)دا لابۆری شانۆی لالش بە پرۆژەی "سەرەتای گفت/ پرۆژەی توێژینەوەی ٢٠٠٥-٢٠٠٧" جارێکی تردەبێتەوە میوانی ئەم فیستیڤاڵە لە قاهیرە و دیسانەوە دەبێتە یەکێک لە گروپە هەڵبژێردراوەکان لە لیستی خەلاتکردن دا. دوابەدوای ئەوەش بە هەمان پرۆژە بووە میوانی فیستڤاڵی قرتاج لە تونس وچەندەها فیستیڤاڵی تر لە وولاتانی ئەوروپا. هەروەها لە ساڵی (٢٠٠٥) هەمان پرۆژە لە ئینیستیتوی گرۆتۆڤسکی لە ڤرۆسلاڤ لە پۆلۆنیا لە سەر شانۆی لابۆراتۆری گرۆتۆڤسکی لە چوارچێوەی کۆنفرانس و فیستیڤاڵی "قوتابخانەی نێونەتەوەیی شانۆی ئەنترۆپۆلۆژی" تایبەت بە ئۆیجینۆ باربا و شانۆی ئۆدین و ستافە نێونەتەوەییەکەی، نوومایشت بکەن کە بووە جێگەی تێڕامانێکی زۆر. ئەم بەشداری و ئەزموونانە وایان کرد کە لابۆری شانۆی لالش ببێتە ناوێکی تا بڵێ ی گرنگ لە زۆربەی وولاتانی جیهاندا.

جگە لەمانەش ئەزموونی "بێ سێبەر" وەکو پرۆسەیەکی بەردەوامی نێوان نیگار و شەماڵ کە دەکرێت بڵێین وەکو پرۆژەیەکی بەردەوام کە تیایدا میتۆدی کارکردنی لابۆری شانۆی لالش قوڵتر و فراوانتر دەبێت و بریتی یە لە پرۆسەیەکی گەڕانی بەردەوام کە توانستە فیزیکالی و فیزوالییەکانی دەنگ لە پانتایی دا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پراکتیزە دەکەن، ئەم پرۆژەیە لە ساڵی ٢٠٠٦ وە تاوەکو ئێستا لە ٣٠ فیستیڤاڵ و کۆنفرانس و پێکگەیشتنی نێونەتەوەیی و زانکۆکان دا لە پانزە وولات نوومایشت کراوە، باشترین خەلاتی بەکارهێنانی دەنگی لە فیستیڤاڵی میسی نێونەتەوەیی لە سارایڤۆ و خەلاتی "جاک لاکارێرە/ شانۆ وەکو دیالۆگی نێوان شارستانیەکان" لە فیستیڤاڵی "ئەکتەری ئەوروپا" لە مەکدۆنیای پێبەخشراوە، هەروەها چەندەها خەلاتی ڕێزلێنانی تایبەتی بەدەستهێناوە.

هەر شانبەشانی ئەم ئەزموونەش ئەوا لابۆری شانۆی لالش چەندەها پرۆژەی نێونەتەوەیی و ئەزموونی تری لە نەمسا و وولاتانی تردا لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە بە ئەنجام گەیاندووە، لەوانەش:( پرۆژەی نیدەرهۆف، پرۆژەی پردەکان، گۆرانیەکە گەڕایەوە، مۆنۆس-کە ئەم ئەزموونە باشترین خەلاتی نوومایشتی ڕیتوالی لە ئوردون پێبەخشرا-). جگە لەمانەش نیگار و شەماڵ چەندەها ئەزموونی گرنگیان لە نێو سروشت و شوێنە مێژوویی و دێرینەکاندا بە ئەنجام گەیاندووە، کە لەم بوارەشدا پسپۆڕن و خاوەنی گەلێک ئەزموونی دانسقەن لەوانەش (کەرەڤانە، سەمای خۆر، پرۆژەی سەرچاوە).

## پرۆژەکانی ئەمساڵی لابۆری شانۆی لالش ٢٠١٣

ئەزموونی "بێ سێبەر" لەسەر شانۆی ڕۆمانی کۆن لە ئیتاڵیا

هەر لەسەرەتای ئەمساڵەوە تا کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەر جگە لە کارکردنی بەردەوامی نیگار و شەماڵ لە لابۆرەکایاندا لە ڤییەنا ئەوا بە ئەزموون و ۆرک شۆپ و پرۆژەی نێونەتەوەیی لە زۆربەی شارەکانی نەمسا لە گەشتی بەردەوامدا بوون. هەروەها بەجێگەیاندنی ۆرک شۆپ لە فیستیڤاڵی زانکۆی فاس لە وولاتی مەغریب و "قوتابخانەی ئەکتەر" لە نوێرنبێرگ لە ئەڵمانیا. هەروەها گەشتێکی درێژخایان بە ئیتاڵیادا، کە تیایدا بۆ بەشداری کردن لە فیستیڤاڵێکی گرنگ دا کە بە "فیستیڤاڵی بەرد" ناسراوە و سەرجەمی ئەزموونەکان لە شوێنە دێرین و لە شانۆ ڕۆمانییە کۆنەکاندا نوومایشت کراون.

نیگار و شەماڵ ئەزموونی "بێ سێبەر" یان بە سەرکەوتوویی لە شاری ناپۆلی لەسەر یەکێک لە کۆنترین شانۆی ڕۆمانی کە لەسەر ڕۆخی دەریایە و هەروەها لە باکووری شاری ڕۆماش لە یەکێک لە کۆشکە کۆنەکانی سەردەنی ڕۆمانیەکان کە ئێستا بووەتە مۆزەخانە بەئەنجام گەیاند. شایانی باسە لە ساڵی (٢٠١٢) یشدا بە هەمان ئەزموون لە شاری بۆلۆنیا لە ئیتالیا لە فیستیڤاڵیکی تردا بەشدار بوون. پاش شاری ناپۆلی و ڕۆما لابۆری شانۆی لالش بۆ بەجێگەیاندنی پرۆژەیەکی هاوبەشی و بەجێگەیاندنی ۆرک شۆپێک لەتەک "سەنتەری "کەسالا دێلا

ئارتی" کە لە گوندێکی نزیک شاری ناپۆلی یە بۆ ماوەیەکی درێژ سەرقاڵی ئەزموون و کارکردن بوون و سەرەرای نوومایشتی "بێ سێبەر" و ۆرک شۆپ ئەوا سەرقاڵی پرۆژە تازەکەیان بوون کە بریتی یە لە ئەزموونی "باخچەی خەونەکان".

- پرۆژەی "باخچەی خەونەکان" تازەترین پرۆژەی لابۆری شانۆی لالشە کە ئەزموونی یەکەمی لەتەک "نیگار حەسیب" دایە و ئەزموونی دووەمی لەتەک خاتوو" جۆرجا جۆرینۆ" یە لە ئیتالیا وەکو پرۆژەیەکی هاوبەشی نێوان لابۆری شانۆی لالش و چەند سەنتەرێکی تری شانۆیی لە ئیتالیا، کە "شەماڵ عومەر" بەڕێوەی دەبات.
ئەم ئەزموونە تاوەکو ئێستا لە کاری بەردەوام و گەڕان دایە و چەندەها ئەکتسیۆنی لە مانگی مارت و مای ئەمساڵدا ٢٠١٣ لە شاری ڤییەنا نوومایشت کراوە، یەکێک لە ئەزموونەکانیشی لە نێو سروشتدا لە لایەن "نیگار حەسیب و جۆرجا جۆرینۆ" لە مانگی تەموزی ٢٠١٣ لە ئیتالیا پێشکەش کراوە. لە مانگی نۆڤێمبەریشدا لە "دووەم خولی شەوی شانۆی ئەوروپی" لە ڤییەنا لە لابۆری شانۆی لالشدا پێشکەش دەکرێت کە تاوەکو ئێستا چەندەها دەقی سەرنجڕاکێشی لە بارەوە نووسراوە.

شایانی ئاماژەیە لە هاوینی ئەمساڵەوە نیگار و شەماڵ بەشێک لە پرۆگرامی هاوینەی "زانکۆی ئینسبروک"ی نەمسا بەڕێوەدەبەن کە تیایدا لێرە بە دواوە وەکو دوو مامۆستای میوان ساڵانە سیمیناری پراکتیکی و ۆرک شۆپ و وانەی تایبەتی لەسەر

کاری "دەنگ و ووزە" و بەجێ گەیاندنی ئەکتسیۆنی دەنگی بەجێدەگەیەنن. هەروەها دکتۆر نیگار حەسیب قەرەداغیش دەستنیشان کرا بۆ سەرپەرشتی هەر تێزێکی ماستەر کە لە بواری شانۆدا تویژینەوەی لەسەربکرێت. بەشدارانی ئەم پرۆگرامە قوتابیانی خوێندنی ماستەرن و لە زۆربەی وولاتانی جیهانەوە سالانە ئامادەی ئەم زانکۆیە دەبن.

وەکو ئاشکرایە لابۆری شانۆی لالش لەسەر سیستەمی شانۆی وەرزی کارناکات، بەڵکو پرۆژە و ئەزموونەکانی لە توێژینەوە و پرۆسەی بەردەوامدایە و ڕۆژانە کاری لەسەر دەکەن.
بە پێی پلانێکی تۆکمە و داڕێژراویش لە ئێستاوە تا وەکو ساڵی ٢٠١٦ گەلێک بەرنامەی هونەریی لە تەک چەندەها فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی و پەیمانگا و ئەکادیمیا و گروپ و مەڵبەندە شانۆییەکان دا بە بەرنامە کردووە کە لە نەمسا و زۆربەی وولاتانی جیهاندا بە ئەنجام دەگەن.

**پرۆژەکانی لابۆری شانۆی لالش لە کوردستان:**

- هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم ئەزموونە دانسقەیەی هەردوو ئەزموونکاری کورد "دکتۆر نیگار حەسیب قەرەداغی و شەماڵ عومەر" ئەوا ناوەندی میدیای کوردیمان بە ڕۆژنامە و گۆڤار و کەناڵەکانی تەلەفیزیۆنی ناوخۆیی وسەتەلایتەکان و ڕادیۆکان بەردەوام چالاکی و ئەزموونی ئەم لابۆرە، کە لەسەر ئاستی جیهان پێگەی تایبەتی خۆی هەیە، بەسەرکردۆتەوە و

هەروەها پانتایی و گرنگییەکی شایستەشیان بە گەڕانەوەکانی "نیگار حەسیب" بۆ کوردستان تەرخان کردووە.

شایانی باسە "نیگار حەسیب" دوای بەدەستهێنانی ماستەرەکەی لە زانکۆی ڤییەنا پاش ماوەیەک بۆ یەکەمین جار بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە. لە ساڵەکانی( ٢٠٠٠ – ٢٠٠١ – ٢٠٠٢ – ٢٠١٠)
چەندەها وۆرک شۆپی بۆ قوتابیانی شانۆ و هونەرمەندە لاوەکانی کوردستان، شانبەشانی پیشاندانی فیلمی دۆکومێنتاری ئەزموونەکانیان و تێکڕای (١٥٠٠) وێنەی فۆتۆگرافی ئەزموونەکانی لابۆری شانۆی لالشی وەکو چەندەها پێشانگای شانۆیی نوومایشتکردووە.
شایانی باسە چەندەها سیمینار و چاوپێکەوتنی لەسەر ئەزموونەکانی لابۆری شانۆی لالش لە سەنتەرە هونەرییە و ڕۆشنبیریەکان و لە ڕۆژنامە و گۆڤار و کەناڵەکانی تەلەفیزیۆن و ڕادیۆکانی کوردستاندا و هەروەها پێکگەیشتن و ئاڵوگۆڕی لە تەک زۆربەی هونەرمەندانی کوردستان دا بە نەوە جیاوازەکانیەوە بەئەنجام گەیاندووە.

بۆ زانیاری زیاتر وبینینی وێنە و دۆکۆمێنتەکان لە سەر ئەزموونەکانی لابۆری شانۆی لالش ئەوا خوێنەران دەتوانن بڕواننە سایتی تایبەتی لابۆری شانۆی لالش و هەروەها بە تایبەتیش ئەرشیفی زۆربەی ژمارەکانی "گۆڤاری شانۆکار" و "پاشکۆی ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ" و "پاشکۆی هرز و هونەری ڕۆژنامەی خەبات".